نەخشەی ڕێگا

(کێشەی دیموکراتیزەبوون لە تورکیا و مۆدێلەکانی چارەسەری لە کوردستان)

ن: عەبدوڵڵا ئۆجەلان


منتدى إقراء الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

کێشەی دیموکراتیزەبوون لە تورکیا و
مۆدێلەکانی چارەسەری لە کوردستان

(نەخشەی ڕێگا)

ناوی کتێب: کێشەی دیموکراتیزەبوون لە تورکیا،

مۆدێلەکانی چارەسەری لە کوردستان

(نەخشەی ڕێگا)

نووسینی: عەبدوڵڵا ئۆجەلان

وەرگێڕان: گۆڤاری ڕۆژی وڵات

چاپ: تشرینی یەکەم/ ٢٠١١

تیراژ: ٢٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠

چاپخانەی: ڕەنج

کێشەی دیموکراتیزەبوون لە تورکیا، مۆدێلەکانی چارەسەری لە کوردستان

(نەخشەی رێگا)

ناوەڕۆک

وتەیەکی پێویست

خوێنەری بەڕێز، ئەم پەرتوکە کە بەناوی"کێشەی دیموکراتیزە بوون لەتورکیا، مۆدیلەکانی چارەسەری لەکوردستان"ە، وەکو نەخشە ڕێگا بۆ چارەسەری دۆزی کورد و پرسی دیموکراتیەت لە تورکیا لەلایەنی بەڕێز"عەبدوڵلا ئۆج ئالان" ڕێبەری کۆماجڤاکێن کوردستانەوە لەهاوینی"٢٠٠٩" ئامادە کراو پێشکەشی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەوڵەتی تورکیای کرد. واتە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو قۆناخەی کە حکومەتی تورکیا ناوی نابوو قۆناخی کرانەوەی دیموکراتی، بەڵام حکومەتی تورکیا بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر ئەم پرۆژەیەی رادەستی پارێزەرانی ڕێبەری کەجەکە"kck" نەکردو بۆ ڕاگەیاندنەکانیش ئاشکرای نەکرد، کە ئەمە بۆ خۆی پێشێلکردنی یاساکانی تورکیا بۆ خۆی بوو، چونکە بە پێی یاساکانی تورکیا و پێوانەکانی ئەوروپا هەرکەسێکی زیندانیکراو دەتوانێت لەڕێگەی دادگاوە بیرۆ بۆ چوونەکانی بیگەیەنێتە دەستی پارێزەرەکانی بۆ تێهەڵچوونەوەی دادگا یا خود سەبارەت بەو پرسەی کە لەسەری بەند کراوە، بەڵام تورکیا ئەم پێوانانەی پێشێل کرد.

دواتر بەهۆی فشاری زۆری گەلی کورد و پارێزەرانەوە، تورکیا ناچار بوو کە"نەخشە ڕێگا"کە بداتە دەستی پارێزەران و ئەوانیش بۆ ڕای گشتیان ڕاگەیاند. ئێمەش لەبەر گرنگی بابەتەکە و ئەو تێزەی بۆ چارەسەری پێشی خستووە بە باشمانزانی وەریگێرینە سەر زمانی کوردی و بەو هێوایەین کە هەموو لایەك سوودی لێ ببینن بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان لەسەر ئاستی کوردستان و ئێراق.

رۆژی وڵات

پێشەکی:

ئەم نەخشەی ڕێیە لەکاتێکدا پێشکەشدەکەم کە گفتوگۆکانی دیموکراتیزەبوون لە تورکیا چڕبۆتەوەو کێشەی کوردیش بنەمای ئەو گفتوگۆیانە پێکدێنێت. وەك پێویستیەکی بەرپرسیارێتی سەرشانیشم ئەو گەلاڵەنامەیە لە قۆناخێکدا پێشکەشدەکەم (لە ساڵی٢٠٠٩) کە بەڕێز عەبدوڵلا گول ی سەرۆك کۆمار بەبایەخەوە جەخت لەسەر "یان چارەسەر دەبێت یان چارەسەر دەبێت" دەکاتەوە. هەروەها بەهۆی ئەو هەڵوێستە ڕوونانەی سەرجەم دامەزراوە سەرەکییە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایشی دەوڵەتەوە پیشانیانداوە؛ لەگەڵ ئەو نرخاندن و بانگەوازیانەی بۆ من کراون پێشکەشکردنی ئەو هەڵسەنگاندنانەی بایەخدارتر کردووە.

شانبەشانی ئەو داواکارییە نووسراو و زارەکییانەی لە سەرەتای ساڵانی"١٩٩٠"دا بەڕێز تورکووت ئۆزال، لەساڵی"١٩٩٧" یشدا لەلایەن سەرۆك وەزیری ئەوکات بەڕێز نەجمەدین ئەربەکان و ئەو پەیام و زانیاریانەی لەبەشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی سوپاوە سەبارەت بەهەمان بابەتەوە دەهاتن، هەروەها ئەو چاوپێکەوتنانەی لەساڵی"١٩٩٩"دا لەقۆناخی دەستگیرکردنمدا لەکاتی لێکۆڵینەوە دە ڕۆژیەکەو دوای قۆناخی لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەندێك لەکاربەدەستان ئەنجامدران، ئەو نامەو هەڵسەنگاندنانەی بۆ هەندێك لەکاربەدەستانم ناردبوون، هەروەها لەگەڵ زیاتر ئاشکرابوونی مەیلەکانی کۆمار، کاریگەرییان لەسەر پێشکەشکردنی ئەو گەلاڵەنامەیە هەبوو.

بەشی یەکەم: دەستپێك

بە درێژایی مێژوو کێشەی دیموکراتیزەبوون لە ئارادا بووە، وەك ئەوەی زۆرجار ئاماژەی بۆ دەکرێت دیاردەیەك نییە لەگەڵ مۆدێرنیتەی ئەورووپاوە دەرکەوتبێت. چونکە مەیلە دیموکراتییەکان بەردەوام لەسروشتی کۆمەڵگاکاندا هەبووە. لەناوەڕۆکدا دیموکراسیَ

پەیوەندی بەو دەستپێشخەری، پەلامارو دیاردەی بەڕێوەبەرایەتیەوە هەیە کە لەهەر کەینونەیەکدا تێبینی دەکرێت. لەو بڕوایەدام کە ئەمە تێڕوانینێکی گەردوونییە.

لەمێژووی شارستانیەتدا بەتایبەتیش لەقۆناخی سەرەتای سۆمەریەکاندا سەلمێنراوە کە دامەزراوەی ئەنجوومەنی پێکهاتوو لەوتەبێژی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و خەڵکی شار، ڕۆڵێکی گرنگییان گێڕاوە. ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە دامەزراوە دیموکراتیەکانی دەستپێك، لەشارەکانی سۆمەر بووە نەك لەگریك ـ ئەسینا . بەپێی تێپەڕبوونی کات لەگەڵ زیادبوونی ڕۆڵ و قورسایی ڕاهیب، بەڕێوەبەرایەتی سیاسی و چەکداری لەناو بەڕێوەبەرایەتیدا، دامەزراوە دیموکراتیەکان کەوتنە پلانی دووەم و گرنگی خۆیان لەدەستدا. لەسەردەمی نەمرودو فیرعەوندا کە سەردەمی پادشا ـ خوداوەندەو هەموو کەسێك وەك" کۆیلەی خولقێنراو" وەسف و مانادارکراوە، چیتر ناشێت باس لە دامودەزگای دیموکراتی بکرێت. قۆناخی هاوشێوە لەهەموو شارستانیەتەکان جێگای باس بووە. دوا نموونەکانی چاخی یەکەمیش لەئەزموونەکانی دیموکراتی ئەسینا و کۆماری ڕۆمادا دەبینین.

هەرچەندە لە قۆناخی دەستپێکی کرستیانی، واتە ئەو سەردەمەی هێشتا ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی وەك ئایینی فەرمی خۆی قبووڵ نەکردبوو، هەروەها لە ساڵەکانی سەرەتای ئیسلامدا، هەندێك فاکتەری دیموکراتی لە چاخی ناوینـدا گرنگیشیان پێدرابێت، بەڵام بەهۆی بەهێزی نەریتی ئیمپراتۆری بەخێرایی کاریگەری ئەو فاکتەرانەی نەهێشتووەو لەمیانەی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی و وشك، درێژەی بە هەبوونی خۆی داوە. لە کیشوەری ئەورووپاش دامەزراوە نوێیەکانی شارە کە لە سەرەتای ساڵەکانی (١٠٠٠)وە دامەزران، بۆ ماوەیەکی درێژ لەڕێگای نەریتی دیموکراتیەوە بەڕێوەچوون. ئەو شارانە ماوەیەکی درێژ لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیەوە، ناچار بوون دەزگا دیموکراتی و سەربەخۆکانیان بپارێزن. لە بەرخودانی میرو کۆمەڵگا سەربەخۆکانی لادێ بەرامبەر بە ڕژێمەکانی پاشایەتی فاکتەرە دیموکراتییەکان ڕۆڵێکی گرنگییان گێڕاوە.

لە سەدەی (١٥) بەدواوە دوای گۆڕانی پاشایەتی بۆ مۆنارشی ڕەها، هەروەکو شارستانییە نەریتیەکان تا رادەیەکی زۆر دامودەزگا دیموکراتیەکانیشی لەدەرەوەی بازنەدا هێشتەوە. وەك نەریتێکی دیموکراتی تەنیا ماگناکارتا هەبوونی خۆی پاراستووە کە لە لە ساڵی (١٢١٦)دا بە فەرمی بەسەر پاشایەتیدا سەپێنرا. وێڕای ئەوەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩)دا وەك شۆڕشێکی گەل لە بەرامبەر مۆنارشی ڕەها دەستی پێکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بۆ دیکتاتۆریەتی بورژوازی گۆڕا. ئەو دیکتاتۆریەتە بەشێوەی (دەوڵەت - نەتەوە) ڕێکخستەبوو و خۆی بە دەسەڵاتێکی سەرووتر لە دەسەڵاتی مۆنارشی ڕەها پڕ چەك و تەیارکرد. لەمیانەی ئەو دەوڵەت - نەتەوە بچووکانەی لەئەنجامی سیاسەتی پەرتکە – زاڵبەی بریتانیاوە زیادیان کرد ستاتۆیەکی هاوسەنگ لە ئەوروپا هاتە ئاراوە. وێڕای سەرجەم بانگەشە لیبراڵیەکانیان، تەواوی ئەو رژێمانەی لەچوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوە بەڕێوەیان دەبردن خاوەن کارەکتەری رژێمی ئۆلیگارشی بوون کە لەلایەن چینێکی بژاردەوە بەڕێوەدەچوون. دەزگاکانی ئەو کاتەی پەرلەمان، هیچ کاتێك نەیانتوانی دەسەڵات و باڵادەستی نوخبەی ئۆلیگارشی لەناوبەرن. بێگومان ئەو دەزگا دیموکراتیانەی کە لە سەر بنەمای تێکۆشانی درێژخایەنی خەڵکی شار و گوند دامەزراون، ئەوانیش هیچ کاتێك بە تەواوەتی لەناو نەبراون. لەو سۆنگەیەوە ئەو دیموکراسیانەی تا ئەمڕۆ لە ئەوروپا بوونیان هەیە، دیموکراسیەتێکی چینایەتییە کە لە ژێر کۆنتڕۆڵی ئۆلیگارشی بورژوازیدایەو ناوەڕۆکە گەلەریەکەی سنووردارە. وێڕای ئەو هەوڵانەی دوای ساڵەکانی (١٩٥٠) لەچوارچێوەی یەکێتی ئەورووپاوە بۆ ئاواکردنی کۆنفیدراسیۆنی یەکێتی دیموکراتیك دەدرێت کە دەوڵەت - نەتەوەش دەرباز دەکات، بەڵام نەیتوانیوە پاوانی ئۆلیگارشی دەوڵەت - نەتەوەکان بشکێنێت. ئەزموونەکە گرنگە، بەڵام چانسی سەرکەوتنی مسۆگەر نییە.

وەك ئەوەی لەتەواوی جیهاندا روویداوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش کەوتە ژێر کاریگەری ئیمپراتۆریەتی بریتانیاو زلهێزەکانی دیکەی ئەوروپا کە لەسەر بنەمای شۆڕشی پیشەسازی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هەژموونگەرایی خۆی مسۆگەر کرد. ئیمپراتۆریەت کە لەسەر بنەمای نەریتی کۆنی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوین دامەزرابوو، لە

بەرامبەر پێشکەوتنی خێرای چەمکی دەوڵەت ـ نەتەوە، بۆ ئەوەی لەناو نەچێت، خوازیاربوو لەسەر بنەمای بیرۆکراتی خۆی نوێبکاتەوە و بۆ دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی ناوەندی و تۆکمەتری عوسمانی بگۆڕێت. بە توندی هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو سەرهەڵدانانەی دا کە هاتنە ئاراوە. لە ئەنجامدا پێکهاتەیەك لە ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیای ئەمڕۆ لە میراسی ئیمپراتۆریەت مایەوە کە زۆرینەی لە نەتەوەکانی تورك و کورد و گەلێك پێکهاتەی ئەتنیکی تر پێکدێت، وەك کۆماری تورکیا ئاواکراوە. لێرەدا رۆڵی بەرچاو ئیمپراتۆریەتی بریتانیا گێڕاویەتی. ئەو پێکهاتەیەی ناوی بۆرژوازی تورکی لێنرابوو و لە میللەتە جیاوازەکان پێکهاتبوو، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەشێوەی پارتی ئیتیحادو تەرەقی خۆی لەناو دەوڵەتدا ڕێکخست و لەمیانەی نەتەوەپەرستیەکی وشکەوە سەرەتا لەقۆناخی مەشروتیەتی دووەم دواتریش لە رژێمی کۆماردا بەرەو دیکتاتۆریەت رۆیشت. وێڕای هەبوونی چەند سەرکردەیەکی کاریزماتیکی وەك مستەفا کەمال بەلام دیکتاتۆریەتی ئۆلیگارشی بیروکراتی تا رۆژی ئەمڕۆمان هاتووە.بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان مەیلی راستڕەوی ـ چەپڕەوی و عەلمانی ـ ئایینی ئەو پارتە سیاسی و کۆمەڵە یاسایی و نایاساییانەی لە تەوەرەی دەوڵەتدا ئاواکراون نەیانتوانیوە ڕێگری لە کاریگەرییە دامەزراوەیی و ئایدیۆلۆژیەکانی دیکتاتۆریەتی ئۆلیگارشی بکەن . دادگایی ئەرگەنەکۆن کە لە رۆژی ئەمڕۆماندا هەوڵی بەڕێوەبردنی دەدرێت پەیوەندی بە نەریتی ئۆلیگارشی دیکتاتۆریەتی سەد ساڵەی ناو دەوڵەتەوە هەیە، لەمیانەی ئەنجامەکانیەوە دەتوانین وەك دادگاییەکی گرنگ هەڵسەنگێنرێت کە دەتوانێ چارەنووسی دیموکراتی دیاری بکات.

سەرەڕای ئەوەی دیموکراسی بابەتێکە لە سەردەمی مەشروتیەت تەنانەت لە سەردەمی تەنزیماتیشەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەلام وەك تیۆری و دەزگا پەرەی نەسەند. بەتایبەتیش "دیمۆس"ی دیموکراسی گەل بۆ بنکە شۆڕنەکردۆتەوە. بەڵکو زیاتر بۆ یارییەکی نێوان دوو گروپی هەڵبژێردراوی ئۆلیگارشی وەرچەرخاوە کە پشتیان بە بیروکراسی دەوڵەت و ئەشرافەکانی دەرەوەی شار دەبەست. لەڕاستیشدا هەر شتێك کە پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی خەڵك، لەلایەن هەر دوو گروپە ئۆلیگارشییە هەڵبژاردەکەوە

سەرکوتکران و پلیشێنراونەتەوە. لەبواری ئابووری، ئایدیۆلۆژی، سیاسی، سەربازی و کلتوورییەوە سیستەم بەشێوەیەکی تۆکمە و داخراو خۆی ڕێکخست و تا ڕۆژی ئەمڕۆمان درێژەی بە هەبوونی خۆیداوە. بەڵام پەرەسەندنی بونیادی کۆمەڵایەتی و تێکۆشانی گەلان، لە سەردەمی ئاواکردنی ئەو سیستەمە، زیاتریش لە هەلومەرجی ڕۆژی ئەمڕۆماندا بناخەکەی هەژاندووە. کێشەکانی دیموکراتیزەبوون پەیوەست بەم پێشکەوتنانەوە پەرەیسەند. لەبەر کارەکتەری داخراوی ناوخۆیی ڕژێم و ئایدیۆلۆژیا میللیگەرایی، ئایینگەرایی، ڕەگەزگەرایی و زانستگەرا پۆزیتیڤیستەکانی دیکەوە تەنانەت لە کایەی گفتوگۆشدا کێشەکان بە پێناسەیەکی ڕاست نەگەیشتن. یاساکانیش جگە لە ڕێساکانی دەوڵەت، زیاتر بەرەوپێشەوە نەچوو. هەرگیز دەرفەت بە یاساو حقوقی تاك و گەل نەدراوە. ئەو دەستورەش کە دانراوە، نەیتوانیوە خۆی لە ژێر کۆنترۆڵ و کودەتاکان ڕزگار بکات. نە ئازادییەکی شایستەی ڕادەربڕین، نە ئازادی ڕێکخستنبوون هیچیان دانیان پێدانەنراوە. ئازادی ڕادەربڕین لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکی دیاری کۆمەڵایەتی نییە، هەربۆیە نەیتوانیوە خۆی لە هێرشە هەمیشەییەکانی لەناوبردن ڕزگار بکات. کاتێك ئازادییە بنەڕەتییەکانی ڕادەربڕین و ڕێکخستنبوون دانیپێدانەنرا، لەو سۆنگەیەوەش ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی پێویست نەهاتە ئاراوە، ئازادی ڕێکخستن و خۆگوزارشتکردنی گەلان، گروپە ئایینی و چینە ژێردەستەکان پراکتیزە نەکرا کە سەرەکیترین بواری دیموکراتیزەبوونن. سەبارەت بەو بابەتە هەر مافێکی بانگەشەی بوونی دەکرێت، هەر هەنگاوێك کە دەنرێت یان هیچ کاتێك کردەیی نابێت، یاخود لەمیانەی کودەتا و یاسا برۆنزی (هێڵی سوور) یە نووسراو و نەنووسراوەکان بەربەستکراون.

ئەو یاسا برونزییە (هێڵە سوورە) نووسراو و نەنوسراوانە بە توندترین شێوە سەبارەت بە کورد و کوردستانیشەوە بەڕێوەچووە. توندترین یاساکان بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە سەبارەت بە ڕاستی کورد و کوردستان پەیرەوکران. شانبەشانی سزای جەستەیی (قڕکردن ــ کۆمەڵکوژی)، لەمیانەی بەرنامە قووڵ و بەرفراوانەکانی تواندنەوەو سڕینەوە، هەرچییەکی سەبارەت بە کورد و کوردستان لەئارادا بووبێت، یان لەڕێگای

لەناوبردن و قەدەخەکردنـەوە، یـاخود لـەپاڵ ئەمانەشـدا هەوڵـدراوە لـە نـاو ئایـدیۆلۆژیای فەرمیدا بتوێنرێتەوە و لەناو ببرێت. وەك چەندین گروپی کە لە بەرامبەر ئـەم سیاسـەت و یاسایانەوە سەریان هەڵدا، کۆمەڵێك مرۆڤ کە لـەناو نـەریتی چەپگەراییدا خۆیـان بـە نـاوی (PKK)ەوە دەناسـاند، ئـەو بەرخودانـەی لـە سـاڵەکانی (١٩٧٠)ەوە دەسـتییان پێکـردووە، لەمیانـەی قۆنـاخی جیاوازەوە، سەرباری سـەختی و بەخشـینی قوربانیـەکی زۆر، بـە سـاڵی (٢٠٠٩) گەیشـت. ئـەو بەرخودانـە لەمیانـەی ئـەو گۆڕانکاریانـەی ڕێگـای لـە بـەردەمیان کردۆتـەوە، لـە بـەرۆژەڤکردنی کێشـەکانی دیموکراسـی و گەیانـدنی بـە ئاسـتی چارەسـەری، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە.

لـە ژێـر ئـەو هەلومەرجانـەدا کاتێـك لەدەرەوە ئـەمریکا و ئـەوروپا ئـیتر وەك رابـردوو ئۆلیگارشـی داناسـەپێنن، خۆیـان لـێ دوور دەگەنـەوە و بـەهۆی ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە ژێـر مەترسـییەوە، کرانـەوەیان بـۆ چارەسـەری دیمـوکراتی، بـۆ جـاری یەکەمـە لـە هەلومـەرجی سیاسـی تورکیـا چانسـی چارەسـەری دیمـوکراتی بەرەودەسـتێنێت. لـەم چوارچـێوەیەدا پێویسـتی دەسـتورێکی مـەدەنی کـە لەسـەر بنـەمای ڕێکـەوتنی هـەموو بەشـەکانی کۆمـەڵگا بـەدیبێت سـەرەکیترین مـەرجی چارەسـەرییە. دەسـتورێك لەسـەر بنـەمای ئـازادی و مافـەکانی تـاك و کۆمـەڵگا پێشـبخرێت، لـە ڕاسـتیدا ناوەرۆکی دیموکراتی، کۆمەڵایەتی، عەلمانی و مافپەروەری کۆمار کارا دەکات و دەیخاتـە ژێـر گەرەنتیەوە.

لـەم چوارچـێوە دەسـتوورییەدا وەك کێشـە کۆمەڵایەتییـەکانی تـر کێشـەی کـوردیش دەکەوێتە سەر ڕێگەی چارەسەری. ئەو کۆمارەی کـە بـەرگی دەوڵـەت ـ نەتـەوەی وشـك خـاو دەکاتەوە، لە ئاکامی بەدەستخستنی مافی تاك و هاوبەشی کوردان، نەك تـەنیا لـە پارچـەبوون ڕزگاری دەبێت، بەڵکو کاتێك ستوونێکی دیکە قایم دەکرێت کە لـە مێـژوودا هـەر کـات ڕۆڵـی فاکتـەرێکی دامەزرێنـەری بینیـوە ئـەوا تەندروسـتتردەبێت و بـەمجۆرە بـە یـەکگرتنێکی دیموکراتی ڕاستەقینە و هەمیشەیی دەگات. لەسـەر ئـەم بنەمایـەش لـەو ترازیـدیا قـورس و

زیانە گیانی و مادییە ناکۆتاو ئێشو ئازارو فرمێسکی چاوان ڕزگاری دەبێت. بەم شێوەیەش ئاسایشی وڵات و خەڵك، گەشەسەندن و بەختەوەری هەمیشەیی دەبێت.

بەشی دووەم: چوارچێوەی زاراوەیی، تیۆری و پرەنسیپی

لە کاتێکدا لەراستینەی تورکیا بۆ دیموکراتیزەبوون و چارەسەری کێشەی کورد هەنگاو بۆ چارەسەری شیمانەکراوو پێناسەکردنێکی ئاشکرای هەندێك لەزاراوەکان دەنرێت پێویستیمان بە روونکردنەوەی ئەگەرە سەرەکیەکان، چوارچێوەی تیۆری و ئەو پرەنسیپانە هەیە کە پێویستە پێیەوە پابەندبین. لەکێشە رۆژانەیی و خولییەکانەوە تا دەگاتە کێشە بونیادیەکانەوە پێویستی بە روونکردنەوەی زاراوەی سەردەمە جیاوازەکانەوە هەیە. ئەگەر شێوازەکانی چارەسەری رۆژانەیی و خولی بونیادەکان لەخۆوە نەگرێت، دەشێت دیسان رێگا لەبەردەم دووبارە دروست بوونەوەی کێشەکان بکاتەوە. بۆ نموونە دەشێت هەندێك کێشە بەرێگای رێبەرنامەو یاساکانەوە چارەسەربکرێن، بەڵام کێشە بونیادیو دەستووریەکان لەمیانەی رێبەرنامەو یاساکان چارەسەر نابن. کێشە بونیادیەکان پەیوەندییان بەسیستەمی دەستورەوە هەیەو پێویستە لەو چوارچێوەیەدا چارەسەر بکرێن.

١. چوارچێوەی زاراوەیی

لەبەرئەوەی لەرابردوویەکی نزیکدا ناوبردنی کێشەکەش لەتورکیا هەندێك جار قەدەخەکراوە، تەنانەت کێشە لەئاستی زاراوەبوونیشدا دووچاری بنبەستبوون دەبوویەوە. زاراوەی"کورد"و بەرلەویش زۆرێك لەزاراوەکانی ئەدەبیاتی چەپ قەدەخەکرابوون. ئێستاش لەزاراوەی "کوردستان" دەترسن و لایەنە فەرمیەکانیش خۆیان لەبەکارهێنانی دەدزنەوە. لەجیاتی ئەوەی راوەستە لەسەر پێشکەوتنی زانستییانەی زاراوەی کوردستان بکرێت، دەتوانین چەندین بەڵگە بخەینەڕوو کە ئەمە

لەچۆنایەتی کارەکتەری خەڵکی هەرێمەکە بسەرچاوەدەگرێت، و بەردەوام لەلایەن بەڕێوەبەرەکانی سەلجوقی و عوسمانییەوە بە مانای "وڵاتی کوردان" بەکارهاتووە، تەنانەت لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماریشدا زاراوەکانی"نوێنەری کوردستان"، "ئەنجومەنی کوردستان"،"ویلایەتی کوردستان" لەلایەن خودی مستەفا کەمال پاشاوە بەکارهێنراوە. قەدەخەکردنی زاراوەکانی کوردو کوردستان لەسەردەمی نکوڵیکردن و ئاسیمیلاسیۆندا حەقیقەت و هەبوونەکەیان لەناو نابات. لەکاتێکدا هەنگاو بەرەو چارەسەرکردن دەهاوێژین، قەدەخەکردنی بەکارهێنانی زاراوەکانی کوردو کوردستان لەسەرەتاوە کێشەکە بەرەو بێچارەیی دەبات. هەروەها کاتێك وەك ناو بەکاردەهێنرێت و دۆخی ناپەسەندو چەوتی لێدەکەوێتەوە، شانبەشانی داوەری ئاماژەپێکراو هەندێك لایەن ڕەدی دەکەنەوە.

دیموکراتیزەبوون لەسەرووی ئەو زاراوانەوە دێت کە پێویستە بە ڕوونی و ئاشکرا پێناسە بکرێت. دیموکراتیزەبوون زاراوەیەکە لەتورکیا دووچاری زیاترین چەواشەکاری هاتووە. بەو مانایەی لەهەڵسەنگەندنەکانمدا بەکاری دێنم دیموکراتیزەبوون بنەماکەی چینایەتی نییە. سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. مۆرکی هیچ چینێك یان توێژێك هەڵناگرێت. کەمینە بن یان زۆرینە، یاخود سەر بە زمان، ئایین، ئەتنیك و نەتەوە جیاوازەکان بن، سەرجەم توێژە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن گوزارشت لەهەمان ئازادی خۆگوزارشتکردن، ڕێکخستن و مافەکانی تاك بکەن و لەبەرامبەر دەوڵەتیشدا مافەکانیان گەرەنتی بێت. نە تواندنەوەو بۆ کاریگەرکردنی دەوڵەت لەناو دیموکراتیداو نە دیموکراتیش لەناو دەوڵەتدا ڕاست نییە. چونکە ڕۆڵ و ئەرکی هەردووکیشیان لێکجیاوازە. یەکتری هاوسەنگکردنی دەوڵەت و دیموکراسی یەکێکە لە کێشە ژیانیەکانی دیموکراتیزەبوون.

دوالیزمێکی زاراوەیی دیکەی گرنگ و لەکاتی هەنگاونان بەرەو چارەسەری پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە "کۆمار و دەوڵەت ـ نەتەوە"یە. هەر کۆمارێك دەوڵەت نەتەوە نییە. بۆ نموونە کۆماری ڕۆما بەمجۆرەبوو. هەر دەوڵەت ـ

نەتەوەیەکی خۆی بە کۆمار ناوزەد بکات، ناتوانێت ببێتە کۆمار. زاراوەی کۆمار پەیوەندی بە دیموکراسیەوە هەیەو گوزارشت لەو بەڕێوەبەرێتیەی نوێنەرایەتی دەکات کە گەلیش جێگای خۆی تێدا دەگرێت و لە بژاردەی پاوانخوازی ئۆلیگارشی نائالێن. هەرچی دەوڵەت ـ نەتەوەیە هەروەکو نموونە هەرە بەرچاوەکەی لە ئیتالیای فاشیست و ئەڵمانیای نازی و ژاپۆندا بینرا، پشت بە هاوکێشەی دەوڵەت = میللەت دەبەستێت. گروپە جیاوازەکانی بەرژەوەندی و ماف و ئازادیەکانیان لەناو میللەتدا پەسەند ناکات. دەرفەت بە گروپەکانی ناو دەوڵەت و میللەت نادات ببنە خاوەن بەرژەوەندی ناکۆك و جیاواز. ئەمە لەناوەرۆکدا دیکتاتۆریەتە. رووپۆشی دیموکراسیەتی شکلی ئەو ناوەڕۆکە ناگۆڕێت. لەو سۆنگەیەوە کاتێك لە تورکیا بەرەو چارەسەری هەنگاو دەنێین، راست پێناسەکردن و تێگەیشتنی زاراوەکانی کۆمار و دەوڵەت ـ نەتەوە بایەخدارە. بۆ نموونە دەشێت کێشەی کورد لەچوارچێوەی کۆماردا چارەسەر بکرێت، بەڵام ناشێت لەناو دەوڵەت ـ نەتەوەدا چارەسەربکرێت کە بەواتای نکوڵیکردن لەکۆمار دەبەخشێت. هەروەها روونکردنەوەی زاراوەکانی "وڵاتی هاوبەش" و "میللەت" یش سەبارەت بە چارەسەریەوە ژیانییە. زۆر ئاساییە کە ئەو گەلانەی خاوەن کلتووری جیاوازن هەمان جوگرافیا بۆ خۆیان وەك وڵاتێکی هاوبەش دەستنیشان بکەن، هەر ئەمەشە کە زۆرجار لەمێژوودا بەرچاومان کەوتووە. بۆ نموونە ئەو جوگرافیایەی جاران بە ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا ناودەبراو ئەمڕۆش بەگشتی وەك تورکیاو کوردستان ناو دەبرێت، وڵاتی هاوبەشی زۆرێك لەگەلانی — تورك، کورد، ئەرمەن، ئاشوری، عەرەب، یەهوودی، کریستیان و رۆم و زۆرێك لەگروپە بە رەچەڵەك هەمەجۆرەکانە. تەنیا ناوبردنی بە وڵاتی تورك و کوردان دادپەروەرو راست نییە، کاتێك سنووری تورکیا ئەو دەڤەرانەش دەخاتە ناو خۆیەوە بەو مانایە نایەت کە بەتەنیا سەر بە ئەتنیکی تورکە.

دەشێت پێناسەیەکی هاوشێوە سەبارەت بە زاراوەی"وڵاتی هاوبەش"یش پێشبخرێت. میللەت بەتەنیا لە یەکە یەکەی هاوڵاتیان پێکنایەت؛ بەڵکو لەوەش

گرنگتر پێویستە وەك میللەتی ئەو میللەت و گەلانە دەرکی پێبکرێت کە ئەو هاوڵاتیانە ئەندامن تێیدا. ئەگەر سەبارەت بە زاراوەی "وڵاتی هاوبەش" رێکەوتن بێتە ئاراوە، ئەو کاتە میللەتی هاوبەشی تەواوی هەموو ئەو گەل و میللەتانەی لەناو ئەو زاراوەیەدان و لەچوارچێوەی سنووری هەمان دەوڵەتدا دەژین، دەبنە میللەتی هەمان دەوڵەت. وەك چۆن دەڵێین کۆماری تورکیا، ئەنجوومەنی میللەتی گەورەی تورکیا، ئەوا بێژەی میللەتی تورکیاش سەبارەت بە دیموکراتیزەبوون دەبێتە زاراوەیەکی چارەسەرئامێز.

روونکردنەوەی زاراوەی"ناسنامە" کۆمەك بە چارەسەری دەکات. ناسنامە گوزارشت لە یەکێك لە کارەکتەرەکانی پێکهاتە ئایینی، میللی، ئەتنیکی، کلتووری، رەگەزی و هتد کۆمەڵگا دەکات. بەڵام ئەوەی لەبارەی ئەو بابەتەوە گرنگە؛ ئایا ئێمە لەمیانەی چەمکێکی نەرم و کراوە هەڵوێست بەرامبەر ناسنامە پیشاندەدەین، چەمکی ناسنامەی نەرم و کراوە کۆمەکێکی مەزن پێشکەش بە رێگەچارەی دیموکراتی دەکات. هەرچی هەڵوێستی داخراو و وشکیشە چارەسەری کێشەکە زۆر سەختتر دەکات. دەشێت پەیوەندی و تێکەڵبوونی ناسنامەکان لەگەڵ یەکتری، وەك دەوڵەمەندییەك سەیر بکرێت. ئەوەی گرنگە مرۆڤ تێبگات، بەکۆتێزێك تواندنەوەی ناسنامەیەك لەناو ئەوەی تردا هەڵوێستی زۆر جیاوازو ناکۆکن.

گرنگترین مەسەلە سەبارەت بەکێشەی زاراوەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زاراوەکان نەکرێن بە تابۆ؛ چونکە ئەمە مانای پیشاندانی دیاردەیەکی کۆمەڵگایە وەك زاراوەیەکی زێدەرۆیانەو کردنیەتی بە بەهایەکی شۆفینی. بۆ نموونە کاتێك یەکێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییە ناجێگیرو دەرهەستەکانی لەجۆری وڵات، نەتەوە، ئایین و زمان...هتد. وەك بەهای دۆگماتیکی سەرەکی بسەپێنرێن، لەدژی رۆحی چارەسەری دیموکراتیانەیە.

ب . چوارچێوە تیۆری "هزری"یەکان

ڕوونکردنەوەی هەندێك چوارچێوەی هزری سەبارەت بەدیموکراتیزەبوون کۆمەك بە چارەسەری دەکات. جیاوازی کردنێکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان هزری دەوڵەت — نەتەوە و نەتەوەی دیموکراتی، فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە. دەوڵەت — نەتەوە هەژموونگەرایی هۆمۆژەنی هاوڵاتیبوونی یەك زمان و یەك ئەتنیك بەبنەما دەگرێت. هەروەها ئەو هاوڵاتییە بەهەمان باوەڕی فەرمیەوە دەبەستێتەوە و ناچاری جێبەجێکردنی هەمان سرووتی دەکات. ئەو باوەڕییەی باس دەکرێت وڵاتپارێزی نییە، بەڵکو ناسیونالیزمی شۆڤێنی و ئاینگەراییە. دەوڵەت ـ نەتەوە لەناو پەیوەندی و ناکۆکیەکانیدا جیاوازی و هەمەرەنگیەکانی کۆمەڵگا پەسەند ناکات، بەڵکو یەکرەنگی و لێکچوونی هەر گروپێك لەگەڵ گروپەکانی تر بەبنەما دەگرێت. ئاشکرایە کە ئەو تیۆریەی نەتەوە بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای فاشیزمە. هزرو تیۆری نەتەوەی دیموکرات زۆر جیاوازترە. خاوەن پێناسەی نەتەوەیەکە کە لە تاك و گروپە فرە زمان، ئایین، نەتەوە و کلتوورە جیاوازەکان پێکدێت. لێکچوونی گروپ و هاوڵاتیان بەبنەما ناگرێت. پێناسەی "دەوڵەت = نەتەوە" پەسەند ناکات. لەو بڕوایەدایە کە هەردووکیان دوو پێکهاتەی جیاوازن. دەوڵەت و دیموکراتی دوو بواری جیاوازن کە پێویستە بەهەستیارییەوە ڕاوەستەی لەسەر بکرێت. ئەوەی گرنگە پێویستە ئەو دوو بوارە دان بە ڕەوابوونی یەکتری دابنێن، هەبوونی خۆیان لەناو هاوسەنگیدا بەدەستبخەن و بیکەنە حوکمێکی بنەڕەتی دەستوور. تیۆری نەتەوەی دیموکرات هێندەی هاوڵاتی، جەماعەت، گروپ و کۆمەڵی مەدەنی بەگرنگی دژمێرێت، لە چوارچێوەی دەستووردا دان بە هەبوونەکەیان دادەنێت. لەو بڕوایەدایە کە زاراوەی هاوڵاتیبوونی "مجرد، ئەبستراکت" زیاتر چەنەبازیەکی لیبڕاڵەکانە، هاوڵاتیبوونیش تەنیا لەمیانەی ئەندامێتی گروپ، جەماعەت یاخود کۆمەڵی مەدەنی مانایەکی بەرجەستە یان کۆنکریتی بەدەستدەخات.

كێشەیەكی دیكەی گرنگی تیۆری سەبارەت بەدەستووره. پرسیاری" ئایا دەوڵەت یان تاك بەبنەما بگیردرێت"؟ لە بنچینەی هزری دەستوور پێكدێنێت، مەسەلەیەكە گفتوگۆی زۆری لەبارەوە كراوە. جیاوازیەكی زۆر لەنێوان هزری ئەو دەستوورەی كۆی ئەو ڕێسایانەیە كە دەوڵەت ڕێكدەخات، لەگەڵ هزری ئەو دەستوورەدا هەیە كە ماف و ئازادیەكانی تاك لەبەرامبەر دەوڵەت ڕێكدەخات. هەمان شت بۆ ماف و ئازادیە هاوبەشەكان"كۆلەكتیف"ەكانیش لەجێگای خۆیدایە. ئەو تیۆریە دەستوورییەی پێویستە لە هزری دیموكراتیزەبووندا بەبنەما بگیرێ، ئەوەیە كە پشت بە پاراستنی ماف و ئازادییەكانی تاك و كۆمەڵ ببەستێت لەبەرامبەر دەوڵەتدا. دەوڵەت بەو سیفەتەی دەسەڵاتێكە لە بەرزترین ئاستدا خۆی ڕێكخستووە، پێویستی بە پاراستن نییە. چونكە خۆی لەخۆیدا هەبوونەكەی گوزارە لەپاراستنی دەكات. بەستنەوەی میكانیزم و ڕێكارەكانی بە ڕێسا سەرەكیەكانەوە، پێچەوانەی هزری دەستووری دیموكراتی نییە.

خاڵێكی دیكەی گرنگی پێویستە سەبارەت بە تیۆری دیموكراتیزەبوونەوە بە باشی دەركی پێبكرێت؛ جیاوازییە گرنگەكانی نێوان تیۆری ڕێگەچارەی دەوڵەتگەرا و ڕێگەچارەی دیموكراتییانەی كێشەكانی كۆمەڵگایە. هزری دەوڵەتگەرا چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتیەكان لە بەدەوڵەتكردنی هەر شتێكەوە دەبینێت. بۆ نموونە بابەتێكی میتافیزیا و فەلسەفی وەك ئایین كەپەیوەندی بە باوەڕییەوە هەیە دەكرێت بە دەوڵەتی "دەیكاتە موڵكی دەوڵەت"، بەمجۆرەش لەچارەسەركردن زیاتر دەیكات بە كێشە. هەروەها زۆربەی كێشە ئابووری، كۆمەڵایەتی، كلتووری و نەتەوەییەكان یان بەدەوڵەت دەكرێن یاخود دەخرێنە ژێر كۆنتڕۆڵی دەوڵەتەوە و بەمجۆرە بانگەشەی چارەسەركردنیان دەكرێت. ئاشكرایە كە ئەو هزرە كێشەكان چارەسەری ناكات، بەڵكو قورسترو زیاتریان دەكات. تیۆری ڕێگەچارەی دیموكراتیانەش كۆمەڵگا بە خاوەنی كێشەكان دەبینێت نەك دەوڵەت، هەربۆیەش لە چارەسەركردنیاندا كۆمەڵگا بەبنەما دەگرێت. یەكینە پەیوەندیدارەكەی كۆمەڵگا چەندە خۆی بەئاستی ڕێكخستن و خۆگوزارشتكرنی ئازادانە بگەیەنێت، بانگەشەی ئەوە دەكات كە بەو ڕادەیە ڕێگا لەپێش ڕێگەچارەی خۆی دەكاتەوە. لەكاتێكدا هزری

دەوڵەتگەرا بەردەوام یاسا بەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان دادەسەپێنێت، بەڵام هزری دیموکراتی لەو بڕوایەدایە کە دەستپێشخەری خودی کۆمەڵگای پەیوەندیدار گرنگە و خاوەن مافیشە لەدیاریکردن و ئاواکردنی خۆیدا. پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت بەتەواوی رەتکردنەوە یان پێچەوانەکەی نابەخشێت. هەرچەندە لە پەیوەندی و ناکۆکیەکانی نێوانیان گرژیو ئاڵۆزیش بێتە ئاراوە، بەڵام لەچوارچێوەی رێکەوتن و ئاشتیدا پێکەوە ژیانیان بەبنەما دەگرێت. لەو چوارچێوەیەدا چارەسەری دیموکراتی بەئاشتیشەوە پەیوەستە. لەوانەیە هەر ئاشتیەکی کە دێتە ئاراوە لەتەوەرەی رێگەچارەی دیموکراتیدا نەبێت، بەڵام هەر چارەسەریەکی دیموکراتی راستینەی پەرەسەندنی هەر هەبوونێك زامن دەکات کە ئێمە وەك "ئاشتیەکی شەرەفمەندانە" وەسفی دەکەین. ئاشتیەکی ئابڕومەندانە لەمیانەی داننان بە هەبوون و ماف پێشکەوتنی یەکتری ئەو هێزانە بەدیدێت کەئاشتی لەنێوان خۆیاندا بەرقەرار دەکەن.

مەترسیەکی دیکەی هزری دەوڵەتگەرایی، ئەو هێزانەی لەبەرامبەر خۆشی کە بەکێشەکەوە کاریگەربوونە بەرەو دەوڵەتگەراییەوە ئاراستە دەکات، واتە وەك تاکە رێگای چارەسەری ئاواکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت. بەواتایەکیتر لەبەرامبەر دەوڵەت، بەرەو زهنیەتی دەوڵەتی دەبات. چانسی زۆری چارەسەری هزری دیموکراتی لەوەدایە کە جیابوونەوە لەسنووری دەوڵەت و هەنگاونان بەرەو دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی تر، ناکات بەپێویستی و ناچارییەك. لەبەرئەوەی دەوڵەت نییە، دەوڵەتیش بۆ خۆی بەئامانج ناگرێت، رەدی ناکاتەوە و نکوڵیشی لێناکات و چارەسەریەکی نەرم پێشبینی دەکات، چانسی مەزنی هزری دیموکراتییانەیە.

کێشەیەکی دیکەی بنەڕەتی هزری، دەربارەی تیۆری مافەکانی تاك و جڤات"کۆلەکتیف"دایە. لەو بارەیەوە گێرەشێوێنیەکی زۆر لە ئارادایە یان پێشخراوە. ئەوە بابەتێکە کە چەمکی تاکڕەوێتی لیبڕاڵی لاڕێی کردووە. تەنانەت تێگەیشتنێکی هەرە کەمی زانستی کۆمەڵناسیش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تاکەکەس کۆمەڵگاییەو کۆمەڵگاش کەسێتی یان تاکەکەسە، یەکێکیان ئەویتر لەخۆوە دەگرێت. چونکە کۆمەڵگا نەبێت تاکەکەسیش

هەرگیز ناتوانێت بژی؛ ئەگەر بۆ تەنیا هەفتەیەکیش مرۆڤێك بە تەنیا بهێڵینەوە ئەو ڕاستیە روون دەبێتەوە. هەروەها بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگاش لەمیانەی پەیوەندیو هەوڵەکانی تاکەکەسەوە پێکهاتووە پێویستی بە دانابوون نییە، بەڵکو لەمیانەی چەمکێکی هۆشمەندانە بە ئاسانی دەرکی پێدەکرێت. قورسکردنی کێشەکانیش سەرچاوەی خۆی لە ڕەدکرنەوەی مافی گروپ، جەماعەت و کۆمەڵی مەدەنی وەردەگرێت کە لیبرالیزم بە ئامانجی ئافراندنی نەتەوەی هۆمۆژەن و هاوڵاتی لێکچوو پەیرەوی دەکات. چەندەی ئازادی و مافی ئەو جڤاتانە"هاوبەشانە" کەمبکرێتەوە، چانسی زۆرترین داگیرکەری و دەسەڵاتدارێتی پاوانخوازی سەرمایەو دەوڵەت ـ نەتەوە بەو رادەیە زیاد دەبێت. باسکردنی مافەکانی تاك، بەڵام باسنەکردنی مافی جڤاتەکان و تەنانەت ڕەتکردنەوەیان پەیوەندی بە هەڵوێستی فاشیستانەوە هەیە. تا دان بە ماف و ئازادی ئەو کۆلەکتیڤایەتی "جڤات" دانەنرێت کە تاکیش ئەندامێتی، ئەوا دانان بە ماف و ئازادی تاك هیچ نرخێکی نییە. هەروەها لەلایەنی تیۆریشەوە ئەوە ئاستەمە. لێرەدا بەتەواوی یاری "عەلی جەنگیز" جێگای باسە. کاتێك دەڵێت" تۆ وەك تاك دەتوانی ئیسلام پەیڕەو بکەیت، بەڵام وەك کۆمەڵگا ناتوانیت بژیت" ئەمە هەم دیماگۆژیەتێکی فاشیستانەیە، هەمانکات فێڵبازیشە، بەدەستێك دەیدەیتیو بەدەستەکەیتریش وەریدەگریتەوە. ماف و ئازادییەکانی تاك و جڤات وەك گۆشت و نینۆك یەکتری تەواو دەکەن. بێگومان لەم بارەیەوە ڕەدکردنەوەی هەرجۆرە جەماعەتپەرستی و جڤاتپەرستیەکی نکۆڵی لەتاك بکات و هەرجۆرە تاکڕەوێتیەکیش کە جڤات و کۆمەڵگابوون ڕەتبکاتەوە، پرەنسیپی هەرە سەرەکی تیۆری ماف و ئازادیەکانی تاك و جڤاتە.

کاتێك لە چارەسەرکردنی کێشەی دیموکراتیزەکردندا چوارچێوەی تیۆری پێشدەخرێت، پێویستە زۆر بە باشی تێبگەین کە کێشەیەکی هەرە گرنگیش، سەرچاوەی خۆی لە زانستی کۆمەڵناسی پۆزیتیڤیست وەردەگرێت کە ناوەندەکەی ئەورووپا بەتایبەتیش فەرەنسایە. لەگەڵ ئەوەی بە ئەزموونی کۆماری پێنجەمیشدا دەرباز بووە، بەڵام زانستی کۆمەڵناسی پۆزیتیڤیست ڕۆڵێکی دیاریکەری لە کێشەکانی عەلمانیەت، هاوڵاتی و جەماعەت

هەیە کە ئێستاش بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، لەهەمانکاتدا هۆکاری لەدەستدانی بانگەشەی هەژموونگەرایی سەر ئەوروپاو جیهان بوو بەرامبەر بە بریتانیا. لەبەر ئەوەی کۆماری تورکیا و ئەزموونی تەنزیمات و هەردوو مەشرووتیەتەکانی پێشوتریش، ئەزموونی سێیەمینی کۆماری فەرەنسایان بەبنەما گرت، هەروەها وەك ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنیتەش پۆزیتیفیزمیان پەسەندکرد، لێکۆڵینەوەی بەشی ئەمەش لەکێشەکانی دیموکراسی کەئەمڕۆ دەگوزەرێن و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکانیان زۆر گرنگ و بایەخدارە. ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر کۆمار لەماوەی "٩٠" ساڵدا لەبواری دیموکراسیدا بەخێرایی کیسەڵیش هەنگاوی نەهاوێشتووە، ئەوا تا کاریگەریەکانی پراکتیکی ئەزموونەکانی کۆمارو تیۆری پۆزیتیڤیزمی فەرەنسا لەم لایەنەوە ڕۆشن نەکرێتەوە، دیسانیش پەرەپێدانی ڕێگەچارە سەرکەوتووەکان ڕەحمەت دەبێت و کێشە کۆنەکانیش بەردەوام دەبن. باس لە ڕەتکردنەوەی هەموو کاریگەریەکانی ئەزموونی پۆزیتیڤیزم و کۆمارگەرایی فەرەنسا ناکەم، بەڵام ئەگەر سوود لەشۆڕشە زانستیەکان و پێشکەوتنە مەزنەکانی تیۆری دیموکراسی دوای ساڵانی"١٩٥٠" وەرنەگرین و کاریگەرییە خراپەکانی تێنەپەڕێنین، ئەوا ناتوانین بە باشی چانسی دیموکراتیزەبوونی مەزن و ئازادی رامان بەکاربێنین.

کاریگەریەکانی فەرەنسا لەلایەنی تیۆری و پراکتیکیدا، بۆ ڕۆژی ئەمڕۆشمان گرنگیەکی مەزنی هەیە و پێویستە شیکار بکرێت. هەروەکو دەزانرێت زانستی کۆمەڵناسی تەوەرەی ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا رەخنە دەکرێت. چەندەی دەچێت رووپۆشی ڕۆهەڵاتناسی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین دادەماڵرێت. بەکورتی دەمەوێت بڵێم؛ لەو بڕوایەدانیم لەمیانەی فەرامۆشکردنی بەها کلتوورییە سەلمێنراوەکانی "١٥٠٠٠" هەزار ساڵەی خۆرهەڵاتی ناوین، بەتایبەتیش ئەو بەها کلتووریانەی ماوەی "٥٠٠٠" هەزار ساڵی دوایی پێشەنگایەتی شارستانیەتی ناوەندی کردووەو تواناکانی چارەسەرییان پشتگوێ بخەین، ناتوانین لە ڕێگای کلتووری مادیگەرایی قەبای پۆزیتیڤیست مانا بە کێشەکانمان و کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بدەین و چارەسەریان بکەین. ئەو چارەسەریانەی لەمیانەی بەبنەماگرتنی ئەو کلتوورە دێنە ئاراوە، لەوانەیە ڕێگا لەپێش

بونیادی نەخۆشتر بکاتەوە. هەنگاوی ڕاست ڕزگاربوونە لەهەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژی تەوەرەی ئەوروپاو بە ڕۆژەڤکردنی بەها مرۆڤایەتییە شکۆدارەکانی دابونەریتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵات و هەڵوێستەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگایە. ئەگەر باسی مۆدێلێکی تورکیا یان ڕۆژهەڵاتی ناوین بکرێت، زۆر ئاشکرایە کە پێویستە ئەو مۆدێلە سەرچاوەی خۆی لەو ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە شکۆدارەوە وەربگرێت.

یەکێك لە ئەنجامە هەرە گرنگەکانی فەلسەفەی پۆزیتیڤیستیش، بەپێچەوانەی بانگەشەکانیەوە، کارەکتەرێکی هەیە کە ڕێگا لەبەردەم وشکترین شێوەی دۆگماتیزم دەکاتەوە. لەژێر ناوی زانستدا دۆگماتیزمی مۆدێرنیتەی ڕەوا کردووە، ڕێگا لەبەردەم فاناتیزم"دەمارگیری"یەکی باوەڕی لەئایین توندتر کردۆتەوە. بۆ نموونە ئەو مانایانەی کە لە زاراوەکانی نەتەوە، وڵات، دەوڵەت، چین و کۆمەڵگاو...هتد بارکراون زۆر لەو مانایە مسۆگەرترە کە لە زاراوەی خودا بارکراوە. بەمجۆرەش ئەو زاراوانە بەشێوەیەکی بەهێزتر لەخوداوەندەوە لەمیانەی پیرۆزی و کارەکتەری ئیلاهییەوە شکۆدار دەکرێن. لەو سۆنگەیەوە هەم ئەو زاراوانە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستدەدەن، هەم دەگشتێنرێن و چوارچێوەی حەقیقەت لەبەین دەبەن. سۆبژەکتیڤیزم لە ئۆبژەکتیڤیزم زیاتر بەرەو دۆگماتیزمی مەترسیدار دەچێت. ڕاستینەی شەڕی"٥٠٠" ساڵی دوایی جیهان و شەڕەکانی دونیای ڕۆژی ئەمڕۆمان کە لەزۆر لایەنەوە بە ئاستێك گەیشتووە چیتر بەرگەی ناگیرێت لەنزیکەوە پەیوەندی بەماتریالیزمی پۆزیتیڤیستەوە هەیە.

کاتێك دەڵێن لەدۆگماتیزمی سۆبژێکتیف ڕزگار ببین، ئەوا دۆگماتیزمی ئۆبژێکتیف هەڵنابژێرین. پێویستە ڕزگاربوون لە هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژیای ڕۆژئاوا هەوڵ و کاری لەپێشینەمان بێت. تەنیا ئەوکاتە دەتوانین کێشەکانی کۆمەڵگا و لە هەمووشیان گرنگتر کێشەی دیموکراتیزەبوون، بەگوێرەی سروشتی کۆمەڵگای خۆیەوە بکەینە ڕۆژەڤ. تەنیا کاتێك دیموکراتیزەبوونی هەمیشەیی، لەناو ئازادی ڕامان و بەگوێرەی سروشتی کۆمەڵگاکەیەوە گفتوگۆ بکرێت، چارەسەری خۆی دەدۆزێتەوە. ئەو میراسە کلتوورییەی جەمسەرێکی شکۆدار پێکدێنن لەسەرووی هەمووشیانەوە کلتووری ئیسلامی لەمیانەی

زاراوەو تیۆریەکانی تەوەرەی ئەوروپا رۆژانە ناکرێتەوەو شیکاری بۆ ناکرێت. کردارەکانی نۆریانتالیست "رۆژهەلاتناسی" کانی ئەو "٢٠٠" ساڵەی رابردوو، بەپێی پێویست ئەو راستییەی سەلماندووە. هەروەکو چۆن بە تەنیا ناکۆکی عەرەب ـ ئیسرائیل پیشانیدەدات کە ج جۆرە بێچارەییەك لە ئارادایە، ئەوا دەشێت زاراوەکانی عەرەب و ئیسرائیل"زاراوەی نەتەوەی پۆزیتیڤیستە" وەك نموونەکانی ئەو بەڵگاندنە بخەینەڕوو کە هەریەکەیان چۆن بوونەتە میکانیزمێکی بەرهەمهێنانی کێشە، چەندە ماناو راستی لە عەرەبێتی و ئیسرائیل باربکەیت، بەو رادەیە کێشەکە بە بنبەستبوون دەگەیەنێت. لەبەر ئەوەی هەم زاراوەی عەرەب هەم ئیسرائیلیش، ئەو راستییە لەخۆوە ناگرێت کە باسی لێوەدەکرێت، هەربۆیەش گوزارشت لە حەقیقەتەکە ناکات.

دەشێت پەیڕەوێکی هاوشێوە سەبارەت بە دەستەواژەی تورك و کوردیش پێشنیار بکرێت. چەندە راستی لە زاراوەکانی تورك و کورد باربکرێت، ئەوا رێگا لەپێش سەختبوونی ئەو کێشانە دەکاتەوە کە لە دەوروبەری ئەو زاراوانەوە پێکهاتوون. لەکاتێکدا دەستەواژەکانی کورد و تورك واقیعێکی سەدەی دواپین کە وەك دیاردەیەکی لاواز هاتوونەتە ئاراوە، لە دۆخێکدا پێویستە لاوازبن، بەلام بەپێچەوانەوە چونکە بۆ ئاستی حەقیقەتی زلکراو شکۆدارو بەرزکراوەتەوە، رێگایان لەپێش کێشەگەلێك کردۆتەوە کە بەرگەیان ناگیرێت. نەتەوەپەرستی (ناسیۆنالیزم) بەو سیفەتەی ئایینێکی پۆزیتیڤیستە، لە ئایینە نەریتیەکان زیاتر کێشەکانی کۆمەلگای سەختتر کردووە. بەکورتی بەو رادەیەی هزرو تیۆری دیموکراتیزەبوون لە دۆگماتیزمی سۆبژەکتیف و ئۆبژەکتیف رزگاری ببێت، دەتوانێت کۆمەك بە چارەسەری واقیعی بکات.

بابەتێکی تریش کە پێویستە لەچوارچێوەی هزریدا بەدەست بگیردرێت، پەیوەندی نێوان مێژوویبوون و "هەنووکەییبوون" رۆژانەییبووندایە. دۆگماتیزمی سۆبژەکتیف کەئیلهام لەپۆزیتیڤیزمەوە دەگرێت، زۆرترین کاریگەری خۆی لەسەر مانای نێوان مێژوو و هەنووکەدا دیاریدەکات. یان ئەوەتا ئێستا "هەنووکە" وەك کەڵەکەبوونێکی چەندایەتی دەتەرمینیستی وشکی مێژوو پەسەند دەکات، یان ئەوەتا مێژوو بە کەڵەکەبوونێکی

چەندایەتی ڕابردووی تایبەت بە هەنووکە لە قەڵەمدەدات. لەڕاستیدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان مێژوو و هەنووکەدا نابینێت. لەو سۆنگەیەوە نکوڵی لە مێژوو دەکرێت. وتەی ئێستا چیبێت مێژووش ئەوەیە" تۆپەڵێك چەوتی و هەڵەی زۆر خراپ پێکدێنێت. چونکە بونیادنانی پۆزیتیڤیستانەی هەنووکە لە"٩٠٪"ی لەسەر نکوڵیکردنە لە حقیقەت. ڕەنگدانەوەی لە مێژووشدا یان لەئاستی هەرە ژووردا بەرەو نکوڵیکردن دەچێت یان بەپێچەوانەوە زێدەڕۆیی لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

هەڵوێستی ڕاست لەوەدایە؛ لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە دەستنیشان بکرێت کە مێژوو چۆن هەلومەرجەکانی ڕۆژی ئەمڕۆمان /هەنووکە/ ی دیاریکردووە. هیچ کێشەیەکی کۆمەڵگا دابڕاو لەمێژوو یان بەپێچەوانەکەی تاوتوێ ناکرێت و شیکارنابێت. ناتوانین باسی ئێستایەك بکەین کە ڕەنگدانەوەی مێژووەکەی نەبێت. چەندە لەمێژوودا گەڕان بەدوای هەنووکەدا ڕێبازێکی ڕاست بێت، ئەوا کەمێکیش لەئەمڕۆدا گەڕان بەدوای مێژوودا ڕێبازێکی ڕاستی بەدواداچوونە. بەڵام ناشێت ئەنجامی"مێژوو = ئێستا" لەمەدا بەدەست بخرێت. مسۆگەرە کە هەلومەرجی یەکتری دیاردەکەن. هەڵوێستی مەترسیدار لەوەدایە پێوەندگێکی ڕاست بۆ ئەو خاڵە نەکرێت و هەردووکیان هاوتا بکرێن. لەدۆخێکی بەمجۆرەدا ملکەچی بۆقەدەر دەکرێت و لەحاڵەتێکی وەهاشدا پێویستی بە تێگەیشتنی کێشە نامێنێت و چانسی چارەسەریش فەراهەم نابێت. بەو مەرجەی لە حەقیقەتە مێژووییەکاندا بەدوای هەلومەرجەکانیدا بگەڕێین دەشێت "ئێستا" وەك دەرفەتێکی ئازادی و چارەسەری ببینین. چەندە بینینی هەلومەرجەکانی کارلێکردنی نێوانیان گرنگ و پێویست بێت، ئەوا بینینی جیاوازیەکانی نێوانیشیان ئەوەندە ڕاستە و کۆمەك پێشکەش بە چارەسەری دەکات.

پێویستە کۆمەکی هەرە دواییش سەبارەت بە ڕەهەندی هزری لەو تێڕوانین و کردارانە بەدوایدا بگەڕێین کە لەتەوەرەی ئایین و ئەخلاقدان. چارەسەرکردنی دیموکراتیزەبوون بەتەنیا لەچوارچێوەی هزری سیاسیدا نە دادپەروەرانەیەو نە ویژدانیشە. چونکە کۆمەڵگا تەنیا ڕاستینەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕاستیەکی ئەخلاقی و ئایینیشە. ئایین و ئەخلاق

دامەزراوێکن بە هەزاران ساڵە راوەستەیان لەسەر کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایانە کردووە کە جێگای خۆی تێدا دەگرن وچارەسەرییان بۆ دۆزیونەتەوە. بێگومان فەرامۆشکردنی ئەو دامودەزگا مێژوویی و دەستلێبەرنەدراوانەو پێشنەخستنی ئەنالیز، بەتەنیا لەمیانەی راستینەی ئابووری و سیاسی و چارەسەری ئافراندن، راستیەکی حاشا هەڵنەگرە ناتەواو دەبێت و بۆ هەڵەو کەموکوڕیش کراوە دەبێت. بەمجۆرە لەکاتێکدا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدرێت. لەلایەکی تر ڕێگا لەبەردەم سەختکردنی کێشەکان دەکرێتەوە.

یەکێك لەکاریگەرە رووخێنەرەکانی پۆزیتیڤیزم لەسەر کۆمەڵگا، کەمکردنەوەی رۆڵی حەقیقەتی ئایین و ئەخلاقە لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا بۆ نزمترین ئاستەوە. داوەریەکانی ئایین و ئەخلاق، ئەنجامی شیکارو چارەسەریەکانی پێوەری ویژدانی و دادپەروەری پاڵاوتەی ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکەی هەزاران ساڵەی کلتووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوینە. بەو دۆخەیەوە هانا بۆ بردنی مەرجە. کاتێك ئۆریانتالیزم "رۆژهەڵاتناسی" رێگاچارە باوەکانی رابردوو بێکاریگەر دەکات، فشاری دەسپۆتیزمی لەسەر کۆمەڵگا زیادکردووە، کێشە دیموکراتیەکانی سەختترکردوون. ئەگەر داوەری ویژدان نەبێت، ژیانی کۆمەڵگاش بەردەوام نابێت. تەنیا لەمیانەی هەڵوێستە دەترمینیست، ئیکۆنۆمیست ودەسەڵاتخوازەکانی سەرمایە کە تەنیا بۆ لێکدانەوە سەهۆڵئاساکان بچوککراوەتەوە تەنیا ڕێگا لەبەردەم رەوشی گێژاو دەکاتەوە کە سنوورەکانی تێپەڕاندووە، ئەو راستییەی کە دەگوزەرێت بەشێوەیەکی گشتی بەمرەنگەیە.

لەچارەسەری دیموکراتییانەی کێشەکانی کۆمەڵگادا کە گەیشتۆتە ئاستێکی هەرە مەزن، گەڕانەوە بۆ دادپەروەری و ویژدان، بەهادارەو بژارێکی دەستلێبەرنەدراوە. بۆ نموونە بە ئامانجی دەربازکردنی ئەو ترازیدیانەی گەلانی وەك ئەرمەنی و ئاشووری دووچاری هاتوون، تواناو هێزی ئابووری و سیاسی - سەربازیان دەست نادات. تەنیا لەمیانەی گەڕانەوە بۆ داوەرییە عادیل و ویژدانیەکانی ئایین و ئەخلاقی کلتووری ناوچەکەوە دەتوانرێت یارمەتی ئەو گەلانە بدرێت تا ئەو ترازیدیایانە دەرباز بکەن کە لە ئەنجامی

کەوتنە تەڵەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە تووشی بوون کە بە درێژایی مێژوو لە کلتووری خۆرهەڵاتی ناویندا جێگای نەبۆتەوە.

ج - چوارچێوەی پرەنسیپیەکان:

پێویستە چوارچێوەی پرەنسیپی گرێدراو بە چوارچێوەی هزرییەوە پێشبخرێت. جگە لە ڕۆژانەیی و کۆنژەکتۆری ئەو ڕێگەچارە دیموکراتییانەی پێشدەخرێن بونیادیبوونیان هەمیشەییبوونیشیان لەگەڵ خۆیدا دێنێت. پێویستە چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ ڕۆژئاواکردن نەبێت، بەڵکو یان خزمەت بەرزگارکردنی سیستەم بکات، یان بۆ سەرلەنوێ ئاواکردنەوە بێت. دەوڵەتی کارگوزاری و سەقامگیری هەمیشەیی کۆمەڵگا ئەمجۆرە چارەسەرییانە دەکەن بە پێویستییەك. بەگوێرەی ئەوەی دیموکراسی سیستەمێکی کۆمەڵگا و دەوڵەتە، پێویستە هەنگاوەکانی دیموکراتیزەبوونیش سیستەماتیك بێت. ئەو پرەنسیپانەی دەتوانین زیاتریشی پێشبخەین و ڕیزبەندیان دەکەم، لەو بڕوایەدام کە کەمترین مەرجەکانی چوارچێوەیەکی هەمیشەیی سیستەمی دیموکراتی پێکدێنن.

١. پرەنسیپی نەتەوەی دیموکرات:

نەتەوەبوون کە بەدیهێنەری یەکبوون و یەکپارچەییە لەجیاتی دەوڵەت - نەتەوە پێویستە وەك نەتەوەی دیموکرات ئاوابکرێت یان ئەو نەتەوانەی هەن وەرچەرخان بەرەو نەتەوەی دیموکراتی بکەنە ئامانجی خۆیان. دەشێت چەمکی نەتەوەی نەرم و ناسنامەی کراوە سەرەتایەکی باشی ئەو ئامانجە بێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو نەتەوەیەی چوارچێوەی یەکگرتن پێکدێنێت لەمیانەی فشارو توندوتیژی دەسەڵاتەوە ئاوا نەکرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئارەزوومەندی دیموکراتی یان لەڕێگای وەرچەرخانەوە پێکبهێنرێت. لە نەتەوەی دیموکراتیدا ماف و ئازادیەکانی تاك و

هاوبەش"کۆلەکتیف"، وەك دوو ڕووی مەدالیایەك یەکتری تەواودەکەن. تەنیا هاوڵاتی لەخۆوە ناگرێت، بەڵکو بەسیفەتی یەکینەی کۆلەکتیف گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، جەماعەت و گەلانیش وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دەبینێت. هەرچەندە هاوڵاتییان ببنە فاکتەری جڤاتێکی کاراو کاریگەر، بەو ئەندازەیە پێگەیەکی بەهێز بەدەست دێنن.

٢. پرەنسیپی نیشتیمانی هاوبەش "وڵاتی دیموکراتیك":

پێویستە چەمکی وڵاتی هاوبەش "وڵاتی دیموکراتی" بەبنەما بگیردرێت. واتە لەجیاتی وڵاتی تاکە ئەتنیك و تاکە زمانێك، واقیعیترین چەمکی وڵات ئەوەیانە کە لەهاوڵاتیانی فرە زمان، فرە نەتەو و فرە ئایین پێکدێت. بەمجۆرەش زیاتر پێشوازی لە یەکگرتن و برایەتی دەکات و لەناو کەشوهەواکەیدا دەژیت. چەمکی وڵاتێك کە تەنیا هەستی موڵکایەتی ئەتنیکێك دەخاتەروو زۆربەی زۆری هاوڵاتیان دەکات بە نەویتر. ئەم ئەویتربوونەش پەرە بە جەمسەرگەرایی دەدات و لەبنەڕەتدا چەمکێکە ڕۆڵی جوداخوازی دەبینێت. ئاشکرایە کە چەمکی هاوڵاتیبوونی لەهەمان تۆڕنە دەرکەوتوون، سەرچاوەی خۆی لەفاشیزمەوە دەگرێت. هەمەڕەنگی گوزارشت لە دەوڵەمەندی سروشت و کۆمەڵگا دەکات. پێویستە هەستی وڵاتپارێزی بەشێوەی پابەندبوون بەخاك، ژینگەپارێزی و پێشکەوتن بەرجەستە بکرێت نەك بەشێوەی شۆڤینیزم و نەژادپەرستی.

٣. پرەنسیپی کۆماری دیموکراتی:

شرۆڤەکردنی شێوەی دەوڵەتی کۆمار بە دەوڵەت ـ نەتەوە، بە تایبەتیش دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی وشك فاکتەرێکی دیکەی نەویترکردنە. باشترین سیستەمی دەوڵەت بۆ

کۆمار دەوڵەت ـ نەتەوە نییە، بەڵکو دەوڵەتی دیموکراتییە. ناشێت دەوڵەتێك هەم دەوڵەت ـ نەتەوە بێت هەم دەوڵەتێکی دیموکراتی. چونکە ئەو دوو سیفەتە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکن. دەوڵەتی دیموکراتی ئەو دەوڵەتەیە کە بۆ سیستەمی دیموکراتی کراوەیە و لەگەڵیدا ڕێك دەکەوێت. دەوڵەت ـ نەتەوە ئامانجێکی بەو شێوەیەی نییە، بەپێچەوانەوە کۆمەڵگای دیموکراتی لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە. پرەنسیپی ڕێگەچارەی دیموکراتی لەگەڵ کۆماردا دەگونجێت، بەڵام ناتوانێت هەمان ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەت ـ نەتەوە ئەنجامبدات. ئەوەی گرنگە کۆمار وەك ڕێکخستنێکی چەترئاسای دیموکراتیزەبوون ببینرێت و لەو چوارچێوەیەدا ئاوابکرێت. بە ئایدیۆلۆژی نەکردنی شێوازی دەوڵەت یان کۆمار، هەروەها گرێنەدانی بەئەتنیکێك یان ئایینێکەوە بۆ ڕێگەچارەی دیموکراتی گرنگە. پێشخستنی پێناسەیەکی حقوقی بۆ کۆمارو دانانی بە ڕێکخستنێکی چەتر ئاسای دیموکراتییانەی سەرجەم هاوڵاتیان لەجێی خۆیدایە. واتە پێناسەکردنی کۆمار وەك ڕێکخستنێکی حقوقی دیموکراتییانەی سەرجەم هاوڵاتیان زۆرگرنگە. بەم ڕەنگە بەشێوەیەکی گەوهەری پێناسەکە پرەنسیپی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپی عەلمانیەتیش لەخۆوە دەگرێت. تەنیا کاتێك بەمجۆرە بە ڕوون و ئاشکرایی کۆمار پێناسە دەکەین بە ئەتنیکێك، ئایدیۆلۆژیایەك یان ئایینێکەوە نایبەستینەوە. بۆ نموونە بەبێ پێوەلکاندنی دەستەواژەکانی تورك و کورد کە گوزارە لە نەژادو ئەتنیك دەکەن و سیفەتە ئایدیۆلۆژیەکانی دیکەی وەك ئیسلامیەت، مەسیحیەت و سوننیبوون، ئەوا گوزارشتی کۆمار فراوان و یەکگرتوو دەبێت.

٤. پرەنسیپی دەستووری دیموکراتی:

لەگەڵ ئەوەی دیموکراتیزەبوون بزووتنەوەیەکی سیاسییە، بەڵام تا ئەوکاتەی بەدەستورێکەوە پابەند نەکرێت کە لەمیانەی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵگاوە سازکراوە، نابێت بە ڕژێمێکی بەڕێوەبەرایەتی سیستەماتیك و هەمیشەیی. دەستووری

دیموکراتیش، گوزارشت لەرێکەوتنی کۆمەڵگای دیموکراتی و دەوڵەت دەکات. ماف و ئازادیەکانی تاکیش، تەنیا لەمیانەی کۆمەڵگای دیموکراتیەوە مانادار دەبێت. لە دۆخێکی پێچەوانەدا ناتوانرێت پاراستنی ئەو مافانە بکرێت لەبەرامبەر دەوڵەتدا کە بریتییە لە چڕبوونەوەی هێزێکی زەبەلاح. بۆ ئەوەی دەوڵەتیش وەك دامەزراوێك نەبێت کە بەردەوام سەرچاوەی کێشە و ئاستەمکردنیان بێت، بەڵکو ببێتە بوارێکی کەڵەکەکردنێکی ئەزموون و شارەزایی دەستووری دیموکراتیك ئامرازێکی دەستلێبەرنەدراوە. دەستووری دیموکراتی بەو کارەکتەرەی کە دەوڵەت کارا دەکات و لەدۆخی کەڵەکەکردنی شارەزایی و ئەزموونیدا دەهێڵێتەوە ڕۆڵی ئەو کەتیرەیە دەبینێت کە کۆمەڵگاو دەوڵەت بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٥. پرەنسیپی چارەسەری دیموکراتی:

پرەنسیپی چارەسەری دیموکراتی، مۆدێلێکی چارەسەرییە کە دەوڵەتبوون ناکاتە ئامانج، پاشکۆی دەوڵەتیش نییە، بەڵکو دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی واتە کۆمەڵگای دیموکراتی بەبنەما دەگرێت. لەجیاتی ئەوەی لەبونیادی دەوڵەتدا هەوڵی گۆڕانکاری شێوە سەرەکیەکەی بدات، ڕوو لەو ڕێگەچارانە دەکات کە لە بونیادی کۆمەڵگادا بەدوای سیستەمێکی دیموکراتیدا دەگەڕێت. سەبارەت بەدەوڵەتیش تەنیا داوای دەستوورێکی دیموکراتی لێدەکات. هەڵبەتە بۆ نووسینی دەستوورێکی دیموکراتی پێویستە هەوڵە پراکتیکی و تیۆریەکان دڵنیاکەربن، ئەو دەستوورەش لەدەوڵەت زیاتر، پێویستە دڵخۆشی و ئاسوودەیی کۆمەڵگا بەبنەما بگرێت. داسەپاندنەکانی ڕێگەچارەی دەسەڵاتگەرێتی ـ دەوڵەتگەرێتی لەدژی پرەنسیپی چارەسەری دیموکراتییە. وەك پرەنسیپ چارەسەری دیموکراتی سەرقاڵی بەشینەوەی دەسەڵات نابێت، تەنانەت لەدووری دەسەڵات دەوەستێت. چونکە چەندەی دەسەڵات قاڵبێتەوە دووری دیموکراسی دەکەوێتەوە. ئەگەر تەنیا بەناوی حکومەت و دەوڵەتەکانەوە کۆمەڵگاکان ڕێکبخرێن،

ئەو سیستەمەی دێتە ئاراوە دژە دیموکراسی دەبێت. چونکە هێزە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا نەخراونەتە ناو ئەو کارەوە. ئەگەر ئەرکپێدانی کاربەدەستانی دەسەڵات و حکومەت بەلایەنی ئەرێنیەوە بێت، لەوانەیە رێگا لەبەردەم دیموکراتیزەبووندا بکاتەوە، بەڵام خودی دیموکراتیزەبوون فەراهەم ناکات. ناشێت ئامانجەکانی چارەسەری دیموکراتیش، دابەشکردنی توانستەکانی دەسەڵات یان دەوڵەت بێت. ناشێت خۆ بە دەوڵەتەوەگرتن و پێکهێنانی جەمسەرێکی دەوڵەت ئامانجی رێگەچارەی دیموکراتی بێت.

خاڵی سەرەکی پرەنسیپی چارەسەری دیموکراتی، لەوەدایە کە بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی دەزگاکانی دیموکراتی و دەزگاکانی دەوڵەت دەخاتە ژێر گەرەنتی دەستووریەوە. رەوابوونێکی یاسایی لەنێوان بوونی هەردوو دەزگادا جێگای باسە. هەبوونی خۆیان بەنکوڵیکردن لەیەکتری نابەستنەوە. نە بەناوی دیموکراسیەوە پێویستی بە لەناوبردنی دەوڵەت هەیە، نە بەناوی دەوڵەتیشەوە پێویستی بە توانەوەی دیموکراسی هەیە. ئەو بەناویەکداچوونە زێدەرۆییەی لەسیستەمی رۆژئاوا لە ئارادایە رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کە لەناو دەوڵەت ـ نەتەوەدا دیموکراسی بۆ دامەزراوێکی رووکەشی بگۆرێت. کێشەی هەرە رۆژانەیی دیموکراتیزەبوون، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پێکەوە ژیانی ئەودوو دامەزراوەیە بە مەرجێك تێکەڵبوونەکەیان دەرباز بکات. وەك چۆن سنووردارکردنی دەوڵەت لەلایەن دیموکراسیەوە پرەنسیپێکی دەستلێبەرنەدراوە، دەوڵەتیش وەك هێزێکی بەئەزموون و شارەزا، رۆڵی چەترێکی دیموکراسی ببینێت پرەنسیپە. ئەوەی لەناو پرۆسەیەکی مێژوویدا دێت و بەسەرکەوتوویی دەردەکەوێت، کۆمەڵگای دیموکراتییە. بەکورتی راوەستەی گرژی دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە دیموکراسیەکان لەناو ئاشتیدا، گوزارشت لە دۆخێکی کێبرکێ دەکاتەوە، ئەوەی لەو رەوشەدا بەهێز دەبێت خودی کۆمەڵگای دیموکراتییە.

٦. پرەنسیپی پێکەوەبوونی ماف و ئازادیەکانی تاك و كۆلەكتیڤ"جڤات":

دەشێت لە ئەزموونە لەژمارنەهاتووەکانی دونیاوە تێبگەین کە لە جێبەجێکردنی پرەنسیپی ماف و ئازادیەکاندا کە ڕۆڵێکی ژیانی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی دیموکراتیزەبووندا دەبینێت لێکجیاکردنەوەی ماف و ئازادیەکانی تاك و جڤات لە چارەسەرکردن زیاتر کێشەکان سەختتر دەکات و بە بنبەستبوونی دەگەیەنێت. هەروەها ئەو جیاکردنەوەیە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگاکاندا ناکۆکە. لەهیچ کات و سەردەمێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا خاوەن ماف بێت یان بێ ماف، ئازاد بووبێت یان ژێردەست، تاك بەبێ جڤات نەژیاوە. لەبنەڕەتدا خودی تایبەتمەندی مرۆڤ ئەوەیە کە ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووە. لەو سۆنگەیەوە هەر ماف و ئازادیەك کە تاك بەدەستی هێناوە یان ژیانداری کردووە، تا لەگەڵ ئەو جڤاتانەی ئەندامن تێیدا هاوبەشێتی نەکات، هیچ مانایەکی نابێت. ئەو تاکەی لە کۆمەڵگا دابڕێنراوو دەرهەستکراوە چەندە بێمانا بێت، ماف و ئازادییە بەدەستخراوەکانیشی بەو رادەیە بێ مانان و توانای جێبەجێکردیان نییە. پێچەوانەکەشی ڕاستە؛ ئەو ماف و ئازادیانەی بۆ جڤاتێك دانیان پێدانراوە ئەگەر بۆ تاکەکانی سەربەخۆی دانی پێدانەنرێت، هیچ بەهاو مانایەکی نابێت. ماف و ئازادییەکان بەبێ تاك ژیانداری ناکرێت. وەك چۆن بێبەشکردنی تاك لەماف و ئازادیەکان، لەمیانەی تێخزاندنی کۆمەڵگاکەیان بۆ هەمان دۆخەوە بەدیدێت، بێبەشکردنی کۆمەڵگاو جڤاتەکانیش لە ماف و ئازادیەکانی، مانای تووشکردنی تاکەکانی ئەندامی کۆمەڵگاکانە بە هەمان ڕەوشەوە. بەکورتی ماف و ئازادییەکان بەهایەکن نە بەبێ تاك و نە بەبێ کۆمەڵگا نابێت، تا هەردووکیان بە یەکەوە نەبن و هاوبەشێتی لەو بەهایانەدا نەکەن ژیاندار نابن.

٧. پرەنسیپی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و ئازادی:

تێگەیشتنی ئەو ڕاستییە لەبنەمای ئەو پرەنسیپەدا شاراوەیە؛ تا لە هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژی ڕزگار نەبیت کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە ئاستی جیهان باڵادەستی کردووە و هەڵگری چۆنایەتی ماتریالیستی قەبەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئایدیالیستەو خۆی وەك "زانستگەرایی پۆزیتیڤیست" دەناسێنێت، ئەوا دیموکراتیزەبوون و ئەو ئازادییەی ناواخنی بەدینایەت. زانستگەرایی پۆزیتیڤیست پرەنسیپی سەرەکی شارستانی هەژموونگەرایی ئەوروپایە. تا هەژموونی ئەو پرەنسیپە باڵادەست نەکات، ئەوا ناتوانێت فاکتەرە سەرەکیەکانی دیکەی وەك سەرمایەداری، ئیندوستریالیزم و دەوڵەت ـ نەتەوە لەهەموو جیهاندا، پابەند بەخۆی بونیاد بنێت و بەڕێوەیببات. باڵادەستی ئایدیۆلۆژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەمیانەی زانستی ڕۆژهەڵاتناسیەوە زهنیەتەکان فەتح دەکات. دوای ئەمەش یاخود لەگەڵیدا، لەمیانەی فاکتەرە سەرەکیەکانی دیکەوە فەتحکردن، چەوسانەوە و داگیرکەری بەشێوەی زۆر جیاواز ئەنجامدەدرێن. داگیرکەری نوێش وەك پێویستیەکی سروشتەکەی بەردەوام لەگەڵ فاکتەرە خۆجێییە دەستپۆتە "سەرکوتکەر" کۆنەپەرستەکان لەناو هاوکاریدایە، کێشەکانی دیموکراتیزەبوون سەختگیرتر دەکات. هەرجۆرە بەرخودانێك کە لە بەرامبەریدا پێشدەکەوێت، لایەنێکی دیموکراسی لەخۆوە دەگرێت. بۆ ئەوەی ئەو لایەنە دیموکراتییە پێشبکەوێ و بەهێزببێت، لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بەو شێوانە بکات کەخۆی سیستەماتیزە بکات، پێویستە لە ئایدیۆلۆژیای هەژموونگەرایی دابڕێت. بۆ ئەوەی بژارەکانی ئایدیۆلۆژیای ئەلتەرناتیف ماناداربن، پێویستە زۆرێك لە کاتەگۆریە هەرێمی، شارو خۆجێییەکانی فرەنەتەوەو وڵاتی هاوبەش لەخۆوە بگرێت. لە دۆخێکی پێچەوانەدا، لەوانەیە هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژیایەکی تر پێشبکەوێت.

بۆچوونە نەژادپەرست و ئایینگەرا باوەکانیش بەلای کەمەوە ئەوەندەی هەژموونگەرایی پۆزیتیڤیست کە ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە، ئەوانیش هەژموونگەران. لەریزبەندی سەرەکی دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای ئاماژەپێکراودا دەرکەوتنی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی پشت بە ئازادیخوازی دەبەستن دەشێت وەك ئایدیۆلۆژیای ئازادی هەڵسەنگێنرێن. تەنیا لەمیانەی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی ئازادییەوە دەشێت کێشەکانی دیموکراتیزەبوون و ڕێگاکانی چارەسەری ڕوون بکرێنەوەو جێبەجێ بکرێن. ئازادی ئایدیۆلۆژی نەبێت، هەر کاتێك دەتوانرێت هەنگاوەکانی دیموکراتی ئاستەنگ بکرێن، بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژیا هەژموونگەراکانەوە. ئازادی ئایدیۆلۆژی گرێدراوی حەقیقەتی سروشتی کۆمەڵگایەو کاتێك کۆمەڵگای دیموکراتیش بونیاد دەنرێت و ژیاندار دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام گوزارشت لەخۆی دەکات. حەقیقەتی کۆمەڵگا گوزارشتی ئازادانەی ڕاستیەکانی کۆمەڵگای دیموکراتییە.

٨- پرەنسیپی مێژووییبوون و هەنووکەییبوون:

کێشەکانی دیموکراسیەت و ئەگەرەکانی چارەسەری، لەنزیکەوە پابەندی دانانی پەیوەندیەکی ڕاستی نێوان مێژووییبوون و هەنووکەییبوونە. زهنیەتێك کە کێشە پەیوەندیدارو ئەگەرەکانی چارەسەری لە مێژوودا فەرامۆشو سانسۆر کردووە، نەك تەنیا کێشەکانی دیموکراتیزەبوون، بەڵکو تێگەیشتنی تەواوی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەولاوە بمێنێت، سەختتریان دەکات و بە دۆخی بنبەستبوونیان دەگەیەنێت، بێگومان گۆڕانی ئەو ڕەوشەش بۆ قەیران، پێکهەڵپژان و شەڕ دەستلێبەرنەدراوە. بوویەرو ڕووداوەکانی مێژوو سەرەکیترین مەرجەکانی دیاریکەری هەنووکەو ئەمڕۆن. ئێستا یان ڕۆژانەیی، بریتییە لە دۆخی خۆپێشکەشکردنی مێژوو بە هەموو کێشەو ئەگەرەکانی چارەسەریەوە. تاکە جیاوازی ئەوەیە: ناتوانین دەست لەرابردوو وەربدەین بەلام دەتوانین دەست لەئێستا، یان ڕۆژانەیی وەربدەین. گرێدراو

بەبنەمای فیکری و هێزی مادی دەستێوەردانەکان، دەتوانین هەنووکە یان ڕۆژانە بگۆڕین. دەتوانین گۆڕانکاری خێراتر بکەین، یان ئاراستەکەی بگۆڕین، ئازادی بکەین یاخود زیاتر بەکۆیلەی بکەین. ئەمە مەسەلەیەکە بەتەواوی گرێدراوی پێگەی هێزەکانی دەستتێوەردانەوەیە. ئەوەی گرنگە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی پرسیاری "ئایا پێویستە رابردوو، مێژوو لەمیانەی ئەڵقە بنەڕەتیەکانیەوە چۆن لەئێستادا ڕەنگبداتەوە؟". بەتایبەتی کاتێك هەنووکە وەك گوزارشتی بوارە پەیوەندیدارەکانی مێژوو شیکار دەکرێت کە پێیەوە سەرقاڵین، ئەوا کلیلی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگایە. ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا دەرك بە مێژوو بکرێت، ئەوا دەبێتە گەورەترین سەرچاوەی هێزمان. ئەوانەی لەمێژووی خۆیان تێناگەن و ناتوانن بینووسن، ئەگەرێکی لاوازە بەڕاستی لەئێستا تێبگەن و بتوانن ئازاد و دیموکراتیزەی بکەن. ئەو ئازادی و دیموکراسیانەی بە پەلەپروزێ بونیاد دەنرێن هەمیشەیی نابن؛ چۆنی بەدەست هێناون، لەوانەیە بەوجۆرەش لەدەست بچێت.

پێویستە باش بزانرێت کە خودی کۆمەڵگا پێشکەوتووترین مێژووە. ئەگەر کۆمەڵگا بەو رووەی، واتە لەمیانەی ئەو حەقیقەتەوە نەناسرێت کە بۆخۆی مێژوویێکە، ئەوا زەحمەتە لە کێشەکان رزگاری بێت و بە ڕێگەچارەو شێوازی ژیانی دیموکراتییانە بگەیەنرێت. هەربۆیەش یەکەمین کاری زۆردارەکان، لەناوبردنی یادەوەری کۆمەڵگایە. یەکەمین کاری کە پێویستە دیموکراسیخوازەکان بیکەن خاوەندارێتیکردنی یادەوەری کۆمەڵگایە، واتە خاوەنداریکردنی راستیەکانی مێژووە. گەورەترین خراپەکاری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەوەدایە؛ زەبری کوشندەی لەیادەوەری مرۆڤایەتیداوە، هەنووکەشی وەك ئەبەدی و کۆتایی مێژوو پێشکەشکردووە. بەگوێرەی ئەوەش هەموو شتێك بریتییە لە هەنووکەی قەتیسکراو. ئەو نەخۆشییەی بە تاکگەرایی یان تاکخوازی ناودەبرێت گرێدراوی ئەو چەمکەیە. تاکگەرایی" بۆخۆت بژی، ئەویتر پووچە" پەیوەندی بەنکوڵیکردنی کۆمەڵگای مێژووییەوە هەیە. ناشێت حەقیقەتی کۆمەڵگاو گوزارشتەکەی واتە کۆمەڵگای

دیموکراتی لە زهنیەتێکی بەمجۆرە چاوەڕوان بکرێت. هەربۆیەش تاکخوازی لەو لایەنەوە تاکڕەویەتی لیبڕاڵ نکوڵیکردنی دیموکراسییە. بینینی سات لە مێژووداو مێژووش لە ساتدا پرەنسیپی ڕاستی زانستی کۆمەڵناسییە.

٩. پرەنسیپی ئەخلاق و ویژدان:

سۆسیۆلۆژیای ڕۆژئاوا ویژدان ناناسێت. بەشێوەی ژێری ئەنالیتیك دەستبەکارە. ویژان پێویستی بە ژیری سۆزداری هەیە. سۆسیۆلۆژیای مۆدێرن کە بەشێوەی فەلسەفەی ئەنالیتیك دەستپێکردووە، لەڕۆژی ئەمڕۆماندا بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی تەکنیکی گۆڕاوە. کەچی لەراستیشدا ویژدان لەسەرووی ئەو پرەنسیپانەوە دێت کە بونیادی کۆمەڵگای ئافراندووە. ویژدان وەك دادوەریەکی دادپەروەرانەی کۆمەڵگا ڕۆڵ دەبینێت. کاتێك بەهیچ دانانرێت و حیسابی بۆ ناکرێت، کۆمەڵگا وەك ئامێرێکی درندەی زۆر مەترسیدار دەستبەکار دەبێت. دەشێت ویژدان وەك ناوەڕۆکی ئایین و ئەخلاقیش بژمێردرێت. ئەگەر بەسیفەتی دابونەریتێکی وشك ئایین و ئەخلاق لەلایەك دابنێین، ئەوەی لەو دوو دامەزراوەدا دەمێنێتەوە، ویژدانی کۆمەڵگایە. ویژدانی کۆمەڵگا ئەو تاکە شوێن و بوارەیە کە ئەوانەی هێزی سیاسی، ئابووری و سەربازییان نییە پەنای بۆ دەبەن. کاتێك ئەو گۆڕەپانە تێکبدرێت، تەنیا پرەنسیپی هێز لەکۆمەڵگادا دەستبەکار دەبێت، ئەوکاتیش هەرکەسەو دەبێتە گورگی یەکتر.

دیموکراسی ڕژێمێکی وایە کەناکرێت بێ ویژدان بەڕێوەبچێت. سیستەمەکانی سەرمایەداری و هێزە قۆرخکارەکان، لەسەر نکوڵیکردن لە ویژدان ئاواکراون. لەناوەڕۆکدا دەشێت دیموکراتیزەبوون وەك بزووتنەوەی پووچەڵکردنەوەی نکوڵیکردنی ویژدان و وەدەستخستنی ویژدانی کۆمەڵگاش پێناسەبکرێت. کۆمەڵگا زەبەلاحەکەی لەدەرەوەی پاوانی هێز و سەرمایەدا دەمێنێت، تەنیا لەمیانەی بزاوتی ویژدانەوە دەپارێزرێت. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا تێکۆشانی کۆمەڵگا، بە مانایەك لەماناکان

بەدەستخستنەوەی ئەو ویژدانە ونکراوەیە. تا دیموکراتیزەبوون نەبێتە جولانەوەی بەدەستخستنی بەها ویژدانییە ونکراوەکان، بەمانای ڕاستی خۆی ناگات، تاك و کەمەنەتەوەکان ناتوانن ماف و ئازادیەکانیان بەدەستبخەن. تەواوی ئەم بیانوانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیموکراتیزەبوون مسۆگەر دەستبەکاربوونی دەکەنە پێویستیەك کە بەهای پالاوتەی ئایینی و ئەخلاقی کۆمەلگان.

تا ویژدان دەستبەکار نەبێت ڕاستینەی کۆمەلکوژی چارەسەرنابێت. تەنیا کاتێك پرەنسیپی ویژدان کەوتە جموجۆل و دەستبەکاربوو سەرجەم تاوان و کۆمەلکوژیەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دانیان پێدادەنرێت و ڕێگا لەبەردەم دادپەروەری دەکاتەوە. مۆدێرنیتە لەهەموو کێشەکانی کۆمەلگادا پرەنسیپی هێز بەبنەما دەگرێت. ئەوەی خاوەن هێزە سەردەکەوێت یانیش کێشەکان چارەسەردەکات، ئەوەی بێهێزە ژێردەکەوێت و ڕاستیەکەی لەناودەچێت. ئەمەش گەورەترین نەخۆشی بناخەی مۆدێرنیتەیە. لەمیانەی ئەو پرەنسیپەوە کۆمەلگا بۆ دارستانێك دەگۆڕێت کە لەچاخی بەردین خراپترە. ئەگەر دەمانەوێت وەلامی هەمیشەیی و دادوەرانە بۆ کێشەکانی کۆمەلگا بدۆزینەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە وەلامی ئەم کێشەی دیموکراتیزەبوون بدەینەوە ، مسۆگەر پێویستە لەجیاتی پرەنسیپی هێز، جێگا بە پرەنسیپی ویژدان بدەین. کلتووری ڕۆژهەلاتیش بەو پرەنسیپە نامۆ نییە. بەپێچەوانەوە لەهەموو کێشەکانیدا ڕۆلی سەرەکی بەم پرەنسیپە داوە. ناشێت بەهۆی حیساب و لێکدانەوە بەستەلەکەکانی سەرمایەداری دەستبەرداری ئەو پرەنسیپە بکرێت. کاتێك چارەسەری بۆ کێشەکانی دیموکراتیزەبوونی تورکیا دەئافرێنین، پێویستە پرەنسیپی ویژدانی لەسەرووی هەموو پرەنسیپەکانەوە جێگیر بکەین و پەیڕەوی بکەین.

١٠. پرەنسیپی بەرگری خۆیی دیموکراسییەکان:

حەقیقەتێکی زانراوەو بەشێوەیەکی زانستی سەلێنراوە لە بوونەوەری تاکخانەکانەوە تا دەگاتە ژیانی تەنۆلکەکانی وردتر لە ئەتۆم کە مەزەندەی بێڕوحییان دەکرێت بەڵام ڕاست نییە، بەڵکو بناخەی سەرجەم بوونەوەرەکانە، هیچ بوونێك لە ئارادانییە بەرگری خۆیی نەبێت. لەهەر شوێن و ساتێکی ژیاندا بە دڵنیایی ئەو خاڵە ڕەچاو دەکرێت کە بوونێکی خاوەن ئاستێکی بەرزی نەرمایی و ژیری وەك کۆمەڵگای مرۆڤ بێ بەرگری خۆیی نابێت. تەنانەت شەڕەکانیش لەنزیکەوە پەیوەستی چەمکی شێوێنراوی بەرگری گەوهەری شارستانییەکانەوەیە. کۆمەڵگا دیموکراتەکان و تاکە ئازادەکانی، لەسەردەمی شارستانیەتی چینایەتیدا بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، ڕووبەڕووی کێشەی گەورەی بەرگری بوونەتەوە. تەنانەت کۆمەڵگاکانی کۆمینەی کۆمیناڵی سەرەتاییش، لە قۆناخی درێژخایەنی ژیانیاندا شانبەشانی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەی لەنێوان خۆیاندا هەیانبوو، بەهۆی بوونەوەرە جیاوازەکانەوە ڕووبەڕووی مەترسی کوشندە بوونەتەوە و لەهەر شوێن و ساتێکدا بەرگری خۆییان بە یەکەمین ئەرك داناوە.

لەبەرامبەر ئەو گوشارو چەوسانەوە پاوانخوازییەی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری"دەوڵەت نەتەوە، سەرمایەداری و ئیندوستریالیزم" لەسەر کۆمەڵگا ئابووری، ژینگەپارێزی و دیموکراتیەکان و تاکە ئازادو یەکسانەکانیان بەڕێوەیان بردووە، کێشەی بەرگری خۆیی لەسەرووی بابەتە ژیانیەکانەوە دێت. ژیانێکی بێ بەرگری خۆیی تەنیا بەکۆیلایەتیەکی مووچەدار ئەنجامگیر نابێت، بەڵکو ڕێگا لەبەردەم هەرجۆرە بێکاری، نەخۆشی و گەندەڵیەك دەکاتەوە. لەمەش خراپتر، چەندین کۆمەڵکوژی جەستەیی و کلتووری لەگەڵ خۆیدا دێنێت. مۆدێرنیتە وەك سیستەم بەگشتی کۆمەڵگا و تاکەکانی، بەتایبەتیش بەشێوەیەکی دژوارتر کۆمەڵگای دیموکراتی و تاکە ئازادەکانی، بە ناچاری ڕووبەڕووی پاراستنی هەبوونی خۆیان

دەکاتەوە. ئەگەر لە بەرگری خۆییدا سەرکەوتوو نەبن، نەك تەنیا ئازادییەکەیان، بەڵکو هەبوونەکەشیان دووچاری مەترسی جینۆساید دەبێتەوە. فاکتەرە پاوانخوازەکانی مۆدێرنیتە، بە ئامانجی درێژەدان بە بوونی خۆیان، تەنیا بەهەرەشەکردن لەئازادی و هەبوونی کۆمەڵگا و تاکەکانەوە ناوەستێت، بەڵکو لەسەردەمی هەرە دواییشیدا هەلومەرجی ژینگەش لەناودەبات کە بۆ ژیان دەستلێبەرنەدراوە. لەناوبردنی هەلومەرجەکانی ژینگە، جۆرێك لەجۆری جینۆسایدەکانە کە لە ماوەیەکی درێژدا بەسەر تەواوی ژیان پەیڕەو دەکرێت.

کۆمەڵگای دیموکرات و تاکی ئازاد، بە ئەندازەی گۆڕانکاریەکانی شۆڕش و پەرەسەندن ناچارن ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەکانی بەرگری خۆییش بدۆزنەوە. دوا قۆناخی قەیرانی بونیادی مۆدێرنیتە کێشەکانی بەرگری خۆیی لەسەررووی هەموو کێشەکانەوە جێگیر کردووە. بە ئەندازەی یەکینەیەکی ئابووری، ژینگەیی و دیموکراتیك هەر جڤاتێك ناچارە وەك یەکینەیەکی بەرگری گەوهەری بژیت. لەهەمانکاتدا هەر تاکێکی ئازاد، یەکسان و دیموکرات بەو ئەندازەیەی ناچارن لە یەك یان چەندین یەکینەی دیموکراتی، ئابووری و ژینگەپارێزیەوە بژین لەگەڵ ئەوەشدا ناچارن لە یەك یان چەندین یەکینەی بەرگری خۆییدا بژین. خۆراك، زۆربوون و پاراستن کە بۆ سەرجەم زیندەوەرو بوونەوەران پێویستە، لە هەمووشیان زیاتر سێ مەرجی دەست لێبەرنەدراوی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤن.

دەسەڵاتی کۆنترۆڵکراوو بەرتەسك و سنووردارکراو بەولاوە ناچێت. کێشەی دیموکراسی بەردەوام دەبێت.

کلانە تایبەتەکانی سیبیریا، کە لە سەردەمی توانەوەی بەستەڵەکەکانی بنارەکانی باشووری سیبیریا لەسالانی "٧٠٠٠"پ ز بەدواوە، لەژێر کاریگەریەکانی شۆڕشی نیولیتیکی رەچەڵەکەکەی بۆ رۆژهەلاتی ناوین دەگەڕێتەوە، لەماوەی سالانی"٤٠٠٠" پ.ز بەرەو ئەنجامدانی شۆڕشی نیولیتیکی خۆیان هەنگاو دەنێن. لە سالانی"٢٠٠٠"پ.ز پش لەپلەداری"هیرارشی"یەوە دەربازبوون بۆ شارستانیەت و دەوڵەت دەستپێدەکات. یەکەمین شارستانیەتی کە ناوەندەکەی چینی ئەمڕۆمان بووە، لەسالانی "١٥٠٠" پ.ز دێتە سەر شانۆی مێژوو. بەردەوام لەگەڵ قەبیلەکانی دەوروبەریان لە ململانێدان کە بەپرۆتۆتیپەکانی ئەمڕۆکەی گەلەکانی ژاپۆن، کۆریا، ڤێتنام، مەغۆلستان، تورکستان دادەنرێن. دەشێت ئەو تێکۆشانەیان لەبەرامبەر شارستانیەتی چین، وەك دیموکراسی سروشتی هەڵسەنگێنێت. لەتۆمارەکانی مێژووی چین دا دەبینرێت کە بۆ جاری یەکەم بەناوی "هوون" باسی باوباپیرانی تورکەکانی ئەمڕۆ کراوە. لەبەرئەوەی تیرەکانی "هوون" لە دیموکراسیەتێکی سەرەتاییدا دەژین، لەگەڵ شارستانیەتی چین دا بەردەوام لەناو شەڕو پێکدادانداببوون. بەئاسانی ناکرێن بە شارستانی. کاتێك ئەو تیرانە فشاریان بۆ دێت، رووی خۆیان لە رۆژئاوا دەکەن. هوونەکانی رۆژئاوا لە سالانی"٤٠٠"پ.ز دا تا ئەورووپای ناوین و رۆما، لەهەرێمێکی بەرفراواندا درێژە بە بوونی خۆیان دەدەن. بەڵام ناتوانن خۆیان لەتوانەوە لەناو شارستانیەتدا رزگاربکەن. لە رۆژهەلات لەلایەن شارستانیەکانی چین، لە رۆژئاواش لەلایەن شارستانیەتەکانی کە بنەچە سلاڤین، بەردەوام دەتوێنرێنەوە "ئاسیمیلەدەکرێن". هەرچەندە پێشتر لەمیانەی ئایینەکانی هیندۆس و مانیزم هەوڵی شکاندنی ئەو قۆناخە دراوە، بەڵام شکاندنی راستەقینە لەرێگای ئیسلامیەتەوە روودەدات. ئەزموونی دەوڵەتەکانی گۆکتورك و ئویگووریش کە پێشتر لە سالانی"٥٥٠ و ٧٤٠" هەوڵی ئاواکردنیان دراوە، لەکۆنفیدراسیۆنێك زیاتر بەولاتردا نەچووە.

شارستانیبوونی بنەڕەتی پرۆتۆ ـ تورکەکان لەسەدەی نۆیەمدا دەستی پێکرد کاتێك بەشێوەیەکی جدی لەگەڵ ئیسلام کەوتنە پەیوەندی و پەسەندیان کرد. کێشەکانی تورکبوون و دیموکراسی کە بە قەرەهانەکانەوە دەستیپێکردو تا ڕۆژی ئەمڕۆمان بەردەوامە لەنزیکەوە گرێدراوی ئەو فۆناخەی شارستانیەتە. شارستانیەتی تورك ـ ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەگشتی لەمیانەی سەلجوق بەگ و میرنشینی سەلجۆقیەوە دەستپێدەکات. بەر لە پرۆتۆ ـ تورکەکانیش هەوڵیانداوە جێگای خۆیان لە شارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بگرن. بەڵام زۆرباش دەزانرێت کە بۆ جاری یەکەم بەشێوەی بەکۆمەڵ و وەك تیرە لەمیانەی سەلجوق بەگ و کوڕەکانیەوە لەرۆژهەڵاتی ناوین جێگیربوون. لەکاتێکدا خودی سەلجوق بەگ هەوڵێدەدا لەرۆژهەڵاتی ناوین شوێنێك بۆ خۆی بە دەست بێنێت، ڕووبەڕووی دوو شەپۆلی ئایینی بۆتەوە: موسەویەت و محەمەدییەت. ئەو ناوە موسەویانەی لەچوار کوڕەکەی ناوە، نیشانیدەدات کە تا ڕادەیەکی زۆر بە دەوڵەتی تورکی یەهودی هازاراوە کاریگەر بووە. لەبەر ئەوەش دیار نییە چەندە بووە بە موسڵمان. دەشێت تورکێتی بە ئیسلامەوە ببەسترێتەوە. چونکە لەدەرەوەی ناوی گۆکتورك کە کورتخایەن بوو، بەر لەوە ڕووبەڕووی هیچ شارستانیەتێك نابینەوە ناوی تورك بێت. شیمانە دەکرێت ئەو ناوە لەلایەن عەرەبەکانەوە دانرابێت. بەڵام پێویستە زۆر باشبزانرێت کە بەرلەوەی سەردەمی نەتەوەپەرستی دەستپێبکات، کۆمەڵگاکان ناسنامەکانیان لەمیانەی ناوی ئاینەوە دەستنیشان دەکرد نەك بەناوی ڕەچەڵەکەوە. لەو کاتەدا یان ئیسلام یان ئاینێکی تر بوو. ڕاستینەی کۆمەڵگا بەو شێوەیە ئاواکرابوو.

لەسەدەی "١١" بەدواوە میرنشینی سەلجۆقی هەوڵدەدات باڵادەستیەکی توند بەسەر تیرەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی ئاوا بکات. لەبەرامبەر ئەوەشدا تیرەکان بەرخودانێکی دژوار دەکەن. بەگوێرەی تۆمارەکانی مێژوو، کەسانێك سکاڵایان کردووە سەبارەت بە دژواری دەسەڵاتی بەگی تیرەکانی نۆغوز ـ تورك کە لە ساڵی "١٠١٧"دا چوونەتە ئێران. ئەو یەکەمین کۆمەڵەی نزیکەی"٥٠٠٠"هەزار کەس بوونە، ڕزگاری

خۆیان لە راکردن بۆ ئێران بینیبوو. ئاشکرایە کە ئەو تیرانەی دەربازی رۆژهەڵاتی ناوین بوونە، هەر لەسەرەتاوە بەرخودانێکی دژواریان لەبەرامبەر شارستانیەت کردووە کەوەك شار ـ چین ـ دەوڵەت پەرە دەسەنێت. لقی ئەو تیرانەی هەوڵی چەوساندنەوەو بەکۆیلەکردنیان دەدراو ناوی تورکمانیان وەرگرتووە، یەکەمین ناوکی گەلی ئەمرۆن. وەك چۆن ئەرستۆکراسی تیرەکان تورکمانیان بچووك دەبینی، تەنانەت ناشیانەوێت خۆیان وەك تورك ناودێربکەن. حەزیان لەناوەکانی عەرەب و فارس، سیفەتەکانی شا و سوڵتانە. زمانی تورکی لەبیر دەکەن. زمانی عەرەبی، فارسی و عوسمانی بەکاردێنن کە لەهەموویان پێکدێت. تورکێتی رەسەنیش لە تیرە تورکمانەکاندا ژیانداری دەکرێت.

ئەگەر ئەو کورتە مێژووە لەلایەنی کێشەی دیموکراسیەوە شرۆڤە بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین:

تیرە تورکەکان لەگەڵ هاتنیان بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لە سەدەی یازدەهەمەوە جیابوونەوەیەکی چینایەتی جدییان بەخۆیانەوە بینی، دەشێت ئەو قۆناخە وەك سەرەتای دەستپێکردنی کێشەی دیموکراسی تاوتوێ بکرێت. کاتێك تیرە تورکمانەکان دوا سوڵتانی سەلجوقی سوڵتان سنجار دەخەنە قەفەسێکەوە و تا مردنی لەگەڵ خۆیاندا دەیگێڕن، لەڕاستیدا زۆرباش روونی دەکاتەوە کە چەندە ئالوودەی ئازادی و ژیانی دیموکراسین.

لەرێگای ئیسلامیەتەوە جیابوونەوەی تیرە تورکەکان بۆ دوو گرووپی سەرەکی، ناوەرۆکی کێشەی دیموکراسی پێکدێنێت. لەکاتێکدا ئەرستۆکراسەکان، لەڕاستیدا ئارستۆکراسیەتی سەربازی و ئایینی و زەویدارەکان، لەناو دەوڵەتدا چڕبوونەوەو پاوانی دەسەڵاتیان ئاواکردووە، بەشی دووەمیش ئەو هەژارانەی لە سیستەم دوورخرابوونەوە یان وەك تیرە رەوەندە کۆنەکان کوێستان و گەرمیانیان دەکرد، یان وەك هەژارەکانی شارو گوند ژیانیان بەپیشەوەری و جووتیاری بەسەردەبرد. ئەو دابەشبوونەی لەناو سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین روویداوە، بە یاخیبوون و

کۆڕەوێکی زۆر ئەنجامگیر بووە. دابەشبوونی مەزهەبیش بەو ڕاستیانەوە گرێدراوە. لەکاتێکدا سوننەگەرایی وەك ئایینزای چینی سەردەست فەرمی بوو، ئایینزا بەرهەڵستکارەکانی وەك عەلەوی، شیعەگەرێتی، موعتەزیلە، مەولەویەت و بەکتاشیش، بەشێوەیەکی نیمچە نهێنی هەوڵی بەردەوامبوون دەدەن. لەچاخی ناویندا تێکۆشانی دیموکراسی لەشێوەی ئەو فەنۆمەنە ئایینزایانەوە ئەنجامدەدرێت. لەمیانەی ئەو مەزهەبانەوە هەوڵی دیموکراتیزەبوونی ئەو قۆناخە دەدرێت. هەروەها خودی ژیانی خێڵە کۆچەرەکان خۆی تێکۆشانی دیموکراتییە. هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرخودانکاری سەرجەم سیستەمی خێڵ و تیرەکانی چاخی ناوین، وەك تێکۆشانی دیموکراتی ڕاسترین شێوەی گوزارشتکردنە.

ئەگەر ئیسلامی فەرمی وەك پاوانێکی ئایدیۆلۆژی شرۆڤەبکەین، دەشێت ئایدیۆلۆژیای ئایینزا نیمچە نهێنیەکانیش وەك بێژەی دیموکراتی هەڵسەنگێنرێت. ئەو بزاڤە دیموکراتییە جەماوەریانەی تا سەرەتای سەدەی"١٩" بەردەوام بوو، لەگەڵ زیادبوونی نفوزی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەوا دەکەوێتە قۆناخێکی نوێوە. لەکاتێکدا هێزە کۆنەکانی هەژموونگەرایی واتە ئیمپراتۆریەت لەمیانەی هێرشی دەوڵەت ـ نەتەوە پەرتەوازە دەبوون، ئەو دەوڵەت ـ نەتەوە بچووکانەش کە جێگایان دەگرتنەوە، کێشەی دیموکراتی هێشتا سەختتر دەکەن. دەوڵەت نەتەوەکان نوێنەرایەتی نامۆبوونێکی دوو بەرابەر دەکەن: لەلایەکەوە نامۆبوونی دەسەڵات کە لە شارستانیەتی کۆنەوە ماوەتەوە، لەلایەکیتریش نامۆبوونی دەوڵەت نەتەوەیە کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دایدەسەپێنێت. قۆرخکاری دەسەڵاتدارێتی کە چەندین قات زیادیکردووە، ڕژێمگەلێك لەسەر کلتووری گەلان بەڕێوە دەبات کە بە ئاستی جینۆساید دەگات. سەرمایەدارییبوون، بۆرژوازیبوون و فاشیستبوون، بەشێوەیەکی تێکەڵ بەدەستی دەوڵەت بەڕێوەدەچن. لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی"٢٠"م تورکیاش بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان ئەو قۆناخەی

بەخۆوە دیوە. ئەو بزووتنەوەی خۆی بەناوی جەمعیەتی ئیتیحادو تەرەقی ناودێر کردووە، گوزارشت لەو ڕاستییە دەکات.

سەرجەم نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی پرۆتۆتیپی پارتی سۆسیالیست ناسیۆنالی ئەڵمانیا و پارتی فاشیستی ئیتاڵیای ساڵانی"١٩٢٠"ە. بینینی گۆڕانکاریەکی هاوشێوە لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی کە درەنگ بوون بە سەرمایەداری ڕێکەوت نییە، بەڵکو پەیوەندی بەهەبوونی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە هەیە. لێرەدا بەرپرسیارێتی بۆرژوازی بیرۆکراتی دیاریکەرە کە تەنیا لەڕێگای جینۆسایدو شەڕی دژواری چینایەتی دەتوانێت خۆی لەقەیرانی مۆدێرنیتە ڕزگار بکات کە تادەچێت قووڵتردەبێتەوە.

هەروەها ڕۆڵی بزافی سۆسیالیزمی بونیادنراویش لەوەدا بچووك ناگرێتەوە کە لەهەمان قۆناخدا هەوڵی بە سیستەمبوونی دادو فاکتەرەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە و ئیندوستریالیزمی مۆدێرنیتەی، بۆ کردبوو بە ئامانجێکی سەرەکی. نەك تەنیا دیموکراسی، تەنانەت خودی گەلیش، واتە دیمۆسیش ڕووبەڕووی کێشەی مان و نەمان ببوویەوە. دەشێت سەردەمی هەردوو شەڕی جیهانی و ماوەی نێوانیشیان، وەك سەرشێتی مسۆگەرکردنی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەسەر تەواوی جیهاندا شرۆڤە بکرێت کە لەڕێگای سێ فاکتەرە سەرەکی (سەرمایەداری، دەوڵەت — نەتەوە و ئیندوستریالیزم) یەکەیەوە بەڕێوەیدەبرد. لەکاتێکدا چەندین نەتەوە، گەل و کلتوور هەتا سەر ئێسقان ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەو سەرشێتییە بوونەوە، ئەوانەی کە دەرفەتی ڕزگاربوونیشیان بینی، نەیانتوانیوە خۆیان لەخۆ بەزلزانین و تەسلیمبوون بەسیستەمی باڵادەست ڕزگاربکەن. ئەنتەرناسیۆناڵەی کە ناتوانێت مۆدێرنیتە تێپەڕێنێت، ئەزموونەکانی بەرەی ڕەنج و گەل و بەرەی دژە فاشیزم کە سێیەمین ئەنتەرناسیۆنالیزم ـ کە مۆدێرنیتەی دەرباز نەکرد ـ لەساڵانی"١٩٣٠" هەوڵی پێشخستنیدا، شتێکی ئەوتۆی بۆ دیموکراسی بەدەستنەخست. دیموکراسیەتی لیبراڵ و دیموکراسی گەلەری سۆسیالیزمی بونیادنراویش کە دوای دووەمین شەڕی

جیهانی و لە سەردەمی شەڕی سارددا لە ئارادابوون لە ناوەڕۆکدا نکوڵیکردن بوو لە دیموکراسی. بەڕێوەبردنی شەڕی هەژموونگەرایی بە جیلوەی دیموکراسیەوە، تەنیا مەسەلەیەکی تەکتیکی بوو. هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو، لەڕاستیدا هەڵوەشانەوەی لیبڕالیزمیش بوو. لەکاتێکدا جیهانی دوای ساڵانی"١٩٩٠"یش بەقەیرانی بونیادی سیستەمەوە سەراوژێر ببوو، کێشەی دیموکراسیش بەهەموو قورساییەکەیەوە خۆی خستە رۆژمەوە. دیموکراسیش لە ئاستی دونیادا لەبواری شێوەو ناوەڕۆکەوە سەرلەنوێ لە هەوڵی خۆ پێناسەکردنەوە دابوو، وەك مۆدێرنیتەی دیموکراتی دەیویست خۆی بەسیستەم بکات.

لەو قۆناخەی سەراوبنبوونی دونیادا لەکاتێکدا تورکیا رووبەڕووی کێشەی مان و نەمان ببوویەوە، لەلایەکی تریشەوە وەك کۆمار چانسی سەرەتایەکی نوێی بەدەستهێنا. دەشێت کەسایەتی مێژوویی مستەفا کەمال ئەنجامدەری ئەو سەرەتایەو کۆمار وەك دوو کەینونەی هاوتا شرۆڤە بکەین. شیکارکردنی ئەودوو هەبوونە لەرۆژی ئەمڕۆشماندا هێشتا گرنگی خۆی پاراستووە. مستەفا کەمال کاتێك دەڵێت بیرۆکەی کۆماری وەك رازێك شاردەوەو لەرۆژێکی گونجاویشدا رایگەیاند، لەراستیدا ئەو گرنگییە دەخاتە روو. هێندە پرسیاری "کۆمار لەبەرامبەر چی و چۆن پێکهات؟" پرسیاری" سەرچاوەی خۆی لەکامە گەردوونیبوونەوە وەردەگرت؟" هێشا لەهەوادایەو بێ وەڵام ماوەتەوە. وەك وشە دیموکراسی بوو یان نا؟ ئەگەر دیموکراسی نەبووە ئەی بۆ بەم رەوشە گەیشتن؟ ئەمانە ئەو پرسیارە سەرەکیانەن کە پێویستییان بە وەڵامێکی راست هەیە. لەرێگای شیکارکردنی راستیەکانی ژێر ئەو کێشانە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا دەتوانین بە تەواوی لە کێشەی دیموکراسی تێبگەین کە تەواوی ژیانی تورکیای قوفل کردووە.

بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو بابەتە، بەتەنیا لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی نزیکی تورکیا بەش ناکات. هەر وەکو لەهەر وڵاتێکیتری جیهاندا روویداوە، رەوشی تورکیا و هاوشێوەکانیشی تەنیا لەمیانەی گرێدانی بە بەشارستانیەتی هەژموونگەرایی

ئەورووپای هەڵکشاو مایەی تێگەیشتن دەبێت. لەو قۆناخەدا سیستەمی هەژموونگەرا گەورەترین شەپۆڵی جیهانیبوون بەخۆیەوە دەبینێت. ئاشکرایە کە دابڕاو لە سیستەمی هەژموونگەرا لێکۆڵینەوەی گۆڕانکاریەکانی هەر گۆشەیەکی ئەو جیهانە ناتەواوەو کورت دەهێنێت. دووەمین خاڵی گرنگ ئەگەری پەیوەندی ومرجەمرخانەکانی تورکیایە لەگەڵ فەڵەمبازە رەسەنەکانی تورکیا. لێرەدا ئەو زاراوەی رۆڵی کلیل دەبینێت جاکۆبینیزمە. تا دەرك بە جاکۆبینیزم نەکرێت کە بە ئاشکراترین شێوە لە شۆڕشی فەرەنسادا دەرکەتە مەیدان، بەڵام بوونی خۆی لە هەموو شۆڕشەکانی مۆدێرنیتەدا پیشانداوە، ئەوا ناتوانین لە جاکۆبینیزم ئەنجامەکانی لە گۆشەکانی تری جیهان تێبگەین، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەوەی تورکیا.

بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەو ئەگەرە دابنێین کە جاکۆبینیزم وەك گەردوونیبوونی مۆدێرنیتە بۆتە فەنۆمەنێك. جاکۆبینیزم رۆڵێکی ناوەندی بینی لەتێپەڕاندنی نەریتی تیۆکراتی"٥٠٠٠"ساڵە کە مۆرکی خۆی لە شارستانیەتی ناوەندی دابوو. وەك چین نوێنەرایەتی توێژی ناوینی بۆرژوازی دەکات کە دەیەوێت ببێتە دەسەڵات. توێژی رادیکاڵی بۆرژوازی شۆڕشگێرە. هەم وەك ئایدئۆلۆژیا و هەم لەبواری چالاکیش گوزارشت لە رادیکاڵیزم دەکات. رەوشی داگیرکاری هێزێکی بیانی بە گونجاوترین هەلومەرجەکانی دەسەڵاتی خۆی دەبینێت. ئەگەر رەوشێکی ئاشکرای داگیرکەری لە ئارادا نەبێت، چانسی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی جاکۆبەن زۆر کەمە. تەنیا کاتێك تەواوی کۆمەڵگا سەیری کارەسات وماڵوێرانی داگیرکارییان کرد، دەبێتە بەرەبەیانی جاکۆبینیزم. بۆ ئەوەی وەك دەسەڵاتدار دەرکەوێتە سەر شانۆی مێژوو، ئیتر هەتا دوایی دەرفەت رەخساوە. کۆمەڵگا بەدوای فریادرەسێکدا دەگەڕێت. مۆنارشییە تیۆکراتیەکانی خاوەنی دەسەڵاتدارێتی باو، نەك تەنیا رێگری لە داگیرکەری ناکەن، بەڵکو ئیتر دەمێکە رۆڵی نۆکەرایەتییان پەسەندکردووە. تەنیا لەمیانەی هاوکاری بەهێزی هێزە بیانیەکان دەتوانن بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن. هەربۆیەش لەناو کۆمەڵگادا رەوابوونی خۆیان لەدەستدەدەن. لەم دۆخەشدا ئەو

توێژەی پێگەی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی زۆر لەبارە، چینی ناوینە کە لەدەرەوەی چینی ژووری بەکرێگیراوە. لەناو ئەو چینانەشدا بۆرژوازی جاکۆبەن هێزی هەرە پەروەردەکراوو ڕێکخراوە. دەشێت پرۆتۆتیپی جاکۆبەنەکان لە شۆڕشی هۆڵەنداو بەریتانیادا ببینرێت. بۆ نموونە لە ساڵانی "١٦٤٠"دا ، واتە زۆر پێش لە شۆڕشی فەرەنسا، کروموەل سەرۆکی گەورەترین شۆڕشی جاکۆبەنیەکانی بەریتانیا کە سەری پاشایان پەڕاند. لەراستیدا گەورەترین شۆڕشی جاکۆبەن ئەوەنییە کە لەساڵی "١٧٩٢" لە فەرەنسا روویداوە، بەڵکو ئەو شۆڕشەی بەریتانیایە. فەرەنساش کۆپی "ڤێرسیۆن" دووەم یان سێیەمینی ئەو مۆدێلەیە.

هەرچەندە بەشێوەیەکی جیاوازیش بێت، بەڵام دەشێت هۆڵەندا وەك وڵاتی بنەڕەتی شۆڕش شرۆڤە بکرێت کە جاکۆبینیزمی تێدا هەوێن بوو. نەك تەنیا کاتێك چینی باوی سەروو دەکەوێتە رەوشێك ناتوانێ بەڕێوەبەرایەتی بکات، بەڵکو لەدۆخێکدا چینی هەژارانی ژێرەوەش لەبواری ڕێکخستنی و ئایدیۆلۆژی بۆ بەڕێوەبەرایەتی تێری نەکرد ئەوا جاکۆبینیزم تەفگەری دەسەڵاتدارییە. کاتێك هەمان هەلومەرج لەهەرسێ وڵاتدا دروست بوون، جاکۆبینیزم بەدروشمە راشکاوەکانی سەربەخۆخوازی، ئازادیخوازی و یەکسانخوازییەوە پێشەنگایەتی رابوونی زۆربەی زۆری کۆمەڵگا دەکات. ئان و ساتی هەستیار، ئەو کاتەیە کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگا بۆ دەسەڵاتدارێتی رادەبێت. ئەو ساتانە ئانێکن کە گۆڕانە گەورەکان دەکەونەوە ناو منداڵدانی دایکەوە. هەموو شتێك تا مۆخی ئێسقان دەهەژێن. ئەو هەژاندنە بۆ لە دایکبوونی نوێیەکە پێویستە. ئەو ساتە هەستیارەی فەرەنسا لە نیسانی "١٧٩٢"دا دەستپێدەکات. پاشای بەکرێگیراو تەنیا لەمیانەی هاوکاری ئارستۆکراتەکانی ئەورووپا لەبەرامبەر شۆڕشی ساڵی "١٧٨٩" هەوڵی دژە شۆڕش نادات، بەڵکو لەهەمانکاتدا لەدۆخی راکردنیش دایە. توێژە میانڕەوەکانی چینی ناوین ژیرۆندەرەکان "هێڵی راستڕەو لە شۆڕشدا"، لە هاوێشتنی هەنگاوی رادیکاڵدا دەترسن. کۆمۆنیستە بابووفیەکانی "یەکێکە لە کۆمۆنیستەکانی سەرەتا لە فەرەنسا" ژێرەوەش، لەرەوشێکی

زۆر لاوازدانە. هەلومەرج بۆ جاكۆبەنەكان زۆر لەبارە. ئیتر یەكێك لە قۆناخە هەرە گەورەكانی تیرۆری ناسراو لە مێژوودا لەژێر ئەو هەلومەرجانەدا پەیرەو دەكرێت. لە تەمووزی"١٧٩٤"دا دوای پەڕاندنی سەری ڕێبەری جاكۆبەن ڕۆبسپێر، ئەو قۆناخە كۆتایی دێت. قۆناخی"١٧٩٢ ١٧٩٤" لەهەمانكاتدا یەكەمین قۆناخی كۆماری شۆڕشگێڕە. دوای"١٧٩٤" بەشێوەی قۆناخی جیاوازیش تێپەڕبووبێت، لەناوەڕۆكدا ئەوەی لێگەڕینی بۆ دەكرێت سیستەمێكی نوێیە. ئەو لێگەڕینە لە قۆناخی كۆماری پێنجەمەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە.

لەشیكاركردنی جاكۆبینیزمدا، پێویستە بە هێڵی ئەستوور ئاماژە بە هەندێك فاكتەر بكرێت. یەكەمیان؛ بزووتنەوەیەكی كەمینە نییە، بەڵكو بزووتنەوەیەكی جەماوەرییە. دووەمیان؛ هەرچەندە دروشمەكانی ئازادی و یەكسانیش زۆر بەكارهێنرابن، لەبنەڕەتدا بزووتنەوەی رادیكاڵی دەسەڵاتدارێتی چینی ناوەڕاستە. دەشێت بە سەردەمی دیكتاتۆریەتیش ناوببرێت. سێیەمیان؛ دوای ئەوەی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەكیەكان بەرامبەر وڵات و كۆمەڵگا لە ئارادا نەمان، دوای لەدەستدانی هەلومەرجی مادی، بزووتنەوەی جاكۆبەن لە دارووخاندایە. بەگشتی شوێنی خۆی بۆ هێزە ڕاستڕەوەكان جێدێڵێت، بە دەگمەنیش، بۆ هێزە چەپەكان. ئەمەش لەكۆمۆنەی پاریسی"١٨٧٠"دا و بەر لەویش لە هەندێك بزووتنەوەی شۆڕشی هەندێك لە وڵاتان لە "١٨٤٨"دا دەبینرێت كە ماوەیەكی كەم بەردەوام بوون.

خاڵێكی دیكەی گرنگ كە پێویستە پەیوەست بە جاكۆبینیزمەوە دەستنیشان بكرێت؛ كاتێك كە هەستایە سەرپێ خۆی وەك تەواوی نەتەوەو دەوڵەت ـ نەتەوەی نوێ "كاتێك چووە دەسەڵات" ڕادەگەیەنێت. ئەو نەتەوەو دەوڵەت ـ نەتەوەیە لەڕاستیدا ناوو شێوەی پیرۆزكراوە نوێیەكەیە كەكەوتۆتە شوێنی گەردوونێبوون، ئەكۆمەنیزم، ئومەتگەرایی كە فۆرمی كۆمەڵگای نەریتین. ئەو نەتەوەو دەوڵەت ـ نەتەوەی تازە ڕاگەیەنراوە، ئایینی نوێیە. وەك ئایینێكی نوێ دەركی پێدەكرێت كە شوێنی ئایینی كۆن دەگرێتەوە. ڕاگەیاندنی ڕووكەشیانەی پیرۆزییەكی نوێی كۆمەڵگا

بۆ دەسەڵاتدارێتی مەرجە. لە دۆخێکی پێچەوانەدا لەلایەن ئومەتی کۆندا سەراوبن دەکرێن. لەدایکبوونی وشك و دژوارانەی دەوڵەت ـ نەتەوەی فەرەنسا، لەنزیکەوە پەیوەندی بە تیرۆریزەکردنی هەلومەرجەکانی شۆڕشەوە هەیە. تیرۆریزەکردنی شۆڕش، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی رادیکالیزمی چینی ناوین. هەندێك جار بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵات، پێویستی بەتوندڕەوی و بێڕەحمبوون دەبینێت. کاتێك چانسی دەسەڵاتداربوونیش نەما لەبەر هەمان هۆکارە بەشێوەیەکی خێرا بەرەو پاسیفیزم دەچێت. کاتێك ئومێدو هەلومەرجەکانی دەسەڵاتدارێتی لاوازبوون، ئەو بەشەی بەشێوەیەکی خێرا دەکوژێتەوەو زیاتر رادەستی هێزە راستڕەوەکان دەبێت، دیسان لەناو جاکۆبەنەکان دەردەکەون. بەشێکی کەمیشیان رادیکاڵتر دەبن، یان دەچنە ریزی کۆمۆنیستەکانەوە، یان خۆیان بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی دەگۆڕێن. لە هەموو قۆناخە شۆڕشگێڕیەکانی ئەوروپا و دواتریش لە تەواوی جیهاندا، دەشێت ئەو گێژاوە ببینرێت. خاڵێکی تری زۆر گرنگ کە پێویستە لە راستینەی ئەوروپادا روونبکرێتەوە، پەیوەندی فاشیزم و بەلشەفیزمە بە جاکۆبینیزمەوە.

بێگومان جاکۆبینیزم لە"١٧٩٤"دا کۆتایی نەهات، بەڵکو درێژەی بەبوونی خۆیدا. بە شێوازی جۆراوجۆر مۆرکی خۆی لە هەموو قۆناخەکانی شۆڕشەکانی دوای خۆیداوە. رۆڵی باوکی نەتەوەگەرێتی و دەسەڵاتگەرێتی زێدەرۆیی چینایەتی دەبینێت. نەتەوەگەرایی ئەڵمان و شێوە هەرە زێدەرۆیەکەی نازیزم چەندە خاوەنی ریشەی جاکۆبەن بێت، نەتەوەگەرایی رووس و بەلشەفیزمیش بەو رادەیە ریشەکەی جاکۆبەنە. ریشەکانی فاشیزمی ئیتالیاش بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراتر خۆیان دەسپێرنە جاکۆبینیزمەوە. نازیزم و فاشیزم (دەشێت هەموو فاشیزمەکانی لەسەر زیادبکات) تیرۆریستانەترین شێوەی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی پاوانخوازی جاکۆبەنەکانە، بەلشەفیزمیش (هەمان شت لەبارەی هاوشێوەکانیشی راستە) تیرۆریزمی ئەو توێژانەیە کە بەناوی چینی ژێرەوە بوونەتە دەسەڵات. لە هەردووکیشیاندا بە شێوەیەکی زێدەرۆییانە نەتەوەو دەوڵەت ـ نەتەوە بونیادنراوەو

گوزارەی لێکراوە، وەلێ بەناوی جیاوازەوەیە. بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە ریشەیەکی هاوبەشی جاکۆبەنیان هەیە. لێرەدا گرنگترین خاڵی کە پێویستە روونبکرێتەوە؛ لە راستیدا بەلشەفیکەکان تاچەند ببوون بە کۆمۆنیست. سەرباری بانگەشەکانیشیان من خۆم لەو باوەڕەدام کە ریشەی بەلشەفیکەکان جاکۆبەنەو نەیانتوانیوە بە تەواوی ببنە کۆمۆنیست؛ وەرچەرخانێکی کۆمۆنیستییان ئەنجامنەداوە. کارەکتەری دەسەڵاتدارێتی و نەتەوەپەرستی چینایەتییان وایان لێدەکات کە خۆیان وەك دەوڵەت ـ نەتەوە وێنا بکەن. دەوڵەت ـ نەتەوەش رژێمی سەرەکی دەوڵەتی سەرمایەدارییە کە لەدژی دەرکەوتوون. کاتێك پێشەنگایەتی ئیندستروپالیزم دەکەن و دەرکەوتنیان وەك مۆدێرنیستی رادیکاڵ دەست لێبەرنەدراوە شتێك بەناوی شۆڕشەوە نامێنێت. ئەزموونەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە سەرووشیانەوە ئەوانەی لە یەکێتی سۆڤیەت و چین پیادەکران، ئەو راستییە پشتڕاست دەکەنەوە.

پەیوەندی جاکۆبینیزم بە لیبڕالیزمەوە زۆر ئاشکراترە. جاکۆبینیزم وەك رەوتێکی تیرۆریستی شۆڕشگێڕی لیبڕالیزم رۆڵ دەبینێت. واتە باڵی رادیکاڵی لیبڕالیزمە. پێویستە لیبڕالیزم وەك هەشت پێیەك ببینرێت؛ نەك تەنیا بە قۆڵێك، بەڵکو بە چەندین قۆڵەوە دەجولێتەوە. تێڕوانینی جیهانی کاسۆلیك و بزووتنەوەی کۆمینالیستی دیموکرات دوو بزووتنەوەن کە لیبرالیزم لە خۆیانەوە ناگرێت.

تێڕوانینی لیبڕاڵ کە ئایدیالیزم و ماتریالیزمی سۆبژەکتیف و ئۆبژەکتیفی گۆڕیوەتە ئایدیۆلۆژیای پۆزیتیڤیست بەکاردێنێت، هەژموونگەراییەکی ئایدیۆلۆژییە کە شیکارکردنی زۆر زەحمەتە. کاتێك لە ئەنارشیستەکانی خاوەن رادیکاڵترین بۆچوون، تا جوڵانەوە رۆژانەییەکانی وەك فێمێنیست و ژینگەپارێزەکانی وەك تێڕوانینی زۆر جیاوازو شێوازی ژیان دەبینرێن لەناو مۆدێرنیتەی خۆیدا دەتوێنێتەوە، ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژی لیبڕالیست یەکێك لەسەرچاوە راستەقینەکانی هێزی سەرمایەدارییە.

بەوشێوەیە باشتر روون دەبێتەوە کە پێویستە لەدایکبوونی تورکیای مۆدێرێن پەیوەست بەڕاستی جاکۆبیینیزم و جیهانگیری سەرمایەداری شیکاربکرێن. لە بەرامبەر ئەو سەرمایەدارییەی لە سالآنی"١٨٧٠" دەربازی قۆناخی پاوانخوازی ئیمپریالیستی بوو، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەمیانەی کۆنفرانسی بەرلینی سالی"١٨٧٨"دا زیاتر کەوتە قۆناخی پەرتەوازەبوونەوە. رەوتەکانی دەولەت ـ نەتەوە، لەناوخۆ و دەرەوە دەزگا کۆنەکانی ئیمپراتۆریەتی باویان دەهەژاند. تەدبیرەکانی ریفۆرمیش کاریگەر نەبوون. رزگارکردنی ئیمپراتۆریەت ئامانجی سەرەکی بوو. ئەو رەوتەی بە بزافی جۆن تورك ناونرابوون، رەنگدانەوەی بالێکی ئەو رەوتە بوو کە لە ئەوروپا بە پێشەنگایەتی مازنی سەریهەلدابوو. وەك بالی نەتەوەپەرستی جاکۆبینیزم شێوەی گرتبوو.

یەکێك لەو مەیلانەش رەوتی ئیتیحاد و تەرەقییە کە دەشێت وەك میللیگەرایی عوسمانیش هەلسەنگێنرێت و لایەنە تایبەتەکانی سەرنج راکێشە. تایبەتمەندی یەکەم، رەوتێك یان جولانەوەیەکە خۆی لەناو دەولەتدا رێکخستووە نەك ناو کۆمەلگا. دووەمین تایبەتمەندی گرنگی، هەر لەسەرەتاوە بەشێوەی نەتەوەپەرستی دەولەت خۆی رێکخستووە. سێیەمین تایبەتمەندی، بەدەستی دەولەتەوە ومرچەرخانی سیستەمی بەشێوەی سەرمایەداریو بۆرژوازی بەخۆوە بینیوە. ئەو سێ تایبەتمەندیانە، کارەکتەری جاکۆبینیزمی راستڕەوی فاشیستیانەی ئیتیحادو تەرەقی ئاشکرا دەکەن. لەکاتێکدا کە نازیزمی ئەلمانیا و فاشیزمی ئیتالیاش وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەری دەستیان پێکرد و دواتر بەشێوەی دەولەت خۆیان رێکخست، بەلام بەهەموو شتێکیەوە ئاوابوونی ئیتیحاد و تەرەقی لەناو دەولەتدا، کارەکتەری هەرە کۆنەپەرستی جاکۆبینیزم، تەنانەت لەراستیدا کارەکتەری فاشیستیانەی پیشاندەدات کە لە جاکۆبەنیەت دەرکەوتووە. لەبەرئەوەی وەك دەولەتێکی هاوتەریب لەناو دەولەتدا خۆی رێکخستووە، خەسلەتی رێکخستنێك دەخاتە روو کە بە دەگمەن دەبینرێت. بەگوێرەی دەولەتی باو، وەك دەولەتێکی

پێشکەوتووخواز سەرهەڵنادات، بەڵکو وەك نیشانەی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی فاشیست دێتە ئاراوە. بەو دۆخەیەوە یەکەمینەو دیاردەیەکی نموونەیە. لەخۆڕانییە کە دواتر هیتلەریش وەك مۆدێلێك بەبنەمای دەگرێت. یەکەمین مۆدێلی دەوڵەتە لەناو دەوڵەتدا.

لەوەش سەرنجڕاکێشتر، لەناو دەوڵەتدا بەدەستی دەوڵەت، نەتەوەپەرستی ئاوا دەکات. وێڕای ئەوەی کە هەر چوار دامەزرێنەرە یەکەمینەکەی ئەو ڕێکخستنە بەرەچەڵەك تورکیش نین، بەڵام هەنگاونانیان بۆ ئاواکردنی نەتەوەی پرۆتۆ ـ تورك، هەواڵدەری سەرەتای سەختگیربوونی کێشەی دیموکراسییە. ئەو دەوڵەت و نەتەوە هاوتەریبەی ئاوایانکردووە، هەر لەسەرتاوە پێچەوانەی دەوڵەتی باوو ڕاستینەی سۆسیۆلۆژییە. بەتەواوی گریمانەییە. بەو شێوەیە تایبەتمەندێتیەکی دیکەی دیاری کارەکتەری فاشیزم، دەردەکەوێتە مەیدان. کاتێك لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵەکە هەنگاو بۆ کۆمیتەگەرایی دەهاوێژێت، بەجۆرێك لەجۆرەکان مانای شەڕی ناوخۆیە. دەشێت دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لەناو دەوڵەتدا بۆ سەرهەڵدانی کۆمیتەی چەکداری ساڵی"١٩٠٦" بگەڕێندرێتەوە. بەڕێوەچوونی شەڕی ناوخۆ لەناو دەوڵەتدا، نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە زۆر بە دەگمەن هاوتاکەی دەبینرێت. ئەو هەنگاوە کە دواتر دەبێتە مۆدێلێکی کودەتاکردن تەنانەت دەرفەت بە دیموکراسیەکانی شێوازی ئەوروپاش نادات.

بەکارهێنانی دەوڵەتی فەرمی لەلایەن نوخبەی نافەرمیەوە، مانای زۆرترین بنپێکردنی بنەماکانی دیموکراتیزەبوون دێت. لەوە خراپتریش بێناوەڕۆککردنی دەوڵەتە. سیفەتی هەرە بەرچاوی دەوڵەت فەرمیەتەکەی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەڕێگای یاسا دەستنیشانکراوەکانەوە. وێڕای هەموو کەموکورتیەکانیشی، نەریتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن سوڵتانە عوسمانیەکانەوە زۆر لەبەرچاوانە. هەرچەندە کارەکتەرێکی ئایینیشی هەبێت بەڵام خاوەن یاساو ئەخلاقی تایبەت بەخۆیان بوون. پەنابردن بۆ تەکتیکێکی پیلانگێڕانە زۆر دەگمەن بوو، ئەویش لەئەنجامی هەندێك

ڕەفتاری شەخسیەوە دەهاتە ئاراوە. شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا لەلایەن ئیتیحاد و تەرەقی، لەسەرەتاوە هەتا دوایی کارەکتەری پیلانگێڕی و کودەتابوو. دەرکەوتن لە راستی دەوڵەتبوون گوزارە لەم راستییە دەکات. لەکاتی بەشداریکردن لە یەکەمین شەڕی جیهانیشدا ئەو راستییە بە هەموو رووتیەکەیەوە دەستبەکارە. کاتێك لەقووڵاییدا سەیر بکرێت، لە راستیدا دەبینرێت کە لەمیانەی گومڕاترین و فاشیستانەترین رێبازەکانی جاکۆبینیزمەوە دەوڵەت رزگار ناکرێت. بە پێچەوانەوە لەناو دەبرێت. چەتەگەرایەتی دەوڵەت، مانای لەناوبردنی دەوڵەتە. وێڕای نیازپاکیەکەشیان بەڵام مەشرووتیەتی یەکەم و دووەم بەپێچەوانەی ئامانجەکانیان کۆمەکی نامەشروتیەت، دەوڵەتی چەتەگەرو چەمکی بێدەوڵەتیان کردووە. چەتەگەرێتی بیرۆکراتی دەوڵەتی نوێی زۆر لە دەوڵەتی کۆن خراپتر کردووە.

ئەو شکستەی فاشیزمی ئەڵمانی لە ساڵی"١٩٤٥"دا دووچاری هات، لە ساڵی١٩١٨ فاشیزمی ئیتیحاد و تەرەقی بەناوی تورکێتی تووشی هات. بە شێوەیەکی تریش نەدەبوو. زۆر پێشتر دەوڵەت بەهۆی چەتەگەرێتی ناوخۆ دووچاری شکست هاتبوو. لەساڵی"١٩١٨" لەئەنادۆلی ناوین و میزۆپۆتامیادا نەك تەنیا دەوڵەت، بەڵکو کۆمەڵگاش رووبەڕووی داگیرکاریەکی ئاشکرا ببوویەوە. قەیرانی دەوڵەت و دیموکراسی لە قووڵترین دۆخی خۆیدابوو. لەبەرامبەر ئەمەدا، ئامرازەکانی دیکەی دەوڵەت و هێزەکانی کۆمەڵگاش جگە لە دیفاعی نەفس و دەربازبوون بۆ دۆخی بەرگری رەوا هیچ چارەیەکی تریان نەبوو. ئاشکرایە کە لەبەرامبەر ئەو تابلۆیەدا رێبەرایەتی مستەفا کەمال تایبەتمەندێتیەکی جاکۆبەن وەبیر مرۆڤ دێنیتەوە. داگیرکەری ئاشکرا هەنگاو بەهەنگاو پێشدەکەوێت. لەمێژە نوخبەی بەڕێوەبەرایەتی نەریتی رێککەوتنی لەگەڵ هێزە بیانیەکان کردووە. پێگەی رێبەرایەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش جێگای باس نییە کە زۆر لاواز بوو. ئەوەی دەمێنێتەوە چانسی چینی ناوینی زۆر رادیکاڵ و رێکخراوە، کە بەناوی هەموو کۆمەڵگاوە بکەوێتە جموجۆڵەوە. مستەفا کەمال هەم شێوازی پێگەیشتنی کەسایەتیەکەی، هەم بەهۆی هۆشیاری و ئیرادەشەوە پڕ بە پێستی

ئەو هەلومەرجانەو گەشتیەوانی دۆخ. وو. ەروەها شارەزایی باشی بۆ زمانی فەرەنسی، ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنی ف ەنسای کۆماری سێیەمین کردووە کە پرەنسیپەکانی جاکۆبینیزمی پەسەندکردوو، زۆر بە باشی لە کۆمارگەرێتی جاکۆبەن تێگەیشتووە. لەلایەنی ڕێکخستنیشەوە پێگەکەی گرنگە. هەم دۆخی بەرهەڵستکاری لەبەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی ئیتیحادو تەرەقی، هەم لەکاتی پەرتەوازەبوونی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە یەکگرتنی لەگەڵ گرووپەکەیدا کۆمەکێکی گەورەی پێشکەش بە چانسی ڕێبەرایەتی جاکۆبی کردووە. ئەوەی دەمێنێتەوە هەنگاونانە بۆ پێگەی ڕێبەرایەتی کردنی کرداری.

ئاشکرایە کە مستەفا کەمال لەساڵی"١٩١٩" چۆن دەستی بە ڕێبەرایەتی کرداری کردووە. لێرەدا سەرەکیترین پرسیاری زەقبکرێتەوە؛ چۆن توانی فەرمانداریێتی داگیرکەری ئینگلیزو سوڵتان وەحدەدین دەرباز بکات. وەڵامی ئەو پرسیارە کە دەبێتە بابەتی زۆرێك لە گفتوگۆ ئالۆزەکان، لەگەڵ بە دەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی کرداری ئیتر گرنگی خۆی لەدەستدەدات. ئەو قۆناخەی ساڵی"١٩٢٠" بەڕاگەیاندنی پەرلەمان دەستپێکرد، لە ڕاستیدا لە دژایەتیکردنی داگیرکەری زیاتر، گوزارشت لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکات. چۆنایەتی پەرلەمان و ئامانجەکانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت. گرنگترین خاڵی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، ئەو هێزانەی لەم شۆڕشەدا ڕۆڵی سەرەکییان بینی هێزە پەرتەوازەکانی دەوڵەت نەبوون، بەڵکو هێزەکانی کۆمەڵگا بوون. ئەگەر هێزەکانی کۆمەڵگا پشتیوانیان نەکردبوایە ئەوا ئامرازە نەخۆش و تێکشکاوەکانی دەوڵەت، نەیاندەتوانی بزووتنەوەی شۆرشگێڕی بەڕێوەببەن. مستەفا کەمال کە زۆر باش دەرکی بەو ڕەوشە کردووە، مایەی تێگەیشتنە کاتێك بە پێداگریەوە پەرلەمان وەك تاکە سەرچاوەی ڕەوابوون نیشاندەدات. هەرچەندە لە ئاستێکی قووڵیشدا نەبێت، بەڵام لە هەلومەرجەکانی شۆڕش تێگەیشتووە. نوێنەرایەتی زۆربەی هێزەکانی کۆمەڵگا دەکات. خەسڵەتی دیموکراتیانەی یەکەمین پەرلەمان ئاشکرایە. لەمیانەی بونیادە ئایینی، نەتەوەیی و چینایەتیەکەیەوە پێگەی

سنوورەکانی میساقی میللی روون دەکاتەوە کە بە بنەمای گرتووە. هەتا دوایی دژی داگیرکاری دەوەستێتەوە. کارەکتەری ئایینی کۆمەلگا لە کارەکتەری میللی لەپێشترە. کوردو تورکە موسلمانەکان هێزە سەرەکیەکانی کۆمەلگان. دوژمنایەتی کۆمۆنیزم ناکات. لە ریگای شەخسی لینین دا دۆستایەتی لەگەل ئەنتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستدا دەکات. مۆرکی چینی ناوینی پێوەیە. بەشێکی زۆری بیرۆکراسی و ئەشرافیش سەر بەو چینەن، ئەو بزووتنەوەیە وەك ریگەچارەی کێشەکانی مان و نەمان دەبینن. ئەگەر هێشتا بەرجەستەتری بکەین، وەك ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستە تورکە عەلمانیەکانی چینی ناوین، ریبەرە کوردو تورکەکانی ئومەتگەرا ئیسلامیەکانی عەشیرەت و ئەشرافەکان لەگەل سۆسیالیستەکانی چینی ژێر کە هەواداری بەلشەفیك بوون ئەو هێزانە بوون کە لە پەرلەمانی تورکیادا ریککەوتبوون. هەرچەندە دیاریش نەبێت، ئەو رەوتە و نوێنەرایەتیەکانیان لە هەلومەرجی داگیرکەری ئاشکرادا، وەك هێزەکانی کۆمەلگا کەوتوونەتە جموجۆل.

هەرچەندە ریبەرایەتی مستەفا کەمال پێویستی بە هەل بوو، بەلام پەسەندکراوە. سەنگەرگرتنی ئەو هێزانەی کۆمەلگا ریگای لە داگیرکردنی ئاشکرا گرتووە. سالەکانی "١٩٢٠- ١٩٢٤" قۆناخی شۆرشە کە لایەنی توندوتیژی و سەربازی لەپێشە. وەك پرۆسەیەك جاکۆبەنێك بەسەرکەوتوویی تێپەریووە. ئەو قۆناخە دەرفەتێکی گرنگی لە لایەنی دیموکراتیزەبوونەوە رەخساندووە. لەگەل راگەیاندنی کۆمار لە سالی"١٩٢٣"دا، ئەو دەرفەتە بەردەوام بووە. بەلام لەریگای دەستووری"١٩٢٤"، زۆر کەوتنە دواوەی دەستووری"١٩٢١"، لەمیانەی هەلبژاردنی"١٩٢٣" فرەیی پەرلەمانی تورکیا سەرکوتکرا، هەروەها بەبیانووی سەرهەلدانی کوردان لە"١٩٢٥"دا پەراوێزکردنی کوردان ئەو دەرفەتە مێژووییەی پێچەوانە کردۆتەوە، سیستەمی هەژموونگەرایی یەك پارتی وەك بژار پەیرەوکراوە.

ئێستاش بابەتێکی گرنگی گفتوگۆیە کە بۆچی و چۆن دەربازی ئەم قۆناخە بوونە. بەلام وەك ئەنجام هێزو هۆکاری کوشتنی مستەفا سوبحی و کادیرە

پێشەنگەکانی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا"TKP"، دوورخستنەوەی سەعید نورسی و محەمەد عاکف دوو کەسایەتییە گرنگەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ساڵی"١٩٢٣"دا هەروەها پیلانگێڕی و ئاژاوەگێڕییەکانی لە سەرهەڵدانی کوردان لە ساڵی "١٩٢٥"دا روویدا، هەر چییەك و کێ دەبێت، کێشە نییە، بەشێوەیەکی ئاشکرا دەیسەلمێنێت کە ڕێکەوتنی دیموکراتی تێکچووە و قۆناخی هەژموونگەرایی بەبنەما گیراوە. لە هەڵسەنگاندنی قۆناخی هەژموونگەراییدا بەرپرسیارگرتنی مستەفا کەمال ڕێگا لەپشتگوێخستنی هۆکارە سەرەکییەکان دەکاتەوە. لە ئاستی پێویستدا مستەفا کەمال رۆڵی مێژوویی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری و ڕاگەیاندنی کۆمار بینیوە. بەڵام نەیتوانیوە ڕێکەوتنی دیموکراتیانەی کۆمار بپارێزێت و ڕێگا لە هەڵوەشانەوەی بگرێت. لێرەدا هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کاریگەرییەکەی زۆر لە رۆڵی کەسایەتییەکان زیاتر بووە. لەناوخۆدا وروژاندنی یاخیبوونی کوردان و بەکرێگیراوەکانی سەڵتەنەت، ڕۆڵێکی گرنگییان لە پەراوێزکردنی کوردان بینیوە. لەکاتێکدا لەو دەنگدانە شاراوەی کە لە ساڵی"١٩٢٢" لە پەرلەمانی تورکیادا ئەنجامدراوە، بە"٣٧٣" دەنگی ئەرێ و بەدژایەتی "٦٣"دەنگ، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنێك پەسەندکرا کە خۆبەڕێوەبردنی کوردان بە بنەما دەگرێت. لە سەرەتای ساڵی"١٩٢٤"دا، لە خودی ئەو لێدوانانەی مستەفا کەمال خۆی ڕایگەیاندوون، باسی پرۆژەیەکی چارەسەری کردووە کە مانای خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی کوردان دەبەخشێت.

پەراوێزکردنی کوردان لە بڕیارێکی نەخشە بۆ کێشراوی ئەتنیکی مستەفا کەمال زیاتر، پەیوەندی بەو ئاژاوەگێڕیانەوە هەیە کە بەریتانیا لەگەڵ لایەنگرانی سەڵتەنتدا نایانەوە تا سەرباری میساقی میللیشەوە موسڵ و کەرکوك لەدەرەوەی سنوور بهێڵرێنەوە. بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەمە کراوە؛ لەبەرامبەر موسڵ و کەرکوك ـ وەك ئەوەی لەبەرامبەر ڕۆم و ئەرمەنیەکان ئەنجامدراوە ـ ڕێکەوتنێکی لەناوبردنیان کردووە. بۆچی کۆمار لەبەرامبەر ئەو تەعویزانەی بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی

داویەتی کە لە بەرامبەریدا شەڕی سەربەخۆیی بەڕێوەبردبوو، کوردی خستۆتە دەرەوەی سیستەم؟ ئەمەش لە هەڵەیەکی مێژوویی زیاتر، پەیوەندی بە بژاریکەوە هەیە. لەو بڕوایەدان کە ئیتر پێویستی بە ڕێکەوتن لەگەڵ کوردان نەماوە. هەروەها لە پشتیوانیکردنی ئینگلیز بۆ کوردانیش دەترسن. ئەو ڕێکەوتنەی کە پێی گەیشتوون، لەو پەیماننامانە دەچێت کە لەگەڵ یۆنان، رووس و فەرەنسیەکان بەستوویانە. لەو دۆخەدا یەکێك لەو هەنگاوە گرنگە دژە دیموکراتییانەی لە یەکەمین ساڵانی دامەزراندنی کۆماردا هاوێشتراوە، سەبارەت بە کوردە. ئەنجامەکەشی تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ناسۆری مەزن، زیانی مادی و پاشەکشێی بەردەوامی کۆمارە بە لایەنی دژە دیموکراسیدا.

تێکچوونی ڕێکەوتن لەگەڵ ئومەتگەرای ئیسلامیش دووەمین هەنگاوی گرنگی دژە - دیموکراتییە. هەرچەندە لەژێر ناوی عەلمانیەتدا، بەردەوام کامپینێکی ئایدیۆلۆژی و پراکتیکی لە بەرامبەر ئومەتی ئیسلام بەڕێوە بچێت و کێشەکەش بەشێوەی کۆنەپەرستی - پێشکەوتنخوازی پیشانبدرێت، بەڵام ئەوەی پەیڕەو دەکرێت بژاری هەژموونگەرایی سیستەمە. کەمەندکێشکردنی چەمکی ئوممەتی ئیسلامی زاڵ بۆ ژێر هەژموونگەرایی، هەڵمەتێکی نەخشە بۆکێشراوی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بوو کە هەنگاویان بۆ هاوێشتبوو. لە سەردەمی هەموویانەوە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، ڕۆڵی هێزەکانی ئەوروپا لەمەدا لەپێشەو گرنگە. بژارەکە بەگوێرەی ئەرێکردنیان پەیڕەوکراوە. لە ناوەوەو لە دەرەوە دابڕانی کۆماری تورکیای نوێ لە ئومەتی ئیسلام، وەك ئامانجێکی ستراتیژی دانراوەو لەو چوارچێوەیەشدا هەڵوێستیان پیشانداوە.

هەر لە سەرەتاوە هەڵدراوە نوێنەری چینی کرێکاران لەدەرەوەی سیستەم بهێڵرێنەوە. نەك تەنیا کۆمەڵکوژی مستەفا سوبحی و هەڤالانی، بەڵکو قەدەخەکردن و گرتنی بەردەوامیان سەرچاوەی نە بژاری بەدەرنان لەسیستەم وەردەگرت.

هەژموونگەرایی بۆرژوازییەك جێگای باسە کە دەیانویست خۆیان لە ژێر باڵی پاراستنی کۆماردا پێکبێنن. بابەتی گفتوگۆکردن بوو. لەرێگای بەکارهێنانی

هاوپەیمانە ستراتیژیەکانیان، مۆڵەتی دەسەڵاتداریێتیەکی ژێر هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییان وەرگرتووە. دەوڵەتێکی نوێ جێگای باسە کە لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار لەکۆنگرەی ئابووری ئەزمیر، بەشێوەیەکی ئاشکرا بژاری خۆی بەلای سەرمایەداریدا نیشانداوە، لەمیانەی شۆڕشە مەدەنیەکانەوە بژاری خۆی بۆ مۆدێرنیتە خستۆتە ڕوو، هەروەها هاوپەیمانەکانی فڕێداوەتە دەرەوەی سیستەم و بەشێوەیەکی ئاشکرا بژاری خۆی بە لایەنی شارستانی ڕۆژئاوادا پیشانداوە. لێرەدا لە کەسایەتی مستەفا کەمال زیاتر، دەستەواژەکانی ماوەی کۆنژەکتەرو بونیادی دیاریکەرن. ژیانداریکردنی کۆماری ڕاگەیەنراو، بەدۆستایەتیکردنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا دەرباز دەبوو. هەرچەندە هاوپەیمانێتیەکی دۆستایەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مۆسکۆش هەبێت، بەڵام دۆستایەتییە سەرەکیەکەی لەگەڵ بەرەی بەریتانیادا بووە.

ئەمە ئەو واقیعەیە کە مۆرکی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەی مستەفا کەمالیشداوە. کاتێك واقیعبینی مستەفا کەمال بێنینە بەرچاو، ئەوا تێگەیشتنی ڕووداوەکان زەحمەت نییە. ئاشکرایە کە کۆمار تەنیا لەمیانەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەیتوانی بژیت و بەردەوام بێت. قەوارەیەکی سیاسی جێگای باسە کە بەتەواوی لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیای ئەو کاتە تەبایە. ڕێگا دراوە کۆمار ببێتە دەوڵەت ـ نەتەوەیەك، لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد، ئیسلام و سۆسیالیستەکان بەدەرنراون. ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیا نەبوایە، کۆمار هاوپەیمانە سەرەکیەکانی خۆی پشتگوێ نەدەخست. ئاراستەی ئەو قۆناخە بەرەو ڕژێمە فاشیست، سەرەڕۆو کۆنژەکتۆرەکان کاریگەری لەسەر بژاری دەولەت ـ نەتەوە هەبووە. بەتایبەتیش دوای ساڵانی"١٩٢٠" ئەو بژارە بەرچاوترە. ماوەیەکی درێژ بژاری کۆمار بەلایەنی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا بووە. هەرگیز بژاری سۆڤیەت و سەرلەنوێ گەڕانەوە بەرەو شارستانیەتی ئیسلامی نەخراوەتە ڕۆژەڤەوە.

لە کۆماری تورکیادا، بەڕێوەبردنی دەوڵەت نەتەوە بە نەتەوەپەرستیەکی بێسنوور، لەهەر جۆرە هەنگاوێکی دیموکراتی گرنگتر بینراوە. بەپێچەوانەی مەزەندەکان، لەو ئەزموونەدا مستەفا کەمال لە پێشی پێشەوە نییە. ئەزموونی "فرقەی سەربەست" لە ساڵانی "١٩٢٠"دا، پەیوەستبوونی قووڵی بە لێکۆلینەوەکانی سەبارەت بە سۆمەر و هیتیتیەکانەوە، پیشانیدەدات کە نەژادپەرست نەبووە بەڵکو دیموکرات بووەو بە پشتبەستن بە دەوڵەمەندی کلتووری ئەنادۆڵ لێگەڕینی بۆ وڵاتپارێزی بووە. بەردەوامکردنی بەرنامەی دەوڵەت ـ نەتەوە بەهەموو زێدەڕۆیی و خێراییەکەیەوە گرێدراوی هێزی نەریتی ئیتیحادگەراکانە. لە دەرەوەی مستەفا کەمال کەسێکی تر نەبوو لەبەرامبەر ئەو نەریتەدا تێکۆشان بکات. بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری بیرۆکراسیەتی سوپا و مەدەنیش لە سەرووی هەمووشیانەوە عیسمەت ئینۆنو، فەوزی چەکماك و کازم قەرەبەکر، ریشەکەیان ئیتیحادو تەرەقییە، شوێنکەوتووی وشکی ئەو نەریتە باوەبوون. تاکە گۆڕانکاری ئەوەبوو لە لایەنگیریکردنی ئەڵمانیاوە ببوون بە لایەنگری ئینگلیزەکان. ئەو بوویەرانەی دوای هەوڵە تیرۆرکارییەکەی ـەزمیر هاتنەئاراوە، پیشاندەدات کە مستەفا کەمال لەژێر گۆشەگیریەکی تەواودایە. مستەفا کەمالی دوای ساڵانی "١٩٢٦ ـ ١٩٢٧"، لەناو چەرخ و فەلەکی بیرۆکراسیەت لە چانقایەدا کلیل دراوە. کاتێك دەڵێم حوکمی کەسەکان نییە بەڵکو حوکمی کۆنژەکتۆر بێرەو دەکرێت، هەوڵدراوە جەخت لەسەر گرنگی ئەو راستییە بکرێتەوە. پێویستە بە گرنگییەوە ئەو خاڵەش رەچاو بکەین کە تاوەکو لەساڵی ١٩٤٨ ئیسرائیل دامەزرێنرا بزووتنەوەی زایۆنیزمی سەر بە ئیمپراتۆریەتی بریتانیا تورکیای نوێی وەك وڵاتی دایك بۆ یەهودیەکان پێشنیار دەکرد.

بەکورتی تا مردنی مستەفا کەمال، قۆناخی کۆمار لەمیانەی ئایدیۆلۆژیاو کردەوە زێدەڕۆییەکانی دەوڵەت ـ نەتەوەو نەریتی وشکی ئیتیحادگەرایی لەناو بونیادێکی هەژموونگەرایی ودژ ـ دیموکراتیدا بووە. سەرەڕای ئەوەی ئەولەویەتی پێدراوە، بەڵام پەرەسەندنی سەرمایەداری دەوڵەتی و پیشەسازیگەرایی سنووردارماوە. مۆدێرنیتەی

سەرمایەداری کە بە شارستانیەتی رۆژئاوای هاوچەرخ ناودەبرێت، تەنیا لەژێر سایەی رژێمێکی سەرمزۆی تاك پارتی درێژەی بە هەژمۆوونگەرایی خۆیداوە. کێشەی دیموکراسیش چەندەی بلێی سەختبووە. دوای شەڕی جیهانی دووەم گرێدراو بە هەلکشانی هێزی هەژموونگەرایی نوێی سیستەم ئەمریکاوە، لەگەڵ دەرکەوتنی پارتی دیموکرات"DP" لەسالانی"١٩٤٥   ١٩٥٠"دا تەقینەوەیەکی بەخۆوە بینی. ئەوەی لەرێگای پارتی دیموکراتەوە لەسەر سیستەم زیادبووە، بەشێکی ئەشرافەکانی دەوروبەری ئیسلامییە. ئەو رووداوەی لە عەلمانیەتدا بە دواکەوتن ناودەبرێت، لەناوەرۆکدا کەمبوونەوەی بەشی بۆرژوازی بیرۆکراتییە لە قازانج و داهاتی دەوڵەتدا. تێکۆشانی قازانجخوازی لەرێگای عەلمانیەتەوە بەرێوە دەچێت.

چەپی سەرکوتکراویش لەو قۆناخەدا هەوڵی جموجۆلکردن دەدات. جولانەوەی کوردیش لەناو هەنگاو هاوێشتنێکی زۆر لاوازتردایە. لە کاتێکدا سێ جولانەوە دیموکراتیەکەی فاشیزمی ئیتیحادگەرایی سەرکوتی کردبوون بەنۆرە هەوڵی زیندووبوونەوەی دەدەن، کۆماری تورکیاش کە دەبێتە ئەندامی ناتۆی ژێر هەژموونگەرایی ئەمریکا، لەپاسەوانێتی ئینگلتەراوە دەربازی ژێر پاسەوانێتی ئەمریکا دەبێت. ئەمریکاش ئەو پاسەوانێتییە لەرێگای رێکخستنی گلادیۆوە ئەنجامدەدات. لەماوەی نێوان سالانی"١٩٥٠ ـ ٢٠٠٧"دا سەرجەم بونیادە سەربازی ـ سیاسیەکان لەژێر چاودێری گلادیۆدا کاردەکات. تێگەیشتنی ئەو راستییەی کە جگە لە قۆناخی جاکۆبانیکی سالانی "١٩٢٠ ـ ١٩٢٢"دا، تەواوی سەردەمەکانی دیکە لەژێر کۆنترۆڵی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە پێشکەوتووە، سەبارەت بە کێشەی دیموکراسی گرنگە. سەربەخۆیی خەیاڵێکی بۆرژوازی بچووکەو پەیوەندی بەو راستیەوە نییە. لە سیستەمێکدا کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری هەژموونگەرایی جیهانی خۆی تێدا زالکردووە، هیچ وڵات و دەوڵەتێك سەربەخۆنین. بەهۆی تایبەتبوونی نەنادۆڵەوە کۆماری تورکیا، دەوڵەتێکە بە زۆرترین تۆڕەکانی پابەندبوون بە سیستەم گرێدراوە.

ڕێکخراوی گلادیۆ کە دوای شەڕی سارد گرنگی نەماوە، لەبەرهۆکاری"PKK" هەتا ساڵی"٢٠٠٧" کاریگەریەکەی لەتورکیا بەردەوام دەبێت. گلادیۆی ناتۆ لەژێر ناوی جیاجیاوە کاروبارەکانی خۆی لە تورکیا بەڕێوەدەبات، تەنانەت چانس بە دیموکراسیەتێکی بۆرژوازیش نادات. لەکاتێکدا کۆماری تورکیا لەماوەی نێوان ساڵانی"١٩٢٥- ١٩٩٠"دا، تا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت رۆڵی دژە - سۆڤیەتی دەبینی، دوای ساڵانی"١٩٩٠" هەوڵدەدرێت وەك وڵاتێکی مۆدێل و نموونە لە مۆدێرنکردنی ئیسلامدا بەکاربهێنرێت. بونیادی کۆمیتەگەرا - کودەتاچی ناو دەوڵەت رۆڵێکی گەورەی لەو داخوازییەی خۆ بەکارهێنانی کۆماری تورکیادا هەیە. بەکارهێنانی هێزە جیاوازەکان لە بەرامبەر یەکتری، ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێت. شەڕی چەتەگەرێتی لەناو دەوڵەتدا، زۆر لە مەزەندەکان زیاتر کێشە کۆمەڵایەتیەکان سەختگیرتر دەکات. ئەگەری هەر بزووتنەوەیەکی دیموکراتی بە کۆتایی خۆی دادەنێت، تەنانەت بچووکترین جموجۆڵی دیموکراتیش سەرکوت دەکات.

مانای کۆماری تورکیا بۆ شارستانیەتی رۆژئاوا سنووردارە بە کۆمەککردن بە ئاسایشەکەی و پێشکەشکردنی بازاڕو دەستی کاری هەرزان بۆ ئابوورییەکەی. شەڕی کۆماری تورکیا لەگەڵ "PKK"، تەنیا بە ئاشکراکردنی ئەو سیاسەتەی سیستەم نەوەستا،، بەڵکو ئەوەشی سەلماند کە ناکۆکی"PKK" لەگەڵ سیستەمدایە. هەروەها ئەوەشی روون کردەوە کە لەیەکتری جیاکردنەوەی کوردو تورك نابێتە ئامانج. کاتێك بۆ یەکەمین جار بەمجۆرە راستیەکانی سیستەمی دەسەڵاتدار ئاشکرابوو تێکۆشانی دیموکراسی راستەقینەی تورکیاش شێوەیەکی رادیکالانەی بەخۆیەوە بینی. تێگەیشتنی ئەو راستییە گرنگە کە شەڕی"PKK" لەگەڵ کۆمار نییە، بەڵکو دژی ئەو ئانتی دیموکراسیەتەیە کە لەئارادایە. لە بەرامبەر دەوڵەت - نەتەوەیەك، دەرکەوتن لە تەنگەژەی دەوڵەتۆچکە - نەتەوەیەك، مانای دیموکراتیزەبوونێکی جێگیر دەبەخشێت. ئەمەش بەو واتایە دێت کە کێشەی سەختی دیموکراسی کەوتۆتە قۆناخی چارەسەرییەوە.

ئەنجام، هەوڵی تیرەکانی ئۆغوز لەسەدەی یازدەهەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە زۆرەکانیان لەمیانەی هەنگاونان بەرەو ئیسلام سەرەتای کێشەکانی دیموکراتیزەبوونی تورکیای ئەمڕۆ پێکدێنن. لەکاتێکداپلەدارەکان"هیرارشی"ی سەرووی تیرەکان، لەرێگای دەوڵەتبوون هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەدەن، توێژە هەزارەکانی ژێرەوەش بەناوی تورکمانێتی لە رۆژهەلاتی ناوین بلاوبوونەوە، هەوڵیاندەدا بەردەوامی بەشێوە ژیانی سەرەتایی و دیموکراسی سروشتی خۆیان بدەن. لەکاتێکدا تایبەتمەندی ئەتنیکی چینی سەروو، لە ناو کلتووری عەرەب و فارسدا دەتوێتەوە، تیرە تورکمانەکانیش تایبەتمەندییە ئەتنیکیەکانیان تا رۆژی ئەمڕۆ گواستۆتەوە. ئەرستۆکراتی تیرەکان وەك بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و فەرماندارانی سوپا شوێنی خۆیان لە شارستانیەتی ناوەندیدا گرت، تورکمانەکانیش هەرچەندە ژیانی شێوازی کۆنیان لەپێشتر بێت، بەلام بەشداری ژیانی نیمچە جێگیریش بوون. زیاتریش لەگەڵ خەڵکە جێنشینەکە گونجاون. لەکاتێکدا رژێمی سەردەمی سەلجوقی و ئاتابەگەکان، و سەردەمی عوسمانیەکاندا، بەشێوەی شارستانیەتی هاوبەشی ئارستۆکراتیەتی فیوداڵی پێشکەوت، دۆخی تێکەڵی گەلانیش، وەك رەوشێکی سروشتی ژیان بەردەوامبوو.

باب و باپیرانی تورك و کوردانی ئەمڕۆ، هەرچەندە هەندێك ناکۆکیش لەنێوانیاندا هەبێت، بەلام ئاگاداری ئەو راستیەشن کە پەیوەندی ستراتیژی نێوانیان رۆڵێکی ژیانی دەبینێت. وەك دەزانرێت لە سەدەی"١١" لە کردنەوەی دەروازەکانی ئەنادۆڵ بۆ تیرەکانی ئۆغوزو شەڕکردن لە دژی سوپای خاچپەرستەکان، هەردوو گەل لەناو ستراتیژیەتێکی هاوبەشدا دەجولێنەوە. ئەو پەیوەندییە ستراتیژیەی کە میرنشینە کوردو تورکەکانی تێپەڕاندو لەچوارچێوەی قەومدا پێشکەوت، تەنیا لەدژی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیی نەبوو، هەروەها بەرامبەر خاچپەرستەکانیش سنووردار نەبوو، بەڵکو لە دژی سوڵتان، پاشایەتی و میرنشینە عەرەبەکانیش بەهەمانشێوە بوو. بۆ جاری یەکەم پێکهێنانی ئەیالەتی کوردستان لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا، ئەو راستییە دەسەلمێنێت. ئەوەی لە خانەدانی ئەیوبیەکاندا سەرنجراکێشترە ئەو

پەیوەندییە لەسەردەمی ئارتووك ئۆغوڵلاری، قەرەقۆینلەرو ئاق قۆینلەریشدا بەردەوام دەبێت. ئەو كێشانەی كە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەكاتی پەلهاوێشتنی بەرەو ئێران، عەرەبستان و قەفقاسیا ڕووبەڕووی بوویەوە، دوای سەرقاڵبوونێكی زۆری دیبلۆماسیانەی ئیدریسی بەتلیسی، لەرێگای یەكێتی لەگەڵ میرنشینە كوردیەكان دەرباز دەكرێت. بەمجۆرە ئیمپراتۆریەت دوو هێندە گەورە دەبێت. ڕێكەوتنی ستراتیژی لەو قۆناخەدا ئاشكراترە. ئاسیمیلاسیۆنی سروشتی لەنێوان دوو كۆمەڵگادا ڕوویداوەو تایبەتمەندی هاوبەشی كلتووری هاتۆتە ئاراوە. توركمانە بە ڕەچەڵەك كوردو كوردە بە ڕەچەڵەك توركمانەكان زیادیان كردووە.

دزەكردنی مۆدێرنیتەی ئەوروپا بۆ كلتووری ڕۆژهەلاتی ناوین كە لە سەرەتاكانی سەدەی"١٩"لەرێگای ناپلیۆنەوە بوو بە هەڵمەتێكی ستراتیژی، كردەوەكانی داگیركەری و چەوسانەوە كە لە پەرەسەندندابوو، لە فووڵاییدا ئەو هاوسەنگیانەی هەژاندووەو گۆڕانی بەسەردا هێناوە. شێوازی ژیان وكلتووری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری كە پێشوەخت لەناو گەلانی كریستیانیدا پێشكەوت، مەیلەكانی دەوڵەت نەتەوەی گەرمتر كردووە. مۆدێرنیتەی سەدەی "١٩ و ٢٠" لەرێگای فاكتەری دەوڵەت ـ نەتەوەوە كلتووری ڕۆژهەلاتی ناوینی پارچەكرد كە خاوەن یەكێتیەكی هەزاران ساڵە بوو. بەمجۆرەش ڕێگای لە بەردەم ئالۆزی، قەیران و شەڕی گەورە كردەوە. ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش لە پرۆژەی دەوڵەت ـ نەتەوەی ڕۆژئاوا، پارچەبوو و ڕووخا. جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقیش بە ئامانجی ئاواكردنی دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا ڕۆڵی كۆمیتەگەرایی بینی، لە ساڵی"١٩٠٦"دا هەنگاوی بۆ كۆمیتەی چەكداری هاوێشت و قەیرانە ڕاستەقینەكەی دەوڵەتی قووڵتر كردۆتەوە. بەناوی بەربەستكردنی مەیلی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرنیتە، بەرەو ئاواكردنی نەتەوەپەرستیەكی هەرە كۆنەپەرست، شۆڤێن و فاشیست هەنگاوی ناوە. ڕەوتی توركێتی كە زۆربەی ئەندامەكانی تورك نەبوون، هۆكاری سەرەكی ڕووخانی ئیمپراتۆریەت، ئازارەكانی

پرۆسەی کۆمارو دژە ـ دیموکراتی و بنبەستبوونی بوون. ئەوەندەی دەوڵەت ـ نەتەوە نەیارەکان ڕۆڵیان لە پارچەبوون و بنبەستبووندا هەبوو.

کاتێك مستەفا کەمال لە ساڵانی ١٩١٩ـ١٩٢٢ لەرێگای شۆڕشی جاکۆبینیزمەوە چەمك، تیۆری و دامەزراوەکانی سێیەمین کۆماری فەرەنسای پراکتیزە کرد کە وەك مۆدێل هەڵیبژاردبوو، ئەگەر سنوورداریش بێت توانی ببێتە چارەسەری قەیرانی دەوڵەت. کۆماری تورکیا، لەسەر ئەو وێرانەیەی ئیمپراتۆریەت دامەزرا کە قووڵکردنەوەی قەیرانی لەلایەن کۆمیتەگەرایی ئیتیحادو تەرەقی بەرەو پارچەبوون و رووخاندنی برد. تا رادەیەك کێشەکانی دەوڵەت چارەسەر بوون، بەڵام کێشەکانی کۆمەڵگا قووڵتر بوونەوە. پرۆژەی کۆمار پرۆژەیەکی مۆدێرنیەتە بوو. لەمیانەی ئەرێکردنی هێزەکانی رۆژئاوا لە لۆزان هەوڵی جێبەجێکردنی درا. شۆڕشی جاکۆبەنی ساڵانی"١٩٢٠ ١٩٢٢"، دەیتوانی تەنیا لەرێگای کۆمارەوە خۆی بە دەربازکردنی قەیرانەکانی دەوڵەت سنووردار نەکات. ئەگەر هێزە هاوپەیمانەکانی نەتەوەپەرستە تورکە عەلمانییەکان، سۆسیالیستەکان، ئومەتگەرا ئیسلامی و نوێنەرەکانی کۆمەڵگای کوردی، بە گەلەکۆمە و ئاژاوەگێڕییەکی نهێنی و شاراوە لەدەرەوەی کۆمار نەهێشترابوونایەوە، بە دڵنیاییەوە لەوانەیە کۆمار بەرەو دیموکراسی ئاراستەی گرتبوایە. چونکە هەرچۆنێکیش بێت سەرکەوتن بە رێکەوتنی ئەو هێزانە بەدیهاتبوو. بە گەلەکۆمەو ئاژاوەگێڕی بەرێوەدەچوو، پەیوەست نەکردنی بە مستەفا کەمالەوە، بۆ لێتوێژینەوەیەکی راست گرنگە. چونکە گەلەکۆمە، هەوڵی تیرۆرکردن و ئاژاوەگێڕی لەبەرامبەر مستەفا کەمالیش بەرێوە چوون. لێرەدا رۆڵی بەرچاو هی کادیرە ئیتیحادگەراکانە کە مستەفا کەمالیشیان ئابلۆقە دابوو. پارتی گەلی کۆماری"CHP" بەناو گۆڕاوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا شێوەی نوێی پارتی ئیتیحادو تەرەقی وەرگرتووە. مستەفا کەمال لەرێگای ئەزموونی فرقەی سەربەست لە"١٩٢٠"دا هەوڵی شکاندنی قۆرخکاری "CHP"ی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. دوای ساڵی"١٩٣٥" "CHP" بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی

فاشیستی ئیتالیای بۆ خۆی وەك مۆدێلێك پەسەندکردووە، رووبەڕووی کاردانەوەی ئاشکرای مستەفا کەمال بۆتەوە.

پێویستە بە گرنگیەوە ئاماژە بەو خاڵە بکرێت: ئەوەی دوای ساڵی"١٩٢٦" لەپێشە سەنگی کەسایەتی مستەفا کەمال نییە، بەڵکو ئەزموونەکانی کادیرانی ئیتیحادگەرایە کە هەنگاو بە هەنگاو دەستدەگرن بەسەر کۆمارو دامەزراوەکانی زهنیەتی فاشیستانەی سەر بنەمای دەوڵەت ـ نەتەوەی زێدەڕۆ. هەڵوێستە ئاشکراکانی مستەفا کەمال سەبارەت بە دوورخستنەوەی سوپا لە سیاسەت، دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، رەتکردنەوەی بنەماکانی گروپخوازی و چینایەتی و سیاسەتی ئازادی و سەربەخۆخوازی لە بەرامبەر دەرەوە لەلایەن ئەو کادیرانەی کە ئابلۆقەیان دابوو بە گەلەکۆمە و سیاسەتی ئیمتیازخوازی مایەپووچکراوەتەوەو ئەو سیاسەتەش لەرێگای کودەتاکانەوە هەتا رۆژی ئەمڕۆمان هاتووە. ئەوەی شایەنی باسە، ئەزموونەکانی بەردەوامکردنی نەریتی کودەتاکانی ناو کۆشکە، کەکودەتا و گەلەکۆمەی ئیتیحادگەراکان، دەوڵەت لە ناوەڕۆکی خۆی دەردەخەن، دەستی بەسەردا دەگرن و درێژە بە نەریتی بەڕێوەبەرایەتی زۆرداری سەر کۆمەڵگا دەدەن. لەبەرامبەر ئەمەشدا تێکۆشانێکی هێژاش جێگای باسە کە بە ئامانجی بەردەوامبوونی ناوەڕۆکی دەوڵەت بەراستیش بۆ ئەوەی دەوڵەت وەك دەوڵەت بەردەوامبێت، زۆر بەڕێوەچوون. ...اکردنی کۆمار لەلایەن مستەفا کەمالەوە لەسەرووی ئەو هەولانەوە دێت.

ئەو دوو چەمکەی لە قۆناخی مۆدێرنیتەی رۆژئاوادا، بەردەوام لەناو شەڕو ململانێدابوون، هەروەکو چۆن هەمیشە دەوڵەتی لەناو قەیراندا هێشتۆتەوە، کۆمەڵگاشی رووبەڕووی کێشەی سەخت کردۆتەوە، پەیڕەوکردنی دیموکراسیەتێکی جێگیری بەربەست کردووە. کۆمار نەیتوانیوە خۆی دۆخی سەرچاوەی بەرژەوەندیخوازی پاوانی ئۆلیگارشی جیاکاری و کودەتاکان رزگاربکات، بەراستیش نەیتوانیوە ببێتە دەوڵەتێکی عەلمانی، کۆمەڵایەتی، دیموکراتی و یاسا. بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەمەش پووچەڵکردنەوەی رێکەوتنە دیموکراتیەکەی کۆمەڵگای

سەرەتای ساڵانی"١٩٢٠" و هەوڵی هەژموونگەرایی پاوانە کودەتاچی، ئیمتیازگەرو ئۆلیگارشییەکان بوو. ئەو تێکۆشان و هەوڵانەی لەناو دەوڵەت دەدران، هیچ پەیوەندییەکی بە دەستەواژەکانی یاسا، دەوڵەتی کۆمەڵایەتی، عەلمانی و دیموکراتەوە نەبوو، بەڵکو لەپێناو بەدەستخستنی داهات و قازانجە گەورەکانی دەسەڵاتدارێتییە.

بە درێژایی مێژووی کۆمار دەتوانین ئەو سەردەمە بۆ سێ قۆناخ جیابکەینەوە. قۆناخی یەکەم کە ساڵانی "١٩٢٦ ـ ١٩٥٠"، لەخۆوە دەگرێت، دەتوانین وەك ئۆلیگارشی بیرۆکراتیکی دەسترۆیی یەك پارتی وەسفی بکەین. قۆناخی دووەمیش، ساڵانی"١٩٥٠ ـ ١٩٨٠" لەخۆوە دەگرێت، سەردەمی شەڕو کودەتا دژوارەکانە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی قازانجی دەوڵەت لە نێوان خاوەن زەوییەکان، بە ئۆلیگارشی بیرۆکراتیك ببنە خاوەن بەش، بۆرژوازی بازرگانی و خاوەن پیشەکانی کە دەیانەوێت لەگەڵ ئۆلیگارشی بیروکراتیکدا ببنە شەریك. قۆناخی سێیەمیش، ساڵانی"١٩٨٠ ـ ٢٠١٠" لەخۆوە دەگرێت، ئەو قۆناخەی کە بەدەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەرمایەی فینانسی جیهانگیری، بەشداریکردن لە قازانجی دەوڵەت بەرچاو دەبێت. تایبەتمەندی هاوبەشی نێوان هەرسێ قۆناخەکە؛ شانبەشانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئۆلیگارشییە توندڕەوانەی پاوانەکانی سەرمایەی دەوڵەت و تایبەت لەسەر چین و توێژەکانی گەل و کۆمەڵگا ئاوایانکردووە، سەرتاسەر بە شەڕی ئەو پارت و سەندیکایانە تێپەڕی کە بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت ئاوایانکردبوو. ئەو هێزە هەژموونگەرایەی لەدەرەوە ئەو قۆناخە کۆنترۆڵ دەکەن، لە بنەڕەتدا لەماوەی نێوان "١٩٢٥ ـ ١٩٤٥" ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایە، لە ماوەی نێوان"١٩٤٥ ٢٠١٠"ش ئەمریکایە. دوای ساڵانی"١٩٥٠" تا ڕادەیەك یەکێتی ئەوروپا، "IMF"سندوقی نێودەوڵەتی دراوو بانکی جیهانیش بوونەتە شەریکی پرۆسەکە. بەڕێوەبەری سەرەکیش گلادیۆی ناتۆیە.

هەرچی هێزە هاوپەیمانەکانی دامەزراندنی کۆماریشن، لەبەرامبەر ئەو هەژمونگەراییەی لەبەرامبەریان بەڕێوەدەچێت، بەشێوەیەکی سروشتی لە دۆخی بەرخودان دابوونە. هەرچەندە لەیەکتری دابڕاوو بڵاویش بن، بەڵام لە هەرسێ

قۆناخەکەشدا ئاشنای بەرخودان یاخود هەوڵدانی ئەو هێزانە بۆ یەکبوون لەگەڵ سیستەمدا دەبینین. روسیای سۆڤیەت و هێزە سۆسیالیست و کۆمۆنیستە هاوپەیمانەکانی یەکەمین هێز بوون کە لەلایەن هێزە هەژموونگەراکانەوە زەبریان بەرکەوت، سەرکوتکران و بوون بە قوربانی. قۆناخی لەناوبردن کە بە کوشتنی مستەفا سوبحیەوە دەستپێکرد، بەداخستنی پارتی کۆمۆنیست لە ساڵی"١٩٢٧"و دەستگیرکردنی حیکمەت کفلجملی و نازم حیکمەتیش قوولکراوەتەوە. دوای ساڵی"١٩٥٠" وەك بەهانەیەکی ئەندامبوون لە ناتۆ دەسگیرکردن و سەرکوتکردن تۆختر کراوەتەوە. هەرچەندە سۆسیالیستەکان لە ئاکامی کودەتای بیرۆکراتی"٢٧ ئایاری ١٩٦٠"دا دەرفەتیان بۆ رەخساو ویستییان خۆیان بدۆزنەوەو هەنگاوی دیموکراتییانە بهاوێژن، بەڵام بە کودەتای"١٢ ئاداری ١٩٧١" دووبارە سەرکوتکرانەوە. هەرچەندە تا"١٩٨٠" کان هەوڵی درێژەدان بە بەرخودانەکەیان دابێت، بەڵام بە کودەتای ساڵی"١٩٨٠" پشتیان شکاوەو تا رۆژی ئەمڕۆمان نەهاتوونەتەوە هۆش خۆیان. تا ئێستاش خۆیان وەك رێکخراوێکی دیموکراتی رادیکاڵانەی یەکگرتوو فرەلایەن رێکنەخستووەو بەشێوەیەکی بلاو، بێبەرپرسیارو زۆر لاواز هەوڵدەن درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن. ئەوانیش بەگوێرەی پۆتانسێلەکەیان ئەو ئەرکەیان لەسەرشانە کە هەنگاوی چالاك و دیموکراتییانە بهاوێژن.

ئومەتگەرا ئیسلامیەکانیش لەبەرامبەر ئەو زەبر، دەستگیرکردن و دوورخستنەوانەی دووچاری هاتن، بە بەرخودانێکی کەمتر، بەڵام بەکۆکردنەوەی کاردانەوەیەکی زیاتر لە ناخیاندا رووبەڕووی بوونەتەوە. ئەو بەرخودانە رۆشنبیریەی لە ساڵانی نێوان"١٩٢٣ - ١٩٥٠"دا لەکەسایەتی محەمەد عاکیف، سەعیدی نورسی و نەجیب فازل بەرێوەچووە، هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی ئیسلام بوو. بەواتایەکی تر رێبەرایەتییان بۆ برایەتی موسڵمانێتی تورکیا و بەرخودانی ئەو ئیسلامیەتە کردووە کە سەرلەنوێ شرۆڤەکراوەتەوە. لە نێوان ساڵانی "١٩٥٠ - ١٩٨٠"دا هەم لەناوخۆو هەم لە دەرەوە، پەیوەندییان لەگەڵ هەندێك هێزی باڵادەستی هەژموونگەرا پێشخستووەو

بوونەتە شەریکی دەسەڵاتدارێتی و قازانجی دەوڵەت، لەڕێگای سەرمایەداری تایبەتەوە پرۆسەی بوون بە پاوانی سەرمایەیان دەستپێکردووە. جولانەوەی ئەربەکان، جولانەوەی ئیسلامی نموونەیی ئەوکاتە. گوزارشت لە بەرژەوەندی و حەسرەتی چەندین ڕەوت دەکات سەبارەت بە نوێنەرایەتیکردنی دەسەلآت. جولانەوەی سەعید نورسی کە وەك نورانیەت بەردەوام دەبێت، لەژێرەوەو بەشێوەی چەند باڵێك بەردەوام دەبێت. نەقشبەندێتی سەدەی نۆزدەهەم پاشخانی مێژوویی هەموویان پێکدێنێت. سەرەڕای ئەوەی سیستەمێکی دیموکراتی سنووردایان لەگەڵ خۆیاندا پێشخستووە، بەڵام نەبوونەتە خاوەن هەڵوێستێکی دیموکراتییانەی بەبڕیارو سیستەماتیك. هەرچەندە لەنێوان ساڵانی"١٩٨٠ ٢٠١٠" لەکەسایەتی تورگووت ئۆزاڵ چەترێکی پاراستنیان بۆ خۆیان پەیداش کردبێت، بەڵام لە قۆناخی دەسەڵاتدارێتی و سەرمایەداریدا، بەردەوام لەلایەن ئۆلیگارشی بیرۆکراتیکدا لەژێر هەڕەشەدابوونە. بەتایبەتیش لە ڕێگای ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، IMF، بانکی جیهانی و هەندێك ناوەندی سەرمایەی عەرەبییان پێشخستووە، کردوونیەتی بە شەریکی سیستەم، دوای ماوەی کورتخایەنی سەرۆك وەزیرایەتی ئەربەقان، پێشەنگایەتی و سەرۆك وەزیرایەتی ئەردۆغان دوای ساڵی٢٠٠٠، ئەو هاوبەشیەتیە هەمیشەییتر بووە.

ئەو هێزانە ڕووبەڕووی کێشەیەکی قورسی دیموکراتیزەبوونن. لەبەرامبەر ئۆلیگارشی بیرۆکراتیك بەردەوام خۆیان لەژێر هەڕەشدا دەبینن. یان لەڕێگای هەڵمەتێکی تەواوی دیموکراتیزەبوون ئەو هەڕەشانە دەرباز دەکەن، ئەگەر ئەو هەڵمەتەش ئەنجام نەدرێت، ئەوا لەڕێگای ئەو زەبرو پارچەبوونە هاوشێوەی دووچاری چەپ هات ئەوانیش ـ دادگایکردنی ئەرگەنەکۆنیش گوزارە لەو ڕاستیە دەکات ـ پێگەی ئێستایان لەدەستدەدەن.

ئەو هێزانەی لە بەرامبەر ئۆلیگارشی بیرۆکراتیك خاوەن پێگەی هەرە هەستیارو تراژیدیە کوردە، کە لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماردا هێزێکی هاوپەیمان بوو. وێڕای

ئەوەی ئەندامێکی بنەڕەتی کۆمارن و شەڕی ڕزگارین بەڵام ئەو ڕەوشەی کوردی تێخراوە زۆر تاریکەو گرێدراوی چەندین گەلەکۆمە، ئاژاوەگێڕی و تەرحیلە. هەمان ئەو سیاسەتەی کە پێشتر بە ئامانجی پاککردنەوەی ئەنادۆڵ لە ڕۆم و ئەرمەنیەکان پەیڕەو کرابوو، لەماوەی نێوان ساڵانی"١٩٢٥ ـ ١٩٥٠" بەسەر کوردانیشیاندا سەپاندو سیاسەتی قەلاچۆکردنی کوردانیشیان بەڕێوەبرد، قۆناخی سەرهەلدانەکانی "١٩٢٥ ـ ١٩٣٨"یش پەیوەندی بەو سیاسەتانەوە هەیە. ڕۆڵی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لێرەدا، هەمان ئەو ڕۆڵەیە کە لە لەناوبردنی ڕۆم، ئەرمەن و ئاشووریاکاندا بینی. ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بریتانیادا بەستوویەتی ڕۆڵی دیاریکەری هەیە لە پاشەکشێکردنی شێوەی کۆمار بۆ ڕژێمێکی سەرەڕۆو گرێدانی بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە. دەتوانین بڵێین ململانێیەکی زۆر توند لەنێوان کایرەکانی ژێر کۆنترۆڵی مستەفا کەمال و عیسمەت ئینۆنۆدا هەیە، ڕاکێشانی کۆمار بۆ هێڵی ڕاستڕەوی و دژە ـ دیموکراتی ڕۆڵی لەمەدا بینیوە، هەروەها لەکاتێکدا کە مستەفا کەمال دۆستی سۆڤێتە و سەربەخۆخوازە، لایەنەکەی تریش پەیوەندیەکی هەمەلایەنی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیدا هەبوو.

دوای سەرهەلدانەکان وەك ئەوەی کێشەی کورد کۆتایی هاتووە تەماشاکراوە. تەنانەت جوولەیەکی زۆر بچووکیش وەك زیندیبوونەوەی مردووەکە شرۆڤە کراوەو یەکسەر سەرکوتکراوە. ماوەی نێوان"١٩٥٠ ١٩٨٠" کێشەی هەرە گەورەی کوردان، بەسەلماندنی بوونی خۆی گوزەری کردووە. سەرجەم بەرخودان و گفتوگۆکان لە دەوروبەری پرسیاری کورد هەیە یان نا؟" پێشکەوتووە. دەرکەوتنی "PKK" لەسەر بنەمای دەربازکردنی ئەو گفتوگۆیەو دەستپێکردنی قۆناخی ڕزگاری، بابەتیانە بەناوی هەموو ئۆپۆزیسیۆن بۆتە هێزی سەرەکی ماوەی نێوان "١٩٨٠ ـ ٢٠١٠". لەو قۆناخەدا لە ئاکامی کودەتای "١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠" کێشەکانی دیموکراتیزەبوون زۆر سەختبوون، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ئاستێکی جیهانی وەرگرتووەو چەتەگەرێتی لەناو دەوڵەتدا باڵادەست بووە، بە کشاندنەوەی پشتگیری ئەمریکا بۆ بزووتنەوەی

ئەرگەنەکۆن ئەنجامگیربوو کە سەرلەنوێ وەك گلادیۆی تورك خۆی ڕێکدەخستەوە. ئەو ڕێکەوتنەی لە تشرینی دووەمی"٢٠٠٧" لەنێوان ئەمریکاو کۆماری تورکیا هاتە ئاراوە، لەبەرامبەر لەناوبردنی"PKK" گلادیۆی تورك لەناو ببرێت، ئەو ئەندامانەش کە بەرگری دەکەن دادگایی بکرێن، ئەوانی دیکەش لە چوارچێوەی دەزگاکانی سیستەمی دەوڵەت جێگیر بکرێن. تەواو لەو خاڵەدا، بووینە شاهێدحاڵی گەورەترین گفتوگۆی مێژووی کۆماری تورکیا لەبارەی دیموکراتیزەبوون و وەرچەرخانی کۆمار بۆ کۆمارێکی دەستوری دیموکراتی.

چۆنیەتی دەرکەوتن لەناو گەورەترین قەیرانی مێژووی کۆمار کە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان بە هەموو خێراییەکەیەوە لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگادا بەردەوامە، لەمیانەی هەڵوێستی ئەو هێزانەی لە ئارادان دیاردەبێت. گفتوگۆو لێگەڕینەکانی دەستوورێکی دیموکراتی، هەم هۆکار هەمیش ئەنجامی ئەو قەیرانەیە. ئەوەی ڕاستیبێت هەردووکیان لەناو دینامیزمێکی چالاکدان کە یەکتری دەئافرێنن. لەم ڕەوشەشدا دیسان کێشەی کورد لە سەرووی مەسەلەکەدایە. لە بنەڕەتدا ئەو ڕاستییە پەیوەندی بە پرەنسیپێکی قووڵی مێژووەوە هەیە؛ هەرگیز کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە توندوتیژی سەرکوت ناکرێت، هەر کاتێك دەرفەت ببینێت بە شێوەیەکی دژوارتر سەرهەڵدەداتەوە. لەو لایەنەوە قۆناخی"١٩٢٠ - ١٩٢٥"یش قۆناخێکی زۆر سەرنجڕاکێش وەك بڵێی سەرلەنوێ لەشێوەی بازنەیەك دووبارە دەبێتەوە. بەڵام ئەمجارە هەموو هاوپەیمانەکانی دامەزراندان نەك بۆ سەرکوتکردن، بەڵکو لەوانەیە بۆ سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆماری دیموکراتی بانگێشت بکرێن کە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرابوو. شرۆڤەکردنی ئەو هێڵە باریکەی نێوان مێژوو و ئەمڕۆکە وەك خۆ دووبارەکردنەوەیەك بەڕێوەدەچێت، دەرفەت و چانسی تێگەیشتنی ئەو ڕاستییەو بینینی ڕۆڵی مێژوویی دەڕەخسێنێت.

ب . دەرکەوتن لە قەیران و ڕێگەچارەی دەستوری دیموکراتیانە

ڕێکەوتنێکی نادیار لەنێوان گشت لایەنەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە دیموکراتیزەکردنی تورکیا پێکهاتووە. ئەوەی نابینرێت، ئەو داخوازییە نادیارو مێژووییە بۆ ئیرادەیەکی زیندوو ناگۆڕێت. دەستووری دیموکراتیش گوزارشت لەحەقیقەتی ئەو ڕاستییەو ناوەڕۆکەکەی دەکات. بەشی دووەمی ئەم هەڵسەنگاندنە، بەتایبەتیش لە بەشی پرەنسیپەکان، چوارچێوەی ئەو دەستوورە دیموکراتییە پێشکەش دەکات کە وەڵامی داواکارییە دیرۆکیەکانی دیموکراتیزەبوون دەداتەوە. بەشێوەیەکی زۆر کورت و گەوهەری دەتوانین گوزارە لەو پرەنسیپانە بکەین کە پشت بە چەمك و دەستەواژەی زانستی دەبەستێت، لەسەر بنەمای دەرکەوتن لە قەیران و دەستوورێکی دیموکراتییانە سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمار دەکاتە ئامانج.

١. نەتەوەی دیموکرات: پێناسەی نەتەوەی دیموکراتیك کە لە هەر کلتوور، ئەتنیك و ئایینێك(چەمکی ناسنامەی نەرم و سەرکراوە بێت) وئەو تاکانە پێکدێت کە هاوبەشێتی لە ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان دەکەن، هەروەها پشت بە بنەمای لێکدانەبڕانی مافەکانی تاك و جڤات دەبەستێت، لەگەڵ پێناسەی وڵاتی هاوبەش دەگونجێت، خاوەن کارەکتەرێکی ئەوتۆیە کە بەرفراوانترین یەکێتی بەدیدێت.

٢. نیشتمانی هاوبەش"وڵاتی دیموکراتی": ئەو شوێنەی ناکرێتە موڵکی ئەتنیکێك یان گروپێکی ئایینی، هەروەها بێ ئەوەی چەمکی ئەویتر پێشبخرێت، کۆمەڵگای ژینگەپارێز، ئابووری و دیموکرات و تاکە ئازادەکانی وەك هاوڵاتی دیموکراتیك تێیدا بژین، نیشتیمانی هاوبەشی پێدەڵێن. ئەم پێناسەیە بەتەنیا بۆ خۆی خاوەنی ماناو دەوڵەمەندیەکە دەتوانێت یەکێتیەکی فراوان پێك بێنێت.

٣. کۆماری دیموکراتی، پێویستە کۆمەڵگای دیموکراتیک بە بنەما بگرێت کە فاکتەری دیاریکەری کارەکتەری عەلمانی، حقوقی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتە. کۆمار شێوەی نموونەیی دەوڵەتی ئەو کۆمەلگایەیە کە دیموکراسیەتی تێدا بەڕێوەدەچێت. لەکۆمارێکی بەمجۆرەدا تایبەتمەندی عەلمانیەت، کۆمەڵایەتی و حقوقی وەك دەرەنجامێك دێتە ئاراوە.

٤. چارەسەری دیموکراتی: بەیەکەوەبوونی ئاشتیانەی دەزگاکانی کۆمارو دەزگاکانی کۆمەڵگای دیموکراتی بنەمای چارەسەری دیموکراتیانەیە. لەچوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا، پاوانەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە، سەرمایەداری و پیشەسازیگەرایی ناچارن لەگەڵ دامودەزگاکانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی، کۆمینالیزمی ئابووری و ژینگەپارێزی، کۆمەڵگای دیموکراتی ژیانێکی ئاشتیخوازانەی پشتبەستوو بە ڕێککەوتن پەسەند بکەن. ئاشکرایە دەوڵەتێکی بێ دیموکراتی چەندە ڕەدبکرێتەوە، دیموکراسیەتێکی بێ دەوڵەتیش ناسەپێندرێت.

٥. لێکجیانەبوونەوەی مافەکانی تاك و جڤات"هاوبەش": کۆمەڵگاکان بەو ڕادەیەی بوونێکی کۆلەکتیفن، ئەوەندەش تاکەکەسن، هێندەی تاکەکەسن ئەوەندەش کۆلەکتیفن. لەیەکتری جیاکردنەوەیان چەنەبازی و درۆیەکی لیبڕالیزمە، ئامانجیشی چەوسانەوەو سەرکوتکردنە. بەربەستکردنی ئەو یارییە، تەنیا لەمیانەی بەیەکەوە ژیانی مافەکانی تاك و جڤات بە شێوەی گۆشت و نینۆك بەدیدێت.

٦. سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و ئازادی: بە گشتی تا هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژیی شارستانیەتی چینایەتی، بەتایبەتیش هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەربازنەکرێت، چارەسەرکردنی کێشەکانی دیموکراتیزەبوون سەقەت و ناتەواو دەبێت. بەتایبەتی لەرێگای پۆزیتیڤیزمی

ئەورووپاوە زەحمەتە شیکارێکی ئازادانە دەرهەق بە کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەنجامبدرێت و بە ڕێگەچارەی دیموکراتییانە بگەیەنرێت. تەنیا ئەوانەی بە شێوەیەکی ئازادانە سروشتی کۆمەڵگای خۆیان و مێژووەکەی بە دەستەواژە، هزرو دامەزراوە بگەیەنن دەتوانن بەو شیکارو ڕێگە چارانە بگەن و ژیانی ئازاد بەرجەستە بکەن.

٧. مێژووییبوون و هەنووکەییبوون: ئەوەندەی مێژوو هەلومەرجی ساتی ئێستا دیاردەکات، هەنووکەش مێژوو بەرجەستە دەکات. جیاوازی نێوانیان، دەرفەتی دەستێوەردانی ئێستا (هەنووکە) دەرەخسێنێت، واتە چانسی ئازادکردن پێشکەش دەکات. وەك چۆن مێژووی بێ هەنووکە بوونی نییە، هەنووکەی بێ مێژووش نابێت. هەوڵەکانی مۆدێرنیتە بۆ بێ مێژووکردن، بریتییە لە شەڕی فێرکردن و ڕاکێشکردنی تاك و کۆمەڵگا بۆ ژێر چەوسانەوەو سەرکوتکردن کە لە ڕێگای بێ یادەوەریکردن، بێ ئەخلاق و بێ سیاسەتکردن ئەنجامدەدرێت، بۆیەش پێویستە بە تەواوی ڕەد بکرێتەوە.

٨. ئەخلاق و ویژدان: لە شیکارکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی دیموکراتیزەبووندا، هەڵوێستە ئابووری و سیاسییەکان بەتەنیا بەش ناکەن. کۆمەڵگا وەك کەینونەیەك و بە درێژایی مێژووەکەیەوە بەردەوام بە شێوەیەکی تێکەڵ لەگەڵ ئەخلاق و ویژدان ژیاوە. ئەو شەڕەی کە مۆدێرنیتە لەبەرامبەر ئەخلاق و ویژدانی کۆمەڵگا دەستپێکردووە، ئامانجی ڕەواکردنی فشارو داگیرکەرییە، ئەو چارەسەرییە ئابووری و سیاسییانەی کە سەرچاوەی خۆیان لەو هەڵوێستە وەردەگرن، وەك چۆن لەناوەڕۆکدا دەرفەتی نییە، کێشە کۆمەڵایەتیەکان سەختردەکەن و هەوڵەکانی دیموکراتیزەبوون مایەپووچ دەکەن. لە ڕێگەچارەی دیموکراتییانەی کێشەکاندا

مسۆگەر پێویستە پەنا ببرێتە بەر پرەنسیپی نەخلاقی و ویژدانی کە شوێن بە پێوانەی هێز نادات.

٩ . **بەرگری خۆیی دیموکراسیەکان:** ئەوەیان دەستنیشانکردنێکی زانستییە کە نەك تەنیا گیانەوەرە زیندووەکان، بەڵکو ئەوانەی وەك بێ گیانیش ناو دەبرێن، لەهەر کات و شوێنێك، بەسیستەمی بەرگری خۆیی و گەوهەری خۆیان دەژین. لەو سۆنگەیەوە پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراوی ژیانی ئازادو یەکسانە کە تاك، دامەزراوو کۆمەڵگا دیموکراتیەکان لەبەرامبەر فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری (دەوڵەت نەتەوە، سەرمایەداری، ئیندوستریالیزم) خاوەن سیستەمێکی تەواوی بەرگری خۆیی بن.

لەکاتێکدا لەتورکیا بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی دیموکراتیزەبوون و کورد هەنگاو داوێژین، لەو بڕوایەدام کە ئەو هەڵسەنگاندنە مێژووییانەو ئەو پرەنسیپانەی بە کورتی سەبارەت بە کۆماری دەستووری دیموکراتییانە دەستنیشانکراون، ڕۆشنکەرەوەو چارەسەر ئامێز بوون. لەسەر ئەو بنەمایە دەشێت کێشەی کورد بە ئاسانی لەناو یەکێتی دیموکراتییانەی تورکیا جێگیرو شیکار بکرێت، بەمجۆرەش مۆدێلێکی چارەسەری گونجاو یان ئەگەری مۆدێلە ئەلتەرناتیفەکان پێشکەشبکرێت.

بەشی چوارەم: کێشەی کورد و ئەگەرەکانی چارەسەری

لەوانەیە یەکەمین کێشەی کۆمەڵایەتی بە شارستانیەتی چینایەتییەوە دەستپێکردووە پەیوەندی بە ڕەسەنایەتی کوردەوە هەبێت. ئەو قەومانەی لە سەردەمی هەڵکشانی شارستانیەتی سۆمەریدا، زۆر ڕووبەڕوومان دەبێتەوە قەومەکانی کورتی، هوری، گۆتی، ئارین کە ئاماژە بە سەرچاوە دەکەن. ئەو دەستەواژانە مانای "شاخی"،"خەڵکی شاخ" دەبەخشن، وەك دەزانرێت بۆ کوردەکانی ئەمڕۆش وەك

ناونیشانێك دەگوترێت. شارستانیەتی سۆمەر وەك دژە تێزی کۆمەڵگای نیولیتیك پێشکەوت. بە گوتەیەکی تر، دۆڵەکانی دەشتایی میزۆبۆتامیای خواروو، دیجلە ـ فورات، لەبەرامبەر دۆڵە شاخاوی ـ بەرزاییەکان، واتە بەرامبەر بە میزۆپۆتامیای سەروو گوزارشت لە ئەلتەرناتیف دەکات. کێشەکانی کۆمەڵگای نیولیتیك گرێدراوی ئەو هەڵکشانەیە. بێگومان هاوتاکردنی کۆمەڵگای نیولیتیك و کوردایەتی ڕۆژی ئەمڕۆمان، باس و دەستنیشانکردنێکی زانستیانە نابێت. بەڵام ئەو لێکچوونەی نێوان میراسی زیندووی کۆمەڵگای نیولیتیك و کۆمەڵگای بەر لە"١٠٠٠٠" ساڵ ڕێکەوت نییە. مێژووی کۆمەڵگا دەڵێت: پێویستە ئەڵقەکانی پەیوەندی نێوانیان بەهێزبێت. هەروەها شوێنەوارناسی"ئارکۆلۆژی"و زماناسی"ئەتیمۆلۆژی" باسی بەهێزی ئەو لێکچوونەی نێوانیان دەکەن. شیمانەیەکی بەهێزە کۆمەڵگای بنارەکانی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس ـ تۆرۆس، کارەکتەری کوردە بەراییەکانی هەبێت.

لە ساڵانی "٥٠٠٠" پ.ز تا سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامیەت وەك چاخی یەکەمین ناودەبرێت. وەك دەزانرێت لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی شارستانی هەرەسئاسا گەشەیان کردووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە پلەداری، خانەدان، دەوڵەت، شار، چین، بازرگانی، کشتوکاڵ، پیشەوەری، خێزان، ژن، کۆیلایەتی، ئایین، نووسین، زانست، وێژە، پەیکەرسازی، بیناسازی و بەرهەمەکانی پیشەسازی. ئەمجۆرە پێشکەوتنانەش مانای گەورەبوونی هەرەسئاسای کێشەکانی کۆمەڵگاش دەبەخشێت. کوردە بەراییەکانیش لەناوەندی ئەو کێشانەدان. وەك ڕێگا چارەی سەرەکیش پەنا دەبەنە بەر ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، بۆ ڕزگاربوون لە دوژمنەکانیشیان پشت بە لوتکە پیرۆزەکانی شاخ دەبەستن. ئەو دوو تایبەتمەندیە تەنانەت ئەمڕۆش هۆکاری سەرەکی هەبوونی کوردانن. لەکاتێکدا پلەدارێتی دەستڕۆیشتووی کوردە بەراییەکان، لەڕێگای توانەوە لەناو شارستانیەتی دەوڵەتەکانی تەنیشتیان تواونەتەوە کێشە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانیان چارسەرکردووە، جڤاتە ڕەنجدەرەکانیش لە دۆخی تیرەو خێڵە لە بەین نەچووەکانەوە کوێستان و گەرمیانیان

دەکردو لەڕێگای کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە شەڕی مان و نەمانیان دەکرد. ئەوەی لەشاخدا ماوەتەوەو زیاتر بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریك بووە کوردبووە ئیستیسنا یاساکان خراپ ناکات" پیشەوەری و بازرگانی کردنی شارەکانیش بە گشتی پیشەی ئەرمەنی و سوریانیەکانی ئەمڕۆکە بووە. وەك بڵێی شێوەیەکی سروشتی کار دابەشکردن لە ئارادایە. گەلە ڕەسەن و سەرەکیەکانی دیجلە ـ فورات، بەدیالیکتیکێکی ژیانی بەمجۆرە پێکەوە گرێدراوبوون.

لەگەڵ هاتنی ئایینی کریستیانی ئەو گەلانە یەکەمین جیابوونەوەی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی. پێشتریش یاهۆڤای خوداوەندی زاراوەیی ئیبراهیم، نوێنەرایەتی جیابوونەوەیەکی ریشەدارتری دەکرد. پێویستە هیچ کاتێك لەبیر نەکرێت کە ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی لەهەناوی شارستانیەتدا دەردەکەون، بەردەوام بەشێوەی خوداو ئایینی نوێ گوزارەیان لە خۆیان کردووە. چەندە دەستەواژەی ئایینی و خودایی ناکۆك پێکهاتوون، بەو رادەیەش کێشە کۆمەڵایەتیەکان گەورەو جۆراوجۆربوونە. لەکاتێکدا ئایینی زەردەشتی لە شاخەکانی زاگرۆس گوزارشت لە پیرۆزی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکات، واتە گوزارشت لەخوداوەندایەتیەکەی دەکات، خوداوەندەکانی سۆمەر، بابل، ئەکەد و ئاشوریەکانیش نوێنەرایەتی شار، بازرگانی، دەوڵەت و خانەدانان دەکەن. بە ئاشکرا باسی ئەمە دەکەن. کاتێك بۆ یەکەمین جار کریستیانی وەك ئایینی چەوساوەو هەژارەکان شێوەیگرت، لەڕاستیدا دیسان بە زمان و ئایینی خوداوەند گوزارشت لە لێگەڕینی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکات. کاتێك موسەویەت وەك ئایینی تیرە دەرکەوتووە، کریستیانیش وەك ئایینی خەڵك لە هەناویدا سەرهەڵدەدات. دەبێتە یەکەمین گەورە هەنگاوی ئومەتبوون و ئەکویمەنێتی. هەرچەندە محەمەدایەتی لەسەرەتای دەرکەوتنیدا گەل و ئومەتیش بەبنەمابگرێت، بەڵام لە سەردەمی سەڵتەنتدا چینی دەسەڵاتدار وەك ئایینی شارستانیەتی دەوڵەت هەژموونگەرایی خۆی ئاوا دەکات.

کوردایەتی چاخی ناوین" لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامیەت لەسالآنی ٦٠٠وە تا سالآنی ١٨٠٠ کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری هاتە رۆژهەلآتی ناوین" درێژە بە میراسی چاخی یەکەم دەدات. لەکاتێکدا چینەکانی سەروو، میر، بەگ، سەرکردەو شێخەکان لەگەڵ شارستانیەتی حوکمڕان (عەرەب، عەجەم و تورك) دەبنەیەك، لەبەرامبەر ئەمەشدا عەبا کوردیەکەیان فڕێدەدەن. ژیاندارکردنی کوردێتی بە سیفەتی پیاوی دەوڵەت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان گونجاو نییە. بەرژەوەندیەکانیان ناچاریان دەکات ببن بە عەرەب، عەجەم و تورکێکی باش. بەمجۆرە کێشە کۆمەلآیەتیەکان بۆ کورد دوو هێندە زیادی کردووە. هەم وەك ناسنامەی سەرکوتکراو، هەم وەك ناسنامەی کلتووری خیانەت لێکراو کێشەکانی قووڵتر بۆتەوە.

ئایا کێشەکانی کوردان لە چاخی ناوین بە دەوڵەتبوون چارەسەردەبوو؟ لە سەردەمی سۆسیالیزمی بونیادنراودا بیرۆکەیەکی بەمجۆرە دروستبببوو. بیرۆکەی لەو جۆرە دادەهێنران گوایە ئەگەر گەل و ناسنامەکان ببن بەدەوڵەت، ئیتر کێشەکانیان بە چارەسەریەکی یەکجارەکی دەگات. لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمیش لەگەڵ بەدەوڵەتبوونی پرۆلیتاریا هاوتا دەبینرا، پێویستە لەبەرامبەر بیرکردنەوەیەکی بەوشێوەیە واقی ورماو نەمێنین. ئاخی ئەوەمان هەڵدەکێشا بۆچی دەوڵەتێکمان نەبووە. کەچی لە راستیدا بیرۆکەی شارستانێتی دیموکراتی دەیسەلمێنێت کە دەوڵەتبوون سەرچاوەی هەموو نەخۆشییە گەورەکانە. شتێکی وەك دەوڵەتی عەرەب، عەجەم و تورکیش نەبوو. ئەوانە رەنگدانەوەی هەڵخەڵەتاندنەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە بوو؛ بەتایبەتیش لە سەدەی دواییدا! دەوڵەتێکی هاوبەشی ئیسلامی هەبوو. هەندێك جار بەهۆی بەرژەوەندیەکانیان شەڕیش بکەن، بەلآم دەسەلآتدارەکانیان لەناو یەکگرتندابوونە. هەروەها ئیسلام گەل و ئومەتی خۆی هەبوو. دونیاکەیان جیاببوویەوە. جیهانی کێشەکان بوو کە هەر گەورە دەبوو. دوو جەمسەری سەرەکی بەمجۆرە هەبوون. بە رادەی چارەسەرکردن کێشەکانیش هاوبەش بوون. بەناوی ئایین و خوداوەندەوە گوزارەیان لێدەکراو هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدرا. هەرچەندە کوردبوون،

عەرەببوون، تورکبوون و فارسبوون وەك کلتووریکیش هەبن، بەڵام کێشەکانیان لەمیانەی ئایین و ئایینزا هاوبەشەکانەوە باسدەکران. نە ئەمەوی و عەباسیەکان تەنیا بوونەتە دەوڵەتی عەرەبەکان، نە سەلجوقی و عوسمانیش تەنیا بوونەتە دەوڵەتی تورکەکان. نەریتی دەوڵەتی عەجەمەکانیش دەوڵەتی نەژادی نەبوو. لەکاتێکدا چینی سەرووی ئەتنیك و قەومەکان لەرێگای دەوڵەتبوون بوونی چینایەتی خۆی بەهێز دەکرد، هاورەچەڵەکەکانی دیکەی خۆشی فرێدەدایە ناو زەلکاوی کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە. کورد، ئەرمەنی، ئاشوری، رۆم، تورکمان، بەدەویەکان و ئەو عەجەمانەی نەبیبوونە دەوڵەتیش، ئەو راستینە کلتوورییانەن کەخراونەتە ناو گێژاوی کێشەکانەوە.

کاتێك مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە رێگای فاکتەرەکانی دەوڵەت نەتەوە، سەرمایەداری و پیشەسازیگەرایی کەوتە رۆژهەڵاتی ناوین، بۆ ناسنامە سەبارەت بەو کلتوورو گەلانەی کە کلتوورەکەیان سەرکوتکراوە، چەوسێنراونەتەوەو داگیرکراون، لەچاخی ناوینیشدا هیلاك و داماڵراون، چیتر زەنگی مەرگ لێدەدات. ئەو گەلانەی لە مێژە دووچاری خیانەتی حوکمڕان و دەسەڵاتدارانی چینە باڵادەستەکانی خۆیان بوونەتەوە، وەك گۆڕەپانە نوێیەکانی راوکردنی مۆدێرنیتەی سەرمایەدازی بوون. لەسەرەتای سەدەی"١٩" بەدواوە، سەرەتا بەناوی دەوڵەت ـ نەتەوە بچووکەکانەوە کەوتنە ململانێوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە کارگەکانی سەرمایەداری و پیشەسازیگەراییدا کە لەپێناو قازانجی بێسنور هیچ کۆسپێك ناناسێت، لە ئاژەڵ خراپتر خرانە کارەوە. بۆ قازانج و سەرمایە وەرچەرخێنران. نامۆبوون بوو بە سێ قات. نامۆبوونی چاخی یەکەم، چاخی ناوین و چاخی نوێ.

وەك پێویستیەکی ئەو ناسیونالیزمەی بەسەر هەر کلتوورێکدا سەپێنراوە، کوردیش بەشی خۆی لەو ئافاتەدا وەرگرت، بگرە بە قورسترین شێوەش وەریگرت! دەوڵەت ـ نەتەوە بچووکەکان بەسەرکەوتوویی ئەنجامگیر نەبوو. دیسان چینی سەروو بە شێوازێکی شایستەی میراسەکەی، جێگای خۆی لەناو دەوڵەت ـ نەتەوە بچووکەکانی

دراوسێکاندا گرتووە، لەبەرامبەر ئەمەدا ناپاکیکردنی بە کلتووری نەریتی گەلەکەی بە ڕەوا دادەنا. ئەمانە بەهەڵوێستەکانی خولام لە. پاشا پاشاترە بانگەشەی باشترین عەرەبێتی، عەجەمێتی و تورکێتییان دەکرد، لەو پێناوەشدا پێشبڕکێیان دەکرد. ئەوەندەی خیانەتیان لەبەرامبەر بەهای کلتووری و ناسنامە دەکرد، بەو ڕادەیە بەرژەوەندی، پارەو مووچەیان بە دەست دەهێنا. کوردانیش لەو بڕوایەدابوون لەمیانەی پشتبەستن بە دوو هۆکارە پیرۆزە هەزاران ساڵیەکەی سەردەمی کوردە بەراییەکانەوە، واتە لەمیانەی پەنابردنە بەر شاخ، کشتوکاڵ و مێگەلە ئاژەڵەکانیانەوە لە بەرامبەر فڕکردندا دەتوانن بوونی خۆیان بپارێزن.

ا . دیالیکتیکی مێژووی پەیوەندی تورك . کورد

لە چوارچێوەی ئەو باسە گشتیەدا لە نزیکەوەو بە شێوەیەکی بەرجەستە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی و ناکۆکیەکانی دوالیزمی کورد تورك، کێشەکان و نەگەرەکانی چارەسەری ڕوونتر دەکاتەوە. لەناو گێژاوی توندوتیژیدا، نەکێشەکان و نە ڕێگاکانی چارەسەریش لەئاستی پێویستدا دەرکیان پێناکرێت. ئەگەر خودی ڕۆشنگەری و زانابوون نزیکی حەقیقەت بێت، واتە بە نیوەی چارەسەری گەیشتوون. نیوەکەی تریش، بەردەوامکردن و بڕینی ڕێگا کراوەکەیە بە هەنگاوی گونجاوەوە.

سەلجوقیەکان وەك بەگ و تیرەکان کاتێك گەیشتنە سنووری کوردستان "شیمانەیەکی مەزنە دەستەواژەی کوردستان لەکاتی گەیشتنی سوڵتانی سەلجوقی بە سنووری کلتووری کوردان ئەو ناوەی لێناوە" بەچەکی برایەتی ئیسلام پێشنیاری شەڕی هاوبەشیان لەبەرامبەر بێزەنتیەکان کرد. لەبەر ئەوەی بەشی زۆری کوردانیش ئیسلامیان پەسەندکردبوو و زۆرجار لە بەرامبەر بێزەنتیەکان تووشی گرژی هاتبوون، پشتیوانی ستراتیژی شەڕی هاوبەشیان کرد. سوڵتان ئالپ ئەرسەلان لە ئایاری "١٠٧١"دا لە مەیافارقین ی پایتەختی ئەو کاتەی کوردان دەژمێردرا"سیلوانی

ئەمرۆ" لەگەڵ بەگ و خێڵە کوردەکان لە هەوڵی ڕێکەوتندابوو. ئەو هێزەی کە هەم بەگەکان و هەم لەتیرەکان پێکهاتووە، شیمانە دەکرێت کە نیوەی لەکوردان پێکهاتبێت، بە سەرکەوتنی ئابی"١٠٧١" گەیاند کە بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت. هەتا ڕۆڵی هێزی تیرەو بەگە کوردەکان لەو شەڕە ڕاست شیکار نەکرێت، ئەوا پەیوەندی نێوان تیرەو بەگە کورد و تورکەکان، بەگوێرەی پێویست شیکار ناکرێت. سەرکەوتنەکە ستراتیژی بوو. چونکە تا دوایی دەرگای ئەنادۆڵی بۆ بەگ و تیرە تورکەکان ئاواڵا کرد. سەبارەت بە بەگ و تیرە کوردەکانیش کۆتایی بە هەڕەشەی بێزەنتیەکان و دەرەنجامەکانی دەهێنا. بەجێکردنی پەیوەندیەکان لەسەر بناخەیەکی بەمجۆرە، زۆر گرنگە و لە دیاریکردنی داهاتوودا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت.

دواتر لەکاتێکدا تیرەو بەگە تورکەکان لە ئەنادۆڵ چڕبوونەوە، کە لەوێشەوە بەرەو ئەنادۆڵی ناوین و ڕۆژئاوای دەریای سپی و دەریای ڕەش بڵاوبوونەوە، تیرەو بەگە کوردەکانیش لە بەرەو پێشەوەبردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان و هێزەکەیان دوا نەکەوتن. هیچ کاتێك تیرەو بەگە تورکەکان نایانویستووە دەست بەسەر شوێنی نفوزو نیشتەجێبوونی کورداندا بگرن و خاوەندارێتی لە نەریتی کلتووری ئەو شوێنانە بکەن. ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان، هاوکاری و کلتووری ژیانی هاوبەش، پێویستی بەمە دەکرد. لەم نێوەدا گەلانی ئەرمەنی و سوریانیش، لە شارەکان بە شێوەیەکی دۆستانە بەردەوامییان بە هەبوونی خۆیاندا. چونکە کێشەی مەزهەب لەنێوان ئەوان و بێزەنتیەکاندا هەبوو. دوورکەوتنەوەی بێزەنتیەکان لەهەرێمەکە لە ژیانیاندا نەبوو.

لەو قۆناخەدا هەرچەندە بەناوی ئارتوکۆئۆغلولەر، قاراقۆیونلەر و ئاك قۆیونلەر هەندێك لە میرنشینی تورکەکان لەکوردستان ئاواکران، بەڵام تەمەنیان کورت بوو، ئەو تیرانە زیاتر بە توانەوەی سروشتی، لەناو کلتووری کورداندا توانەوە. تەنانەت لەرۆژی ئەمڕۆشماندا شوێنپەنجەی ئەو ڕاستییە دیارە. کوردانیش لە سەردەمی ئیسلامدا لەپاڵ چەندین میرنشینەوە بەشێوەی خێڵ و تیرە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بەو

کێشانەوە بەسەر برد کەتا دەچوو سەختتردەبوون. تایبەتمەندی قەومیان پێشدەکەوت. بەڵام هەر وەکو لە تیرە تورکەکان لەکاتێکدا چینی سەروو لەژێر خزمەتی شارستانیەتی جۆراوجۆر میرنشینەکانی خۆیانیان پێشدەخست، چینی خوارووش وەك کرمانج "کوردمانج" بۆ پۆلێنێکی جیاوازتر جیادەبوونەوە. جیابوونەوەیەکی هاوشێوەی عەرەب ـ بەدەوی، تورك ـ تورکمان لەو سەردەمەدا لەناو کوردانیشدا خێراتردەبێت. تا سەردەمی سەڵتەنەتی عوسمانیەکان" هەتا نزیکی ساڵی ١٥٠٠"دا، تیرەو بەگە کوردو تورکەکان، بەشێوەیەکی نادیار"زمنی"یش بێت رێزیان لە مافی یەکتری دەگرت، لەبەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوە بۆ سەر هەردووکیان، جموجۆڵ و ستراتیژیەکی هاوبەش لە ئارادابوو. واتە لایەنی پەیوەندی ئەرێنی لە لایەنی ناکۆك و نەرێنی لەپێشترە. سەردەمێکی ناکۆکی و شەڕی بەسیستەم لەنێوانیاندا بەدیناکرێت.

دووەمین قۆناخی گرنگی ستراتیژی لە پەیوەندی نێوان کورد و تورکدا، بەکرانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرووی رۆژهەڵاتی ناویندا دەستپێدەکات. ئەو گرژیانەی لە سەرەتای سەدەی"١٦" لەنێوان میرنشینە کوردیەکان وخانەدانی سەفەوی لەئارادابوو کە لە ئێران لەسەر بنەمای مەزهەبی هەڵدەکشاو، لەمیانەی ناکۆکییە مەزهەبیەکان زیاتردەبوون و کاریگەریەکەیان لەسەر ئەنادۆڵیش تادەچوو زیاتر دەبوو. هەمان ناکۆکی لەگەڵ سوڵتانە مەمالیکەکانی تەوەرەی میسریش لە ئارادابوون. کاریگەری مەمالیکەکان لەسەر دەریای سپی و باشوری رۆژهەڵاتیش زیاد دەبوو. پێگەی میرنشینەکانی کورد رۆڵێکی ستراتیژی دەبینی. لەگەڵ کامە لایەن رێکبکەون، ئەو لایەنە دەبوو بە هێزی هەژموونگەرای رۆژهەڵاتی ناوین. هەڵوێستی یاوەز سەلیم لە رێکەوتنی ستراتیژی سوڵتانی عوسمانی سەبارەت بەو رێکەوتنە ستراتیژیەی نێوان دوو هێزی یەکسان هاتە ئاراوە، لە پێشکەشکردنی ئەنجامە مێژوویەکانی دوانەکەوت. ئەو رێکەوتنەی کە ئەنجامدرابوو، دانی بە ئۆتۆنۆمیەکی فراوان و دەسەڵاتی حوکمڕانی میرنشینە کوردەکان دانابوو. لەرێکەوتنێك زیاتر، رێگای لەبەردەم ئیمپراتۆریەتی تورك ـ کوردی هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی نەمسا ـ هەنگاریا دەکردەوە.

هەر چاودێرێك بە وردی تەماشای مێژوو بکات، ئەوا لە یەکەمین ئەزموونی شارستانیەتی سەرەتای هیتیتی ـ هوری ـ میتانی سالانی"٢٠٠٠"پ.ز تایبەتمەندی هاوبەشێتی ستراتیژی ئەنادۆڵ و میزۆبۆتامیا دەبینێت. یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر ناتوانێت. پەیوەندی ئابووری سیاسی بەخێرایی دەبن بە یەك. لە سەدە سەرنجڕاکێشەکەی عوسمانیەکاندا ئەو دیاردە مێژووییە سەرلەنوێ خۆی دەسلمێنێتەوە.

لەکاتێکدا قەوارەی نوێ قورسایی میرنشینە کوردە سوننیەکان لەناو ئیمپراتۆریەتدا زیاتردەکات، ڕەوشی کوردە عەلەوی و ئێزیدیەکان و چینی کرمانج کێشەکانیان سەختتردەبێت، ناکۆکی چینایەتی و مەزهەبی زیاتردەبن. ئەو قەوارە هاوبەشەی کە نزیکەی "٣٠٠"ساڵ بەردەوام بوو، لە سەرەتای سەدەی"١٩" بەهاتنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆ ڕۆژهەلاتی ناوین، بەرەو خراپبوون چوو. ئیمپراتۆریەتی بەریتانی کە لەرێگای ئێراق و میسرەوە کاریگەری خۆی لەسەر ناوچەکە زیاد دەکرد، هەوڵیدا کە میللیگەرایەك لە تەوەرەی سلێمانی پێشبخات. یەکەمین یاخیبوون لە ناوچەی سلێمانی لەلایەن سەرکردەکانی خێڵی بابانەوە ئەنجامدرا. ئەو پرۆسەی نزیکەی"٢٠٠" ساڵ دەبێت بەشێوەی جیاوازەوە بەردەوامە، لەمیانەی نیمچە دەوڵەت ـ نەتەوەکەی ئەمرۆ لە باشوری کوردستان بەڕێوەدەچێت. ڕاپەڕینی کوردان لە سەدەی"١٩"دا بەهۆی تایبەتمەندێتییە چینایەتیەکان، میللیگەراییەکی سەرمایەداری بەراییە. سەرەڕای ئەوەی تەواوی میللەتەکانی ژێر بونیادی ئیمپراتۆریەت لەسەر بنەمای دەوڵەت نەتەوە جیابوونەوە، هەروەکو ئامارەمان پێکرد جیانەبوونەوەی کوردان لە تورکەکان هۆکاری مێژوویی خۆی هەیە. زهنیەتێکی دەوڵەت جێگای باسە کە سەرچاوەی خۆی لە شەریکایەتی چینی سەرەوەی هەردوو نەتەوە وەردەگرێت کە ناوکی دەوڵەتی ئیمپراتۆزیەتن. هۆکارە ستراتیژیەکان، هەر شارستانیەکی هەلکشاوی ئەو دوو گۆڕەپانە ناچار دەکات بە یەکەوە بجووڵێنەوە. لە دۆخێکی پێچەوانەدا هەبوون و بەرژەوەندی کۆمەڵگاکانی هەردوو گۆڕەپانەکە

دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. هەر قەوارەیەکی سیاسی و ئابووری کە دێتە ئاراوە، گوزارە لە بەهای بێ رادەی دۆخی هاوبەشبوون دەکات.

ئەزموونی سەڵتەنەتی سەلجوقی و عوسمانی تورك، جارێکی تر ئەو دیالیکتیکە مێژووییە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو هاوبەشیەتیەی لە سەرەوە لەنێوان بەگ و سوڵتانەکاندا هەیە، لەگەڵ بەسەرچوونی کات بۆ پەیوەندی نێوان شێخ و ئاغا و بازرگانەکان دەگۆڕێت. لەگەڵ هاتنی سوڵتان مەحمود لە"١٨٠٨ ١٨٣٩" ئەو پەیوەندیانە خراپتربوون. کاریگەرییە خراپەکانی مۆدێرنیتە، ناکۆکی نێوان هەردوو لایەنی زیادکرد، سەرتاسەری ئەو سەدەیەی کرد بە سەدەی سەرهەڵدانەکان. مایەچووچبوونی سەرهەڵدانەکان و هەوڵەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ سەرلەنوێ خۆ بونیادنانەوە بە ئاراستەی دەوڵەت ـ نەتەوەوە، تایبەتمەندی نەرێتی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو میللەتی تێکدا. کاتێك عوسمانییە گەنجەکان، جۆنتورك و توێژە هەرە میللیگەراکەیان جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی"١٨٨٩" سەرەتا بەشێوەیەکی شاراوە دواتریش بە ئاشکرا بەرگرییان لە دەوڵەت ـ نەتەوەی تورك کرد، ئەو دابڕانە زیاتربوو. لەبەرامبەر ئەمەشدا میللیگەرایی کوردیش خۆی نیشاندا. بەمانا مۆدێرنەکەی کێشەی کورد لەو سەردەمەدا دەستپێدەکات. دەستپێکردنی کۆمیتەگەرایی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی و لەجیاتی میللیگەرایی ئیسلامی، بە شێوەیەکی ئاشکرا پەنابردنی بۆ تورکپەرستیەت کێشەکەی سەختترکرد. دوو چین دروستبوون؛ میللیگەرایی نەژادی تورك و میللیگەرایی ئیسلامی. کورد هەوڵیدا درێژە بە یەکێتیەکەی خۆی و نەریتی میللیگەرا ئیسلامیەکان بدات. شێخەکانی نەقشبەندی، مەولانا خالید و سەعید نورسی نوێنەرایەتی رەوتە بنەڕەتیەکەی ئەو مەیلەیان دەکرد. جەختیان لەسەر تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئیمپراتۆریەت و قەوارەی دەوڵەتی دواتر دەکردەوە. ئیسلام و ئایدیۆلۆژیای ئوممەت مۆدێرنیزە دەکران و بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنران. شێخ و مەیلەکانی تەریقەت کە دوای بەگەکان (١٨٧٨)

نفوزو رۆڵی ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگایان زیادی کرد تا رۆژی ئەمرۆمان درێژەیان بەو ڕێبازە داوە.

هەرچی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقیيە، بەتایبەتیش دوای تێکشکانی لەشەڕی بەلقان لە"١٩١٢ ١٩١٣" بێ ئەوەی گوێ بەهاوبەشێتی مێژوویی نێوان ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا بدات، لەناو دەوڵەتدا رووی لە میللیگەراییەکی رەگەزپەرست کرد. لەو میللیگەرایەتیەدا شوێن بۆ کوردان نەبوو. ئەوانیش وەك ئەرمەنیەکان یان زێدی خۆیان بەجێدەهێشت، یان ئەوەتا بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناو دەبران. ئەوەی ئەو سیاسەتەی تێرخۆراك دەکرد پۆزیتیڤیزمی فەرەنسا بوو. چونکە تەنیا خاوەن هێز مافی ژیانی هەبوو. وەك بلێی دەتەرمینیزمی داروین"ئەوەی بەهێزە دەتوانێت بژی"وەك خۆی، وەك راستیەکی زانستی، لەسەر کۆمەڵگاش پەیڕەو بکرێت. لێرەدا دڕندایەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، بەهەموو دڕندایەتیەکەوە خۆی پیشاندەدات. ئەو ئایدیۆلۆژیا پۆزیتیڤیستە وشکەی نەك تەنیا ئەرمەنی، رۆم، سوریانی و کوردان، بەڵکو تورك و عەرەبەکانیشی بە دۆخێك گەیاندووە کەناتوانن تێیدا بژین، هەروەها بەدەستی جەمعیەتی ئیتیحادو تەرەقی بە کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆریەت ئەنجامگیربوو. بەڵام کاریگەریەکانی لە تورکیای کۆماریشدا، هەژموونگەراییەکەی بەردەوام بوو. لەبەرئەوەی تایبەتمەندی جاکۆبینیزمی شۆڕشی کۆمار، ئەو هاوپەیمانیەتیەی پشتی پێدەبەست و ڕێبەرایەتی مستەفا کەمال لە بەشی پێشوو هەڵسەنگێنران پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات. وەك هاوپەیمانەکانی تر کوردیش ئەندامی دامەزرێنەری کۆماربوون. وەك ئەوەی بە درێژایی مێژوو روویداوە دیسان وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی، هەم لە رزگاری ئومەت و هەم لە ئاواکردنی کۆماریشدا شوێنی خۆیان گرتووە.

کاتێك لە بەرامبەر بەخشینی موسڵ ـ کەرکوك جیاکاری دەوڵەت ـ نەتەوەی لەسنوورەکانی میساقی میللی لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا وەرگرت، هەم کوردان کران بە چوار پارچە، هەمان سیاسەتی کۆتاییهێنان بە کوردەکانی ئەو پارچەیەی لە

دەستیدا مابوویەوە، بەخێراییەکی بێ ئامان دەستی پێکردو بەهەمان خێراییش بەردەوامبوو. لەم نێوەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە پەیماننامەی قەسری شیرینی ساڵی"١٦٣٩" کەلەگەڵ خانەدانی سەفەویدا ئەنجامدرا، لە دژی هاوپەیمانێتی ستراتیژی نێوان هەردوو میللەتەکە بوو. بەگشتی زۆربەی زۆری کورد لەناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون. بەدڵنیایەوە سنووری میساقی میللی لەسەر بنەمای یەکێتی کورد و تورکان ئاواکرابوو. ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسیەکاندا ئەنجامدران بەدڵنیایەوە لەدژی میساقی میللی بوو. بەڵام ئەو پرسیارە نەکراوە؛ کێ لەو ڕێککەوتنە ناکۆکانە بەرپرسیارە؟ هەم بەرامبەر بەو قەرەبوو پەیوەندیانەی لەگەڵ هەندێك هێزی هەژموونگەرا ئەنجامیدەدەیت بوونی کوردان بۆ چوار پارچە دابەش دەکەیت، هەم دەڵێیت "هەندێك لە کوردان برایەتی هەزار ساڵی تێکدەدەن"! ئەو هەڵوێستە ئەوەندەی گاڵتە جاڕیەو نایەوێت ڕاستیەکان ببینێت، بە درێژایی مێژووی کۆمار کێشەی کوردی ڕووبەڕووی جینۆسایدی کلتووری کردەوە.

بەهۆی ئەو چەمك و ڕەفتارانەی ڕۆحی دۆستایەتی ستراتیژی هەزاران ساڵەی بەلاوە ناو نکوڵی لێکرد، کێشەی کورد تەنیا لە چوارچێوەی کێشەی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی و سەربازی نەمایەوە، بەڵکو بوو بە مەسەلەی مان و نەمانی کلتووری میللەتێك. هەروەکو چۆن ڕاپەڕینەکانی"١٩٢٥ ـ ١٩٤٠" سەرچاوەی خۆیان لە کێشەی مان و نەمان وەرگرت، هەربەو مەبەستەش بەکار هاتن. ئاشکرایە کە زهنیەتی ئیتیحادگەرا دەیویست کوردان لە دەوڵەت و کۆمەڵگا پەراوێز بکات، تەنانەت بێ کۆمەڵگایی بەسەردا بسەپێنێت. لەبەر ئەوەش ئەو سیاسەتە بۆ پرسیاری "کورد هەیە یان نییە؟" گۆڕا کە بە ساڵان بەردەوامبوو. لەمیانەی هاوسۆزیکردنەوە پێویستە تێبگەن دەرخستنیان لە دۆخی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمارو پەلکێشکردنیان بۆ ناو پرۆسەی لەناوبردن چەندە پەلامارێکی دڕندانەیە. کێشەی کورد کێشەی جیابوونەوە نییە، بەڵکو کێشەی ڕزگاربوونە لەژێر شاڵاوی لەناوبردن و دووبارە گەیشتنەوەیە بە

پێگەی دۆستایەتی، هاوبەشایەتی و برایەتی ستراتیژی کە شایستەی مێژووە. تێگەیشتن لەم ڕاستییە تەنیا لەمیانەی چەمکێکی هاوسۆزی بەویژدانەوە بەدیدێت.

ب . بنبەستبوونی پڕۆژەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کۆمارو دەرکەوتنی PKK

ئەو هێزانەی لە ئاواکردنی کۆماردا ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی، نوێنەرایەتی ڕێکەوتنێکی دیموکراتییان دەکرد. ڕێبەرایەتی مستەفا کەمالیش، هەم هۆکارو هەمیش ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەبوو. دەستوری"١٩٢١" و یەکەمین پێکهاتەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی تورکیا زۆربەباشی ئەو ڕێکەوتنەیان ڕووندەکردەوە. بەردەوام جەخت لەسەر هەبوون و پاراستنی ئوممەتی ئیسلام دەکرێتەوە، ئاماژە بە ئەندامێتی بنەڕەتی کوردو تورك دەکرێت لەهەمان ئومەت "ئوممەت بە عەرەبی بەواتای میللەت دێت" و میللەتدا، هەروەها باس لە دژە ئیمپریالیزم و دۆستایەتی سۆڤیەت دەکرێت. لە بەڵگەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ڕاستی زۆرێك لە شوێنپەنجەی ئەو دیاردانە دێین. سۆسیالیستبوون و کوردو کوردستانیبوون بە ئاسایی پێشوازی لێدەکرێت. ئاشکرایە کە سەردەمی شۆڕشی جاکۆبەنیکی کۆمار، گوزارشت لە ڕێکەوتنی گشتی کۆمەڵگا دەکات. لەو قۆناخەدا ئیمپراتۆریەتی بەریتانی ئامانجی سەرەکی بوو. بەڵام کاتێك لەڕێگای شۆڕشەوە ڕێگا لە داگیرکەری گیراو هەنگاو بۆ دەستنیشانکردنی سیستەمێکی نوێ هاوێژرا، کاتێك گروپێك لە لایەنگرانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی لەناو کادیرە ئیتیحادگەراکان، چ لەمیانەی ئالۆزیەکەی شێخ سەعید بێت، یان لەڕێگای زۆرێك لە گەلەکۆمەو ئالۆزی و هەوڵەکانیان بۆ بێکاریگەرکردنی مستەفا کەمال ـ هەتا هەوڵی کوشتنیشی لەناودا ـ لە ساڵی"١٩٢٥" بەدواوە قۆناخێکی گرنگی بڕیوە. لەسەردەمی سەرۆك وەزیرایەتی عیسمەت ئینینۆ ئەو گروپە بەهێزتر بووە.

هەرچەندە ماوەیەکی کەم بەر لەمردنی مستەفا کەمال عیسمەت ئینینۆی بێکاریگەر کرد، بەڵام ئەنجامەکانی نەگۆڕی.

کاتێک دوای دووەمین شەڕی جیهانی، هەژموونگەرایی جیهان کەوتە دەست ئەمریکا، کاری ئەو گروپە ئاسانتر بوو. سەرەڕای خۆپیشاندانی بێلایەنی عیسمەت ئینینۆش، بەڵام نزیکی ئەو گروپەیە. چونکە لە ڕاستیدا ڕێبەرایەتی پارتی دیموکرات پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا نەبەست، بەڵکو ڕێبەرایەتی عیسمەت ئینینۆ ئەوەی جێبەجێکردووە. هێشتا بەر لە ئەندامێتی ناتۆ ، هەر لە ساڵی ١٩٤٤ گروپێک ئەفسەری تورکیا ڕەوانەی ئەمریکا کران و پەروەردەیان بینی. لە سەردەمی پارتی دیموکراتدا پەیوەندییەکان خێراتربووە. لەساڵی"١٩٥٢"دا، لەناو بونیادی سوپادا بەپێشەنگایەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا ڕێکخراوی گلادیۆ گرێدراو بە ناتۆ، ئاواکراوە. لەتورکیا گلادیۆ سەرەتا خۆی وەك دەستەی تەدقیقی سەفەربەری ڕێکخستووە. دارایی و بەڕێوەبەرایەتیەکەی لەلایەن ئەمریکاوە دابینکراوە. لەو ساڵانە بەدواوە ڕێکخستن لقەکانی خۆی بڵاوکردۆتە، بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی و کلتووریشی لەناودا، لەهەموو گۆڕەپانەکاندا خۆی ڕێکخستەکردووە. وەك چۆن تەواوی پارتە سیاسیەکانی کۆنترۆڵ کردووە، چینی کرێکاریشی لەمیانەی سەندیکای تورك ـ ئیشەوە کۆنترۆڵکرد کە لەساڵی"١٩٥٢" لەگەڵ گلادیۆ دایمەزراند. سەرکوتکردن و فشارێکی لە رادەبەدەر لەسەر پارتی کۆمۆنیست و سەندیکاکانی درێژکراوەی سۆڤیت پەیڕەوکراوە. خۆی لە خۆیدا مەبەستی سەرەکییان، هەر دزەکردنێکی بچووکی جولانەوەی کۆمۆنیست و سۆسیالیستی ببینن، یەکسەر لەناویان بەرن. کوردایەتیش بە کۆمۆنیستی گرێدراوەو ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس کراوەتەوە. لەم نێوەدا پەیوەندی ستراتیژی و شاراوە لەگەڵ ئیسرائیلی تازە دامەزراودا جێگای باسە. هەروەها بە شێوازی گلادیۆ پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵە، کەسایەتیە ئاینی و مێلیگەرایی سەرەتاییە نەریتیەکانی ناو کوردانیش پێشخراوە. پەیوەندی هاوشێوە لەگەڵ ڕژێمی پاشایەتی ئێراق و ئێرانیش دەبەسترێت. "سەنتۆ"ش وەك ڕێکخستنی چەتری ئەو

جۆرە پەیوەندیانەیە. خوازیارن لەمیانەی مۆدێلێکی بەمجۆرەوە کۆمۆنیزم لە خۆرهەلاتی ناویندا بەربەست بکەن.

ئاشکرایە کە ئەو مۆدێلەی بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا پێشدەخرێت، شێوەی نوێی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە کەدوای سالانی"١٩٥٠" لەمیانەی شەڕی ساردەوە وەریگرتووە. لە ئاواکردنی ئەو مۆدێرنیزمەی کە لە ڕێگای ئەمریکاوە نوێ بۆتەوە، کۆماری تورکیا سەرەتا لە ولاتی خۆی و پاشانیش لە ڕۆژهەلاتی ناوین خاوەن ڕۆلێکی سەرەکییە. ئەو مۆدێرنیتەیەی کە مستەفا کەمال دەیویست بەڕێوەی ببات جیاوازبوو. نزیکی شێوازی سۆڤیەت بوو و پشتی بە دۆستایەتی ستراتیژی یەکێتی سۆڤیەت دەبەست. ئەگەر جیاوازی نێوانیان نەبینین، ئەوا ناتوانین سالانی"١٩٥٠"و بگرە ئەو فاکتەرانەی لە مۆدێرنیتە شیکاربکەین کە دوای سالی"١٩٢٥" لە دەرەوەی ئیرادەی مستەفا کەمال پێشخراون. پراکتیزەکردنی فاکتەرەکانی دەولەت نەتەوە، سەرمایەداری و پیشەسازیگەرایی، لەنێوان هەردوو مۆدێرنیتەکاندا، جیاوازیەکی جدی بژاری چینایەتی، سیاسی، دیبلۆماسی و ئابووری لە ئارادایە. لە ئەنجامدا ئەو هێزەی لە تێکۆشانی هەژموونگەراییدا سەرکەوتووە، سەرەتا ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، پاشانیش ئەمریکا بووە. وەك دەزانرێت کە بەردەوام پەیوەندی ستراتیژی لەنێوان هەردووکیاندا لەئارادایە. ئەو مۆدێرنیتە پەیڕەوکراوە تەنیا بە مایەپووچکردنی ڕێکەوتنی دیموکراتییانەی کۆمار نەوەستاوە، لەڕێگای ئەو شەڕەی لەبەرامبەر هەموویاندا دەستی پێکردووە، هێزە هاوپەیمانە سەرەکیەکانی کردۆتە دوژمنی یەکتر. ئەمە ئەو خالەیە کە لەتێگەیشتنیدا مستەفا کەمال زەحمەتی بینیوە. لێرەدا ڕۆلی کاریگەری قوولی ئایدیۆلۆژیای پۆزیتیڤیست لەسەر مستەفا کەمال جێی باسە. هەرچەندە ئەشقی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، ڕێزی زۆری لە بەرامبەر کلتووری هەرێمی و کلتووری ئەنادۆل، ڕۆلی خراپەکارانەتری پۆزیتیڤیزمی بەربەست کردبێت، بەلام نەیتوانیوە ڕێگری لەکاریگەریەکانی بکات.

دۆگماتیزمی پۆزیتیڤیست کە لە شوێنی دۆگماتیزمی ئایینی جێگیرکراوە، تا ئێستاش کاریگەریەکی قووڵی لەسەر بەشی میللیگەرایی عەلمانیدا هەیە. بەپێچەوانەی مەزەندەکانەوە ئەو عەلمانیەتە کۆماریگەرایەکی دیموکراتی، تەنانەت کۆمارگەراش نییە، بەڵکو دەسپۆتیك و دیکتاتۆرییە. کرداره نموونەییەکەشی ئیتیحادگەرایی و ئەوەندەی کاریگەریشیان لێکردووە "CHP"گەریەتییە. ئەو تێزانەی کە فەیلەسوف ماڤناسی و سیاسی کارل سمیت لە ئەڵمانیای ساڵەکانی "١٩٢٠ ـ ١٩٣٠"کان سەبارەت بە تیۆلۆژیای ئایینی و سیاسەت پێشیخستووە، دەرهەق بە تورکیا گونجاوترە. سەرجەم دەستەواژە سیاسیەکانی مۆدێرنیزم، بەرامبەرەکەی لە تیۆلۆژیای چاخی ناوەڕاست، هەتا بەبڕوای من لە چاخی یەکەمدا هەیە. ئۆرژیناڵەکەی هی سۆمەرە. ئەوەی پۆزیتیڤیزم کردوویەتی، ئەو دەستەواژانەی بە جیلوەی مۆدێرنیتە بۆیاخکردووەو بەناوی "زانستیبوون"ەوە خستوویەتیە بازاڕەوە و بەناوی سەرمایەداری پێشکەشی دەکات. ئەگەر لە ناکۆکی و لێکچوونەکانی بابەتی دۆگماتیزمی ئایینی و پۆزیتیڤیست لە دۆخی دوودڵی و گومانەکانی مستەفا کەمال، ڕەوشە ڕۆحییە نائارامەکەی و شەو تا بەیان خوێندنەوەی پەرتووکەکانی دەرهەق بە شارستانیەت بگەڕێین ئەوا واقیعی و ڕۆشنکەرەوە دەبێت.

بینین و تێگەیشتنی ئەو خاڵە زۆر گرنگە کە تەواوی کادیرە بژاردەکانی کۆماری تورکیا لە بابەتی مۆدێرنیتەدا شانبەشانی نەزانی و بێ باوەڕیەکی قووڵ لەناو دۆگماتیزمدا دەژین. ئەو خاڵە سەبارەت بە سەرجەم دوالیزمێکی وەك ڕاستڕەو ـ چەپڕەو، عەلمانی ـ ئاینیی، عەلەوی ـ سوننی، تورك ـ کورد ...هتد لەجێگای خۆیدایە. تا ئێستاش ئەو خاڵە شیکار نەکراوە کە لەسەردەمی کۆماردا شەڕی لەنێوان ئومەتگەرا ئیسلامیەکان، سۆسیالیست، میللیگەرا کوردەکان تەنانەت بەشێکیش لە میللیگەرا تورکەکان لەگەڵ فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری چۆن پێشخراون و ئاراستەکراون. بەتایبەتیش لە ڕێگای ئاراستەکردنەکانی گلادیۆ لەلایەن ئەمریکاوە، ئەنجامی زۆر جەرگبڕو خراپی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. تا پەیوەندی چەمك و

ڕێکخستنبوون و کۆمیتەگەرایی کودەتاچیەکانی سەدان ساڵەی ناو دەوڵەت لەگەڵ فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ڕۆشن نەکرێتەوە، قەیران، ئاڵۆزی و شەڕەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەرکیان پێناگرێت. ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هێزە هەژموونگەراکانی سیستەم، بەتایبەتیش پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەریتانیا و ئەمریکا و ئاڵۆزی و شەڕدا، ڕۆڵێکی ژیانی لەدیموکراتیزەبوون و چارەسەرکردنی کێشەی کورددا دەبینێت. تەنیا لەمیانەی دەرککردن بەو ڕاستییەی کامە هێزی ناوخۆیی و دەرەکی لە پڕۆژەی مۆدێرنیتەی کۆماردا کاریگەربوون و هەروەها تێگەیشتنی هەژموونگەرا ئایدیۆلۆژیەکەی پێیەوە گرێدراون و کردەوە ئابووری، سیاسی و سەربازیەکانیانەوە دەتوانین تێبگەین بۆچی هەوڵە سەربەخۆخوازو ئازادیخوازیەکانی مستەفا کەمال و شوێنکەوتووەکانی کە بانگەشەی دڵسۆزبوونیان بۆ دەکرد بێ ئاکام بوون و ئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە. هەروەها کودەتا سەربازی و پاشکۆ سڤیلەکانی سیاسیەکانی، جگە لە گرێدان بە بازنەی هۆکار ـ ئەنجام بەولاتر هیچ ڕۆڵێکیتریان نەبوو. ئەوەش دەستنیشانکردنێکی هاوبەشی کۆمەڵناسەکانە کە تەواوی هەوڵەکانی ئەوان بۆ ڕزگارکردن ڕەوشەکەی سەختترکردوەو قوفڵی کردووە. چونکە پڕۆژەی مۆدێرنیتەی کۆمار، هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لەدایك ببوو. ئەو سەقەتییەی پێویستە بەپێداگریەوە دەستنیشانبکرێت؛ کۆمار لەگەڵ هێزە بنەڕەتیەکانی ڕزگاری و دامەزرێنەری کۆمار خرایە ناکۆکی و شەڕەوە. ئەگەر بەریزە دیاری بکەین، ریزکردنی ساڵەکانی"١٩٢٥ ـ ٢٦، ١٩٢٠، ١٩٣٧ ـ ٣٨، ١٩٤٥ ـ ٥٠، ١٩٦٠، ١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٩٧، ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢ بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا سەقەتی بونیادەکەی پیشاندەدات.

لە ماوەی نێوان"١٩٦٥ ـ ١٩٨٠" ئەندامە بنەڕەتیەکانی دامەزرێنەری کۆمار ویستیان سەرلەنوێ دەنگی خۆیان بەرزکەنەوە. بەبێ ئەوەی بەرەی هێزی هەژموونگەرای نەریتی بەرامبەریان و ئۆلیگارشی لە ئاستی پێویستدا بناسن و شیکاری بکەن، بەهەڵوێستێکی پەرچە کرداریەوە بەدوای دۆزینەوەی خۆیانەوە بوون. وەك زۆر بانگەشەی بۆ کراوە، لە ڕەوشێکی وەهادا نەبوون کە بتوانن شۆڕش یان دژە شۆڕش

پێکبێنن، بەڵام بەم شێوەیە پێناسەکران. کاتێك سەریانهەڵدا، بەشێکیان لەناوبران و دزەیان کردە ناو ئەوانەی مابوونەوەوماڵییان کردن. چەندە جێگای داخە ئەو هێزانەی لەبەرامبەر یەکتری بەکارهێنران، لەتێگەیشتنی ڕۆڵی گلادیۆ دووربوون. هەڵبەتە لێرەدا جیاوازی لە نێوان ئەوانەی بەباوەڕیەکی بەهێزو دڵسۆزانە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و یەکسانی خەباتیان دەکرد و دژەکانیان حاشا هەڵنەگرە. بەڵام پەیوەست بوونیان بە کودەتاکانیشەوە ڕاستیەکە. ئەو ڕێکخستنە میللیگەراو ئاینگەرایانەی لەو سەردەمەدا پێشخران پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تاکتیکەکانی گلادیۆی دژە کۆمۆنیست، بەرچاوترە. هەروەها کاریگەری ئەو هێزانە لەسەر ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیش گرنگە. ئەوەی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا خاوەن ڕۆڵی دیاریکەرە، بەڕێوەبەرایەتی سەرەوەی گلادیۆی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە. لێرەدا کۆنترۆڵکردنی سوپا و بونیادە سیاسیەکان لەسەرووی هەموویانەوە دێن. بەو شێوەیە بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمار، ئاشکرایە وەك بەردەوامکردنی کارەکتەری کۆمیتەگەری ئیتیحاد و تەرەقییە. هەوڵەکانی مستەفا کەمال بۆ پووچەڵ کردنەوەیان بەشی نەکردووە. هەتا نەریتی کۆمیتەگەرایی کودەتاچی کۆنترۆڵی گلادیۆ دەربازنەکرێت، ئەوا سیستەمێکی کۆماری خاوەن کارەکتەری دیموکراتی و حقوقی بەدینایەت و جێگیر نابێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو شیکارانەوە دەرکی پێدەکرێت کە بونیادی بنبەستبووی کۆمارو کێشە ئافرێنەرەکەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دەرکەوتنی PKKدا بینیوە. ساڵانی"١٩٧٠" بەڕاستی ئەو سەردەمە بوو کە جولانەوە دیموکراتیەکان هێزیان بەدەستخستبوو. کودەتای"١٢ ئادار"یش ئەو هێزەی نەبوو کە بتوانێت ئەو قۆناخە بوەستێنێت. ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە لە دامەزراندنی کۆماردا بەکاریگەربوون، سەرلەنوێ دەردەکەوتنەوە سەر سەکۆی مێژوو؛ سۆسیالیست، ئیسلامگەراو میللیگەراکانی کورد لەناو کۆمار بۆ خۆیان لە مەشروعیەت دەگەڕان. هەڵگری داواکارییە دیموکراتیەکان بوون. ئەگەر ئەو داواکاریانە لە ڕێگای کودەتاو ڕەفتاری

فاشیستیانە سەرکوت نەکرابوانایە، لەمیانەی دیموکراتیزەبوونەوە بە ڕێگەچارە دەگەیشت. بەڵام درێژەدان بە شەڕی ساردو قەیرانی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتە لەرێگای پەیڕەوی سەرکوتکارو فاشیستانەترەوە وەك بژارێك پەیڕەوکرا. کۆماری تورکیا بووە ئەو وڵاتەی کە کۆنترۆڵی گلادیۆ بەشێوەیەکی زۆر بەهێز تێیدا بەڕێوە دەبرێت. ڕژێمی"١٢"ئەیلولیش وەك نموونەیەکی هەرە مەترسیداری ئەو کۆنترۆڵە پێشکەوت.

تەواو سەرکوت نەکردنی"PKK" پەیوەندی بە بونیادی ناوخۆی کوردان و ئالۆزیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە هەبوو. لە ڕاستیدا کودەتای "١٢" ئەیلول لەماوەی"٢٤"کاتژمێردا هەر شوێنێکی پاککردەوە. لە بەهەڵەداچوونی لە بابەتی کورداندا، هۆکاری کۆمەڵایەتی قووڵ جێگای باس بوو. لەو بڕوایەدابوو کە کورد وەك کۆمەڵگاو گەل لەناوچووە. دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکان و قۆناخێکی دژواری ئاسیمیلاسیۆنەوە، لەو باوەڕەدابوون جارێکی تر کوردان ناتوانن بێنەوە هۆش خۆیان. زهنیەتی نوێی کۆمەڵایەتی بەتایبەتیش چینی ناوین و ئەو بیرۆکراسیەتەی کە لەسەر بنەمای فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری پەرمیانسەند لەو باوەڕەدابوون چیتر کوردان لە مێژوودا سڕاونەتەوە. ڕۆڵە مێژووییەکەیان لەبیرکرابوو. ئەو بوونە تاك و تەرایانەی کە ماشبوون هاوتای بوونەوەرە سەرەتاییەکان دەبینران. توێژی سەرووش لە مێژبوو بە هەڵوێستی خزمەتکار لە پاشا پاشاترە، وەستایانە ڕۆڵی خولامێتی دەسەڵاتیان دەبینی. هەرچی ئەو میللیگەراو تەریقەتانەشن کە لەگەڵ ئەمریکا لەناو پەیوەندین، لەجیاتی پەیوەستبوون بە بەرخودان و ئازادی، زیاتر لە زەمینەیەکی دژایەتیدا دەهێڵرانەوە. هەرچەندە دووچاری خراپەکاریش هاتبێت لەو هەلومەرجەدا PKK توانی پەیوەندی لەگەڵ لادێیی و هەژارانی شاری بەشی کرمانجی دینامیزمی کۆمەڵگای کوردەواری ببەستێت. سوودی لە هەستی وڵاتپارێزی و کوردایەتی و بونیادە کلتووریەکان وەردەگرت، بگرە سەرلەنوێ دەیئافراندەوە. سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتکردن و پارچەبوونەشی، دیسان سروشتی کۆمەڵگای کوردی بونیادەکانی لەخۆوە دەگرت. ئەوەی پێویست بوو، کەمترین هەستی وڵاتپارێزی

و تێگەیشتنی هەندێك چەمك و دەستەواژەبوو. لە"PKK"ی ئەو سەردەمەدا، ئەو سۆزو چەمكە بەكاریگەرانە، لە ئاستێكی پێویستدا هاتبوونە ئاراوە. ئەوەی بۆی پێویست بوو، كادیری باڵای دیبلۆماسی و سیاسی نەبوو، بەڵكو جولاندنی ئەو سۆزو چەمكە بوو بە خێراییەكی زۆرەوە. چەند چالاكیەكی سنووردار بە خێرایی ئەوئاستەی بە دەست هێنا.

لەدەركەوتنی ساڵانی"١٩٧٠" هەتا سەرەتای ساڵانی"١٩٨٠" بەو شێوازە بەردەوامبوو. كاتێك بەكارهێنانی هێزی رادەبەدەر لەلایەن رژێمی"١٢"ئەیلول، داپلۆساندنی پێشوەختی هێزە چەپڕەو و بەرهەڵستكارەكانی ترو راستینەی زیندانی دیاربەكرو جێگیربوونمان لە رۆژهەڵاتی ناوین گەیشتنە یەكتری، دەستپێكردنی ئەو قۆناخەی بەقەڵەمبازی "١٥ی ئابی ١٩٨٤" ناو دەبرێت زەحمەت نەبوو. لە راستیدا دەتوانرا لە"١٩٨٢"دا ئەو قەڵەمبازە دەستپێبكات. بەڵام كاتێك هەندێك لە كادیرانمان لە شاخ بەشێوەیەكی شایستە ئەركەكانیان جێبەجێنەكرد، ئەو هەڵمەتە تا"ئابی ١٩٨٤" دواكەوت. شەڕی ئێران و ئێراقیش كۆمەكی بەو چوارچێوەیە گونجاوە كرد. بەڵام هیچ كاتێك بزووتنەوەكە لە كوردستانی توركیا كەم نەبوو، بەردەوام هەبوونی خۆی پاراست. ناتوانین باسی گەریلایەتیەكی زۆر شارەزایانە بكەین. بەڵام كاریكاتێری گەریلایەتیمان جێگای باس بوو. تەنانەت ئەوەنتازەكانی هەڵمەتی ١٥ی ئابیش كە بۆ دەوڵەت قەڵەمبازێكی چاوەڕوان نەكراو بوو، زۆر بەخراپی بەكارهێنرا. سەرەڕای هەموو بەرهەڵستكاری و دزەكردنی دەوڵەتان و هێزەكانی كوردستانی ئێراقیش، بەڵام جێگیربوون لەرۆژهەڵاتی ناوین، بۆ بەردەوامكردنی بزووتنەوەكە و بەدەستهێنانی پشتیوانی هەموو بەشەكانی كوردستان و كوردانی ئەوروپا بەس بوو.

كاتێك شێوازی دەستێوەردانی رژێمی"١٢"ئەیلول ئەنجامی پێچەوانەی لێكەوتەوە، بەپشتیوانی ناتۆ دەربازی سەردەمی باری نائاسایی و ژیتەم بوون. گلادیۆی ناتۆی ژێر سەركردایەتی ئەڵمانیا، لەساڵی"١٩٨٥" بەدواوە بەشێوەیەكی كاریگەر كەوتبوە جموجۆڵەوە. پیلانگێڕیەكانی تیرۆركردنی پاپاو ئۆلف پاڵمە، بەو رادەیەی لە

چوارچێوەی حیسابە گشتیەکاندایە، پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی بە قەڵەمبازی گەریلایی کوردستانەوە هەیە. سەردەمی "١٩٧٣ ١٩٨٣"ی دەرکەوتنی "PKK" قۆناخێك بوو کە کاریگەری لایەنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە پێش بوو، لایەنی چەکداریش لاوەکی بوو. قەڵەمبازی"١٩٨٤" لایەنی چەکداری لەپێش بوو، بەڵام پێشکەوتنە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکەشی بەردەوام بوو. ڕاوەستەکردنێکی زۆر لەسەر رۆڵی باری نائاسایی و ژیتەم پێویستە. وەك دەزانرێت چەندین چالاکی خراپەکارانە لە ناوەوەو دەرەوەی بزووتنەوە ئەنجامدران. دەشێت ئەو چالاکیانەی کە ژن و منداڵی لەیەکتری جیا نەدەکردەوە، بە ئامانجگرتنی ئەوانەی پێویست بوو بە ئامانج نەگیردرێن، هەروەها مەیلە مەزاجیەکان و خاوەن دەرنەکەوتن لە بچووکترین ئەرکیش، لەم چوارچێوەیەدا بژمێرین.

بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشە ئەوەیە هەرچەندە"PKK" وەك شەیتانیش نیشانبدەن، ئەوەندەی تر دەبێتە خاوەن هێز. ئەوەش تینووبوونی قووڵی گەلی کورد نیشاندەدات. سەرڕای ئەوەی بزاوتە گەورەکانی کۆچپێکردنی سەر کوردان چەندین قات لە کۆی بزاوتەکانی سەر ئەرمەنی، رۆم و سوریانییەکان زیاتریش بێت، بەڵام هەموو شتێك بە ئەرێنی لەخانەی "PKK"دا رەنگیدەدایەوە. هەڵبەتە لێرەدا هەلومەرجە مێژوویی و جوگرافیەکان بەکاریگەربوون. وەڵامدانەوەی داواکاریەکی مێژوویی، واتە پاراستنی هەبوونی کۆمەڵگاو خاوەنداریکردن لە کەرامەتی مرۆڤایەتی، فاکتەری سەرەکی و دیاریکەری ئەو پێشکەوتنە بوون. پێویستە کاروانی ئاسایی و داخوازییە مێژووییەکان بچووك نەبینرێن.

ئەو سیاسەتەی سەرۆك کۆمار بەڕێز تورگووت ئۆزال، لەساڵی"١٩٩٢" بەدواوە سەبارەت بەکورد پەیڕەوی کرد چاوەڕوان نەکراوبوو. درەنگ هەستمان بە گرنگیەکەی کرد. ئەو چانسە جدییەی چارەسەری کە بە مردنی ئەو پووچەڵکرایەوە، لەلای خۆمەوە بەردەوام وەك زیانێکی مێژوویی یادی دەکەمەوە. دەبوو ببێت بە چانسی چارەسەری دیموکراتی کۆمار، بەڵام بەبڕوای من هەندێك هێزی گلادیۆ بە ئەنقست

ئەو چانسەیان نەدا. کاتێك سەرفەرمانداری سوپای ئەو کات دۆغان گورێش لە ئینگلتەرا دەگەڕایەوە لە لێدوانێکیدا وتی"لامپی سەوزم بۆ هەڵکراوە" بەشێك لەم راستییە دەخاتە روو. دوای مردنی تورگووت ئۆزال، کودەتای تانسۆ چیللەرو ئەو پیلانگێڕییە یەك لەدوای یەکانەی لەناوەوەو و دەرەوەی سوپا ئەنجامدران، یەکێك لەو گرێکوێرە سەرەکیانەیە کە پێویستە شیکاربکرێت. بەڵگاندنی سیخوڕایەتی تانسۆ چیللەر بۆ"CIA" تا رادەیەك ئەو گرێیە روون دەکاتەوە. کوشتنی کۆمەڵێك رۆشنبیرو پێشەنگە ئەتاتورکچی و کوردەکان، بە هەزاران تاوانی کوشتنی بکەری نادیار، چۆڵکردنی گوندەکان و هارکردنی حیزبولا، بە بڕوای من یەکێکە لە پیلانگێڕییە هەرە گەورەکانی سەر کۆمار. سەردەمی پیلانگێڕی و یاخیبوونەکانی سالآنی"١٩٢٤ ١٩٢٧" کۆماری قۆناخی مستەفا کەمال وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە. لەو سالآنەشدا فاکتەرە دیموکراتیەکانی بناخەی کۆمار لەناو دەبرێن. ئەو رەوشە هێشتا روون نەکراوەتەوە. بەڵام ئاشکرایە ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاو مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە. پێویستە رۆڵی هەژموونگەرایی دەرەوەو بەکرێگیراوەکانی لە مایەپووچکردنی چانسی چارەسەری دیموکراتییانەی سەرەتاکانی ١٩٩٠ کان بچووك نەبینرێت کە لەرێگای پیلانگێڕی، یاخیبوون، تاوان و لەناوبردنی کوردان بەڕێوەچوو. نموونەگەلێکی زۆر کەم هەیە بە ئەندازەی ئالۆزی، کۆمەڵکوژی، ئاژاوەگێڕی و بزووتنەوەی دیموکراتی لە سالآنی"١٩٩٣ - ١٩٩٧" کۆنترۆڵی هەژموونگەرایی سەر کۆمار روون بکاتەوە.

باسی قۆناخێکی زۆر سەیرو بێهاوتا دەکەین کە خەسڵەتی یاسایی، عەلمانی، کۆمەڵایەتی و دیموکراتی دەوڵەت بەتەواوی لە بەینبراوە، کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی ژیتەم و خزمەتی بونیادە پاوانخوازەکانی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە. لە کۆتایی ئەو قۆناخەدا وەڵامێکی ئەرێنیمان دایە ئەو لێگەڕینانەی پەیوەندی بەستن کە لەلایەن سەرۆك وەزیر بەڕێز نەجمەدین ئەربەکانەوە بەرێگای سەرۆك کۆماری سوریاو لەرێگای برۆکسلیشەوە بەشێك لە سوپا بەناوی بەشی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

هەوڵیان بۆ دەدا. ئالوگۆڕکردنی نامەو زانیاری جێگای باس بوو. بەڵام لە ئەنجامی لەسەرکار لابردنی نەجمەدین ئەربەکان و دەرکەوتنی من لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەو هەنگاوەش مایەپووچ بوویەوە. لەو باوەڕەدام پێویستە ڕۆڵی ناوەندەکانی گلادیۆی ناوخۆو دەرەوە لەو مایەپووچکردنەوەیە بچووك نەبینرێت. دەرفەتی بەربەستکردنی ئەو قەیران، پێکهەڵپژان و شەڕە هەبوو کە تا ئێستاش کۆمار پێیدا تێپەڕدەبێت. ڕەوشی ئاگربەستی یەکلایەن و دۆخی پەیوەندییەکان ئەو دەرفەتەیان ڕەخساندبوو. ئەو هەوڵانە سەرکوتکران و بە ئەنقەست پرۆسەکە پووچەڵ کرایەوە. ئەو چانسە لەبەینبرا کە بۆ چارەسەری هاتبووە ئاراوە.

دەرکەوتنم بۆ ئەوروپا و لێگەڕینم بۆ چارەسەری سیاسی، بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا لە ڕێگای ئینگلتەراوە پووچەڵ کرایەوە. هاوکاری ئینگلتەرا لەگەڵ گلادیۆی بەڕێوەبەرایەتی ئەسیناو بەکارهێنانی فرۆکەیەکی تایبەت لەسویسراوە و ڕفاندنی من بۆ کینیا، زۆر بە باشی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. بێگومان سەرجەم دەوڵەتە ئەوروپیەکانی ئەندامانی ناتۆ لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوون، بەڵام ئینگلتەرا مێشکی بەڕێوەبەرایەتی بوو. ئەمریکاش جێبەجێکاری فەرمی بوو. ئیسرائیلیش ڕێنیشاندەر بوو، ئەو هێزە بوو کە مانەوەمی لەمۆسکۆ ئاستەنگ کرد. لەڕاستیدا هەم لە کینیاو هەم کاتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بووم، بەئاشکرا هەوڵیاندەدا پەنایان ببەمەبەر. بەڵام متمانەم پێنەکردن، هیچ کاتێکیش بیرم نەکردەوە باوەڕییان پێ بکەم. لە کەسایەتی مندا خوازیاری ڕادەستگرتنی چانسی ئازادی کوردان بوون. منیشی لەناودا زۆر دڵنیابووم کە نابێ هیچ کەس بوێری ئەوە پیشانبدات و بیر لەشتێکی بەمجۆرە بکاتەوە. زۆر سەیرو سەرنج ڕاکێش بوو؛ ئەو گەمانەی کە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کۆمار دەکران، لە سەر من و بە ڕێگای "PKK"شەوە دەیانویست لە سەرکوردانی بەڕێوەببەن. دیسان ئەوەی دەستبەکاربوو فاکتەرەکانی مۆدێرنیتە سەرمایەداری بوو کە بەهەزار و یەك پەتەوە بەیەکەوە گرێدراون.

پەندو ئەزموونم لە بوویەرەکان وەرگرت و لە قۆناخی ئیمرالیدا ئارام و لەسەرخۆ بووم. لە قۆناخەکانی لێکۆلینەوە، دادگایکردن و بەندکردنمدا ئەو هەلۆێستەم پاراست. لەو بڕوایەدام لێکۆڵەرەوەکان بەتاکتیکی ڕۆژانە نزیك بوونەوە. راوەستە ئارام و لە سەرخۆکەی منیان بە هەڵە شرۆڤەکرد. هەمان شرۆڤەی هەڵە لەناوخۆو دەرەوەی ڕێکخستنیش دەکران. بەڵام سەرەڕای هەموو شرۆڤە هەڵەکانیش هەلۆستەی خۆم خراپ نەکرد. هێشتاش لە"١١"مین سالۆوەگەڕی ئەو راوەستە تەنیاییەدام. بەدرێژایی ئەو قۆناخە بەرگرینامەیەکی چوار چینیم ئامادەکرد.

چینی یەکەم لە بەرگرینامەکانم: لەقۆناخی دادگایی کردندا هەوڵمدا لەشێوەی پەرتوکێکی بچووك بەناوی "مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتی" پێشکەشی بکەم. هەرچەندە زۆر بەهێزیش گوزارشت نەکرابێت، بەڵام بەردەکانی بناخەی هەڵسەنگاندنێکی ڕێگەچارەی دیموکراتییانە پێشکەش دەکات. نەقۆستنەوەی لەلایەن حکومەت و ناوەندە سیاسیەکانەوە، زیانێك بوو. قۆناخەکە بەتەواوی بۆ ئاراستەی هەرەمەکی خۆی جێهێشترا، لەو بڕوایەدابوون کە بەو شێوەیە چارەسەر ببێت. هەندێك هەنگاوی چارەسەرئامێزی سەرۆك وەزیری ئەو کات بەرێز بولند ئەجەوید، لەلایەن پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی"MHP"ی هاوبەشی حکومەتەوە پووچەڵ کرایەوە. تەنانەت پارتی دادو گەشەپێدان"AKP" نەیویست لەکێشەکەش تێبگات. لەوانەیە. "نەخشە ڕێگایەك" بەس دەبینێت کە پێشتر نەخشەی بۆ دانراوەو لە تەوەرەی پەیوەست لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باکوری ئێراق"باشووری کوردستان" دایە. ئەو نامانەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەروو، سەرۆك وەزیران عەبدوڵڵا گوڵ و رەجەب تەیب ئەردۆغان نووسیم و هەروەها ئەو بەرگریانەی لەبەرامبەر ئەو "١١" جار سزای گۆشەگیری ناو ژووری ئینفیرادی نووسیومن هیچ وەڵامێکیان نەدرایەوە. تا ساڵی"٢٠٠٥" کاتەکە بەفیڕۆ چوو. بۆیە قۆناخێکی دەستپێکردنەوەی چالاکیەکان دەستلێبەرنەدراو بوو.

چینی دووەم لە بەرگرینامەکانم: ئەو بەرگرینامەیەم بەشێوەی دوو پەرتووك بەناوی" لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراتی(بەرەو کۆمار)" بۆ یەکەم دانیشتنی دادگای ماڧ مرۆڤی ئەوروپا پێشکەش کرابوو. ئەزموونێکی قووڵتری رێگەچارەی دیموکراتی بوو.

چینی سێیەم لە بەرگرینامەکانم: ئەو پەرتووکەی بەناوی "بەرگریکردن لە گەلێك" بڵاوکراوەتەوە، پێشکەش بە دانیشتنی دائیرەی گەورەی دادگای ماڧ مرۆڤی ئەوروپا کراوەو چینی سێیەم پێکدێنێت. سەرهەڵدانی کێشەی کورد و ئەگەرەکانی چارەسەری بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوەتر گەیشتبوو.

چینی چوارەم لە بەرگرینامەکانم، ئەو قۆناخەی هێشتا بەناویدا تێپەڕدەبم، وەك چوارەمین و دوایین چینی بەرگرینامەکانم هەڵدەسەنگێنم. ئەو بەرگرینامەیەی لەژێر ناوی "مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتی" دایە لەپێنج بەرگ پێکدێت " ١ـ شارستانیەت، ٢ـ شارستانیەتی سەرمایەداری، ٣ـ سۆسیۆلۆژیای ئازادی، ٤ـ لە رۆژهەلاتی ناوین شارستانێتی دیموکراتی، ٥ـ چارەسەری شارستانێتی دیموکراتی لە تورکیا و کوردستان "، تا ئێستا چوار بەرگی تەواو بووە. لە ماوەی داهاتوودا هەوڵی تەواوکردنی بەرگی دوایی"بەرگی پێنجەم" دەدەین. ئەو هەڵسەنگاندنەی ئێستا بەناوی"نەخشەی رێگا" پێشیدەخەم، وەك شێوەی سەرەتایی بەرگی کۆتاییە.

قۆناخی ئەو ٢٥ ساڵەی "١٩٨٤ ـ ٢٠٠٩" دوایی کە خەباتی چەکداری رۆڵێکی سەرەکی تێدا بینیوە، دەشێت وەك شەڕی حەقیقەتەکان هەڵسەنگێنرێت. لە رزگاربوونی کۆمەڵگایەك زیاتر، گوزارشت لە خستنەڕووی راستیەکان دەکات. رووبەڕووبوونەوەی حەقیقەت لە ئاستی جیهاندا بووە. چونکە کێشە مێژوویی و کۆمەلایەتیەکان بەو رادەیەی حەقیقەتی خۆیان دەرخستۆتە روو دەتوانن بکەونە سەر رێی چارەسەری. لە راستیدا سەرکەوتنی چەکداری شەڕی پاراستنی رەوا نەبێت،

بەتەواوی سەرچاوەی کێشەکان پێکدێنن. لەشەڕی"٢٥" ساڵەدا لە سەرکەوتن و بنکەوتن زیاتر، ئەوە گرنگە کە چەندە ڕۆڵی چارەسەری بینیوە. پێویستە بپرسین شەڕی"١٠٠"ساڵەی نێوان ئینگلتەراو فەرەنسا، لە سەلماندنی ئەو راستیەی کە "دەریای مانش" دەتوانێت ببێتە سنوور بەولاوە بەکەڵك چیتر هاتووە؟ لە سەلماندنی هەبوونی کورداندا ئەو چارەکە سەدەی رابردوو دیاریکەربووە. تاجدارکردنی بوونی کوردان بە دەوڵەت ـ نەتەوەیەك یەکێك لە ئامانجەکانی "PKK"ی قۆناخی سەرەتا بوو. بەڵام لەکۆتاییەکانی قۆناخدا لەرێگای سەدان ئەزموونەوە فێربووین کە ئەو تاجە پێویست نییە، بەپێچەوانەوە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی کێشەی نوێ، بەڵکو پێکهاتەی سیاسی دیموکراتییانەی کۆمەڵگا مانادارترەو چارەسەری دەئافرێنێت.

دەرککردن بە پرۆسەکانی پەرەسەندن و وەرچەرخانی"PKK" رێگایەکی هەرە راستی تێگەیشتنی خودی خۆشیەتی. لە هەلومەرجەکانی شەڕی ساردی دونیای حەفتاکان PKKش سەر بە بلۆکی سۆسیالیزمی بونیادنراو دادەنرا. بەلانی کەم نیاز وابوو. ئەو سەنگەرانەی تێیدا جێگیریش ببوو گوزارشتی لەو دۆخە دەکرد. بەڵام ئاستە رۆشنبیریەکەی، ئاستی سۆزو دەستەواژە شۆڕشگێڕیەکانی تێنەدەپەڕاند. سروشتی کۆمەڵگای کوردیش لە دۆخی ماتریال و کەرەستەیەکدا نەبوو بەدەستەواژەو تیۆری مۆدێرن روون بکرێتەوە. ئیرادەی شۆڕشگێڕی دیاریکەرتربوو. لە ئایدیۆلۆژیا زیاتر، ژیانی ئازاد دەبووە سەرچاوەی ئیلهام. لەبەر ئەو هۆیە کاتێك سۆسیالیزمی بونیادنراو لەبەرچاوان کەوت زۆر کاریگەرنەبوو. لە پارتیەکی چەپڕەوی مۆدێرێن زیاتر، لە بزووتنەوەیەك دەچوو کە لەسەر بنەمای ئەخلاق و باوەڕییە. تیۆریش هەبوو، بەڵام بەهای سەرەکی ئەخلاق و باوەڕی بوو. گرنگترین سەرمایەی کۆمەڵگای کوردەواری لەقۆناخی شەڕدا هەلومەرجە دژوارەکانی ژیانە کە هێزی ئەخلاق بوێری و خۆڕاگریەکەی دەستنیشان دەکردو هێشتاش هەبوونی خۆی پاراستووە. وەك نموونەکانی تر پەسەند نەکردنی مۆدێلی پارتیەکی چەپی مۆدێرێن لەلایەنPKK وە دەبێ هۆکارێکی هەرە سەرەکی بێت کە هێشتا ئافرێنەرو پێگەیشتووە. ئەگەر هەر

جیابوونەوەیەکی کە ڕوویداوە، یان هەر زیانێکی بەریدەکەوت نەیتوانی ڕێگا لە پێشکەوتنەکەی بگرێت، لێرەدا هۆکاری هەرە گرنگ؛ خۆی بەشێوازی ژیان و مۆدێلی پارتی چەپڕەوی مۆدێرن ڕێکنەخست. بەتەنیا لەشێوەی PKK دا تەنیا کۆمەڵگا نەبوو بە خاوەن هەبوون، شانبەشانی ڕاستینە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکەی، لەناوخۆشیدا لەمیانەی ئەو هێزەی ئازادی پێی دەبەخشێت شەڕێکی ناوخۆی خەستیشی بەڕێوەبرد. ئەو ڕەوشەی ململانێی ناوخۆ کە پارتیەکی مۆدێرن بەرگەی ناگرێت، لە پێشخستن و پتەوبوونیدا بەکاریگەربووە.

وەرچەرخانی بنەڕەتی PKK ئەوکاتە ڕوویدا کە لە ڕێڕەوی تەوەرەی دەوڵەت و ئامانجەکەی دەرکەوت، کەوتە سەر ڕاستەڕێی پێکهاتەی دیموکراتی و سیاسی. گۆڕینی ڕێڕەو بەهۆی سەختی ئاواکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی سۆسیالیزمی بونیادنراو نەبوو. شێوازێکی ژیان کە لەو ژیانەی سەرمایەداری جیاوازتر نەبوو کە لە تەواوی جیهان لە ئارادابوو، هۆکاری سەرەکی دابڕانبوو. یان ئەوەتا دەرفەتی ژیانی لە جیهانێکیتر دەدۆزیەوە، یان ئەویش وەك هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو پەرتەوازە دەبوو. کۆمەکی هەرە گرنگی قۆناخی ئیمرالی؛ ئەو ڕێگاچارە دیموکراتییەی لەدەرەوە بەشێوەیەکی سنووردار تاوتوێ دەکرا، بەقووڵی ئاواکرا. بەرگرینامەو لێدوانەکان، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش قووڵایی ڕێگاکە پیشاندەدەن. دەوڵەت و PKK ش ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی پێشکەوتنەکانی ئەو لایەنە تێبگەن، وەك گۆڕانکاریەکی تاکتیکییان دەبینی. هەندێك کەسیش، وەك سەرەتای قۆناخی لەناوبردن لێی تێگەیشتن. کەچی لە ڕاستیدا قووڵبوونەوەیەکی مەزن لەتیۆری سیاسی و زانستی سۆسیۆلۆژیا بەڕێوەدەچوو. PKK ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی زۆر بەرفراوان ببوویەوە. ئەو کەسانەی لە هەستی بەرپرسیارێتی و ئەخلاق بێبەریبوون ئەو ساتەی وەرچەرخانیان بۆ خۆیان کردە بیانوی هەڵاتن و لەمەشدا دوودڵیان نەکرد. فاکتەری دیاریکەر لەو هەڵاتنانەی دوای "٢٠٠٠" ڕوویاندا ئەو لاوازییە نەخلاقیەبوو کە لەبەرامبەر جدیەتی وەرچەرخان لە ئارادابوو.

دەوڵەت و دەوروبەرە چەپڕەوە پەیوەندیدارەکان لەو چاوەڕوانییە دابوون کە PKK بەخۆی خۆی لەناوببات. ئەوەش هەڵوێستێکی زۆر چەوت و نابەرپرسیارانەبوو. ئەگەر دەوڵەت دواتر بە بەرپرسیاریەتی نزیك ببوایەوە، لەوانەیە دوای ساڵی"١٩٩٩" وەرچەرخانی دیموکراتیانەی مێژوویی ڕوویدابوایە. لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی شایستە وەڵامی هەوڵە یەکلایەنەکان نەدرایەوە، لە ڕاستیدا ئەوە بە فیڕۆدانی دەرفەتێکی مێژوویی بوو. ئەو تاکرەوێتییە لیبرالیەی هەڵوەرینی چەپ تێی کەوتبوو زۆر لە دەوڵەت بێ بەرپرسیارانەتر ڕەفتاریان کرد. ئەو هەڵاتنانەی ڕوویدا هیچ بیانوویەکی ئەخلاقییان نەدەناسی. بۆ جارێکی دیکەو بە شێوەیەکی چاوەڕێنەکراو ئەو ڕاستیەمان لە کۆمەڵگای کورددا بینی کە بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانن کۆمەڵگاکان بخەڵەتێنن. ئێش و ئازاری چەشتراو ئەزموونبەخش و فێرکەربوون. دڵسۆزیەکی ئاساییش بەسبوو تا کۆمەڵگا لەپێناو ئازادی و یەکێتی لەسەر پێیان بمێنێتەوە. ئەگەر وەك ڕێکخستن PKKش لەناو بچێت کۆمەڵگایەك ئافرێنراوە، گەل و تاکێکی ئازاد ئاواکراوە کە لەپێناو ئازادی و سەرفرازی خۆی ڕاپەڕێت.

وەك ئەنجام، کێشەی کورد چارەسەر نەکرابوو، بەڵام دەرفەتی چارەسەری تا دوایی زێدە ببوون. وەکو ئەوەی کۆمەڵگا لەسەر پێیان چاوەڕوانی چارەسەری بوو. هەرچەندە PKK وەك چۆن دەیەوێت ناتوانێت یەکلایەنە چارەسەری بەرەو پێشەوە ببات، بەڵام هەرچانسی چارەسەرکردن بە شێوەیەکی بەهێزتر بەردەوام بوو. ئیتر ڕێگەچارەی دەوڵەت ـ نەتەوە وەك مەرجێك لە ئارادا نەمابوو، بەڵام ڕێگا لەبەردەم چارەسەری دیموکراتی سیاسی زۆر دەوڵەمەند کراوەتەوە. چیتر دەوڵەتیش نەیدەتوانی ڕێگەچارە یەکلایەنەکانی خۆی داسەپێنێت. زۆرباش تێگەیشتبوو کە ئیتر ناتوانێت وەك ڕابردوو درێژە بە نکوڵیکردنی وشك بدات. ئیتر چارەسەری سەربازیش بۆتە شێوازێکی چارەسەری کە زیانەکەی لە سوودەکەی زیاترە. هەندێك جار هێزێکی زۆر و بێ ڕادە لەخاوەنەکەی دەداتەوە. بەو دۆخە گەیشتبوو. هاوشێوەی ئەو جیابوونەوەو

دابڕانەی لەناو PKK روویدا، لەناو دەوڵەتیشدا دەستی پێکردبوو. بۆ یەکەمجار بوو لەژێر ناوی ئەرگەنەکۆندا دەوڵەت بوێری دادگاییکردنی خۆی پیشاندەدا. کۆماری تورکیا بۆ جاری یەکەم کەوتە قۆناخی لێپرسینەوەی هەرە جدی مێژووی خۆی. ئیتر زۆرێك لەو راستیانەی نکۆڵیان لێدەکرا، باسیان دەکرێت.

بێگومان گرنگترین پەرەسەندنی ئەو قۆناخە نوێیە، دیداری ساڵی"٢٠٠٧" نێوان سەرۆکی ئەمریکاو سەرۆك وەزیری کۆماری تورکیا بوو کە ئێستاش ناوەرۆکەکەی بەتەواوی نازانرێت. لەو دیدارەدا لەبەرامبەر لەناوبردنی خەباتی چەکداری PKK گەیشتنیان بوو بە بڕیاری کۆتایی هێنان بەشێوازی کۆنی بەڕێوەبەرایەتی گلادیۆ. دادگاییکردنەکانی ئەرگەنەکۆنیش گوزارشتە بەرجەستەکەیەتی. بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆ ساڵی"١٩٩٣" گەڕابوونەوە. بوێریەك دروست بوو کە لەهەڵەکانی "٨٥" ساڵەیان بگەڕێنەوە. دامەزرێنەرە رەسەنەکانی کۆمار سەرلەنوێ بەیەکتری دەگەیشتنەوە. دیسان بە مێژوویێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبوون. کوردە دابەشکراوەکان، خوازیاری یەکێتی و یەکپارچەیی بوون؛ هەمیش لەسەر بنەمای میساقی - میللییەکی نوژەنەوە. مێژوو رووبەڕووی ناهەقی و بێبەختی گەورە دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز لەبیری ناکات. رۆژێك دێت بۆ تێپەڕاندنی ناهەقیەکان سەرلەنوێ لایەنەکان لە ژوانێکدا دەگەنە یەکتر. بێگومان چارەسەری بەدینەهاتووە، بەڵام کەوتوونەتە سەر رێی چارەسەری. هیوای چارەسەری کە لەئاسۆدا دەبینرێت، رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبێت. کۆمار هێزی ئاواکردنی مۆدێلی دیموکراتی خۆی هەیە. ئەگەر خاوەنداریێتی لە میراسی دەوڵەمەندی شارستانیەت بکرێت و شایستەی رۆحی یەکێتی بن کە راستی ئومەتبوون بەخشیوێتی، ئەوا ئەو پۆتانسێلە تەنیا بە پێشکەشکردنی مۆدێلی خۆی ناوەستێت، بەڵکو بۆ هەموو گەلە بێ چانسەکانی ناوچەکەش دەبێتە نموونەیەك. لێگەڕینەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، مۆدێلێکی دیموکراتی دەکات بە ئەگەرێکی دەستلێبەرنەدراو.

ج ـ ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد

لە سەرەتاکانی سەدەی"١٩" بەدواوە لەگەڵ جێگیربوونی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، کێشەکانی کۆمەڵگا و ئەگەرەکانی چارەسەریشی گەیاندۆتە قۆناخێکی نوێ. کێشە و ڕێگەچارە تایبەتەکانی بە چاخەکانی یەکەم و ناوین ئەوجارە لەمیانەی گۆڕینی ناوەندەکەیەوە سەرلەنوێ لەلایەن شارستانیەتی هەژموونگەرایی ڕۆژئاواوە کە لە ڕێگای فاکتەری نوێوە شێوەی گرتووە بۆ ڕۆژهەڤی مێژوو گواستراوەتەوە. کێشە گشتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە بە کێشەکانی "شەرقی"یش ناو دەبرێت لەناوەڕۆکدا دەتوانین وەك قۆناخی پارچەبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش پێناسەی بکەین، شانبەشانی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەر کۆمەڵگا و گەل و نەتەوەیەك، لەمیانەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیشەوە کەوتە ڕۆژەڤەوە. لەسەرووی هەموویاندا عەرەب، عەجەم، تورك، کورد، ئەرمەنی، ڕۆم، سووریانی و یەهودی لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەبەکانیش لە سەرووی هەموویانەوە موسڵمان، کریستیانی، موسەویەتی و عەلمانیەت، هەروەها لەسەر بنەمای بوارە سەرەکیەکانی چینایەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی و سەربازیدا تا دەچوو خەستترو زیاتر دەبوون. ناوەڕۆك و شێوەی نوێ خرانە سەر کێشە کۆنەکان، ناوچەکە بە دۆخێك گەیشت کە بەردەوام لەناو قەیران، پێکدادان و شەڕدا بژیت یان خرایە ڕەوشێکی بەمجۆرەوە. باڵابوونێکی ریشەیی شارستانیەتی ڕۆژئاوا جێگای باسبوو. ئەو باڵابوونەش چەندە تۆکمەتر دەبوو، خەستبوونەوەی کێشەو لێگەڕینەکانی چارەسەری لەناو هەموو وڵات، نەتەوەو کۆمەڵگاکاندا دەستلێبەرنەدراو بوو.

مێژوو هەر کاتێك تەنیا کێشە دروست ناکات؛ ئەو کات و شوێنانەی کە کێشەی تێدا دەژیت، ئەگەرەکانی چارەسەریش لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن. ئەوەی گرنگە گرێدراو بە هەلومەرجەکانی کات و شوێنەوە سەرچاوەی سەرەکی کێشەو ئەگەرەکانی

چارەسەری، بەشێوەیەکی واقیعی پێناسەبکرێن و لەبواری کرداریدا جێبەجێ بکرێن. لەو پێناوەشدا گفتوگۆکردن و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست گرنگیەکی ژیانی هەیە. لە دۆخێکی پێچەوانەدا ئەو هەوڵانەی لەپێناو گفتوگۆو چارەسەری دەدرێن بە فیڕۆ دەچن. لە دووسەد ساڵی دوایی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کە لە ڕاستینەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەڕێوەچووە، تا ڕادەیەك شێوازی شەڕی کوێران بووە. لە دەرەنجامی بەڕێوەبردنی سیاسەتە گشتیەکانی پەرتکە - زاڵبەوە تا دەگاتە پەیڕەوو ڕێبازە جیاوازەکانی تەکتیکی ڕۆژانە بۆ پەرەپێدانی هەژموونگەرایی لەهەر گۆڕەپانێکدا هیچ توێژو تاکێکی کۆمەڵگا نەماوە بە تۆڕەکەوە نەبوو بێت.

وڵاتی کوردستان و کۆمەڵگای کوردیش لەسەرووی ئەو وڵات و کۆمەڵگایانەوە دێت کە بەشێوەیەکی نەرێنیانە هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کاریگەربووە، دابەشکراوەو لەرێگای کێشە، فڕکردن و یاخیبوونانەوە خنکێنراوە. کوردان و باوك و باپیرەکانی کە لە چاخەکانی سەرەتاو ناویندا وەك وڵات و کۆمەڵگا بە قۆناخی هاوشێوەدا تێپەڕیون، لەپاڵ ئەو سەرکوتکردن و چەوسانەوەی لە سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا دووچاری هاتن، بۆ یەکەمجار کەوتنە قۆناخێکەوە کە هەبوونیان بە شێوەیەکی جدی و سیستەماتیك کەوتۆتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە. ئەو قۆناخەی تێیکەوتووە، قۆناخێکی مەترسیدار بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاو فڕکردنی کلتووری و جەستەیی تێدا پەیڕەو دەکرێت. لەناو ئەو چوارچێوە گشتیەدا، هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی کێشەی کوردو کوردستان، ئەگەرەکانی چارەسەریش کە بەردەوام لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، پەرەسەندن و وەرچەرخانی بەخۆوە دیوە.

دەگرێت پەرەسەندن و وەرچەرخانەکان لەژێر سێ شێوەی سەرەکیدا هەڵسەنگێنین.

١. ڕێگەچارەی قڕکردنی نەتەوەیی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری

ئەو شێوازەی چارەسەری ئەوپەڕگەرترین شێوازی چارەسەری پشتبەستوو بە توندوتیژییە لە کۆلۆنی و مەترەپۆلەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا. هەرسێ فاکتەرە سەرەکیەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری پاوانخوازی دەوڵەت ـ نەتەوە، سەرمایەداری و پیشەسازیگەرایی، لەبەر ئەوەی مۆدێلێکی کۆمەڵگای هۆمۆژەن لەبونیادی هەر کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا دروستدەکات کە دەچێتە ناویەوە، بەردەوام پێویستی بە بەسەرکردنەوەی سیاسەتی نکوڵیکردن و قڕکردن دەبینێت. ئەو سیاسەتە یاخود شێوازی ئیدارەکردنە، بەگوێرەی بەرخودانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکەی بەرامبەری دەکرێت شێوەی جیاواز وەربگرێت. ئەگەر بخوازێت بوونی کۆمەڵگای بەرامبەر لەناو ببات و لەناو فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری خۆیدا بیتوێنێتەوە، لەوانەیە ئاستی توندوتیژی بە جینۆسایدیش بگات. ئەو کۆمەڵگایەی کراوە بە ئامانج هەندێك جار، لە وڵاتی خۆیان بەرەو جوگرافیایەکی ئابلۆقەدراو بۆ ئەو هەرێمانە دووردەخرێنەوە کە بەئاسانی ئاسیمیلاسیۆنی تێدا ئەنجامدەدرێت. دوورخستنەوە لە لادێ و ناوچە شاخاویەکان بۆ شارەکان، شێوەیەکی دیکەی توندوتیژییە. کۆمەڵگا زۆرەملێکان، زیندان و کۆمەڵکوژی کردەوەگەلێکن کە توندوتیژی تێدا چڕتر بۆتەوە. دابەشکردن و پارچەکردنی وڵاتی دایکیشیان، شێوەیەکی دیکەی توندوتیژییە کە بە ئامانجی بەڕێوەبردنێکی ئاسانتر پەیڕەو دەکرێت. ئەو رەفتارو کردەوەگەلە زۆرەملێ و گونجێنراوەکانی ئاسیمیلاسیۆن دەکەوێتە پۆلێنی توندوتیژیەوە. ئۆپەراسیۆن، رووبەرووکردنەوەی بێکاری و دۆخی ناتەندروست و بێتەندروستی کردن، هەموو جۆرە قەدەخەکاریەك، سوغرەو کاروخەباتی سەخت، شێوە سیستەماتیکەکانی توندوتیژین کە بەردەوام دەستبەکارن. وێڕای ئەمانەش ئەگەر ئەو جفات یان

کۆمەڵگایانەی کە بە ئامانجگیراون، لەسەر پێیان بمێننەوەو مسۆگەر لەناوبردنیان پێویست بێت، ئەوا فڕکردنی کلتووری بە فڕکردنی جەستەیی تەواو دەکرێت.

کوردو کوردستان لە ڕۆژهەلاتی ناوین لەلایەن فاکتەرە جیاوازەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، بەڕێوەبەرە پاوانخوازەکانیان و بەتایبەتیش لەلایەن دەوڵەت نەتەوەکانەوە، لە هەلومەرجی کات و شوێنی جیاوازدا دووچاری ئەو هەموو شێوە ئامازە پێکراوانەی توندوتیژی هاتوون. تەنیا بەستنەوەی ئەو کردەوانە بە بەڕێوەبەرایەتییە سەرمڕۆو دەوڵەت نەتەوەکانی تورک، عەجەم و عەرەبەوە هەڵوێستێکی ناتەواو دەبێت. ئەگەر هەژموونگەرایی ناوەندی سەرمایەداری لەسەر کار نەبێت، هیچ دەسەلاتێکی سەرمڕۆ یان دەوڵەت ـ نەتەوەیەك ئەو هێزەی نییە کە توندوتیژی لەناوبردنی نەتەوەیەك بەڕێوەببات. تا سیستەم ڕێگا نەدات، خوازیاریش بێت ناتوانێت ئەو هێزە نیشانبدات، ئەگەر پیشانیش بدات ناتوانێت بیکاتە هەمیشەیی. لە سەرەتای سەدەی"١٩"وە تاکو"١٩٤٥" ئیمپراتۆریەتی بەریتانی لەهەموو شالاوە لەناوبەرەکانی سەر کوردو کوردستان، کۆمەلکوژی و پارچەبوونەکاندا، لە پراکتیکە تایبەتەکانی داگیرکاری دەوڵەت ـ نەتەوەکانی هەرێمەکە "تورك، ئێران و عەرەب،"دا لایەن بووە. ئەگەر بەریتانیاو هێزە هەژموونگەراکانی تر نەبوونایە، ئەوا پێگەی ئەو دووسەد ساڵەی دوایی کوردو کوردستان نەخشەی بۆ نەدەکێشراو جێبەجێش نەدەکرا. بەلام ئەوە بەومانایەش نایەت کە هەموو بەرپرسیارێتیەك هی شارەگەورە ئیمپریالیستیەکانە؛ فاکتەرە خۆجێییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کە لەچوارچێوەی سیستەمەکەیاندا ئاواکراون، قەوارەی دڕندەترو لەناوبەرترن. ئەوەی ئەوانی خستۆتە ئەو رەوشەوە، شێوازی کۆنەپەرست و فاشیستانەی دەوڵەتی، دەوڵەت ـ نەتەوەو پیشەسازیگەراییە. لەبەرئەوەی درەنگ وەخت ئاشنای مۆدێرینیستی سەرمایەداری بوون و توانستی کلتوورییان لاوازە، زیاتر ئەو فاکتەرانە ناچاری بەڕێوەبەرایەتی فڕکردن و نکۆڵیکاری نەتەوەیی دەبات. لەبەرئەوەی سەرمایەداری پەیڕەوکراو بە شێوەی پاوانخوازی دەوڵەت پەرە دەسەنێت، تالانکارو زەوتکارە،

هەروەها چونکە بەبێ پەرەپێدانی کرێکاری مووچەدار چەوسانەوەو بەدەستهێنانی قازانج بەبنەمادەگرێت، ناچارە بەو شێوەیە بەڕێوەی ببات.

پەیڕەوکردنی هەمان شێواز بەسەر کەرتی تایبەتیشدا دەسەپێنێت کە درەوشاندویەتیەوە. ئاشکرایە کە شێوەی تایبەت و کەرتی تایبەتی سەرمایەداری تا فڕکردن و ئاسیمیلاسیۆنی زۆرەملێیانە نەخاتەگەڕ بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت. خۆی لە خۆیدا دەوڵەت ـ نەتەوە لە پێگەی مەزنترین کارسازی سەرمایەداری دایە. پێناسەکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە وەك چڕترین و رێکخراوترین شێوەی سەرمایەداری سەبارەت بە تێگەیشتنی قۆناخەکە گرنگیەکی دیاریکەری هەیە. "ئەندازیاریەتی کۆمەڵگای" دەوڵەت ـ نەتەوە، وەك چەرخێکی هۆمۆژەنکردنی سەرتاسەری ئەتنیکی نەتەوەی دەسەڵاتدار، تا ئەو توێژانە لەناو دەبات کە کراون بە ئەویتر، ئەوا بەشێوەیەکی بێزمییانە بەردەوام دەبێت. تەواوی دەوڵەت ـ نەتەوە عەرەب، تورك و عەجەمەکانی لەسەر کوردو کوردستان ئاواکراون، ئەو کارەیان لێ بارکراوە.

پێویستە پیشەسازیگەراییش وەك کردارێکی پاوانخوازی فڕکردنی نەتەوەیی دەرکی پێبکرێت. رووخاندنی کۆمەڵگای کشتوکاڵ و گوند، لە سەرووی گەورەترین کردەوەگەلەکانی فڕکردنی کۆمەڵگا لەلایەن مۆدێرنیتەوە دێت. پیشەسازیگەرایی پشتبەستوو بە وزەی ئاو، خەلووز و ئەتۆم کە سەرەڕای دەوڵەمەندێتییە کلتوورییەکان رێگای لە پێش چۆڵکردنی هەزاران ناوچەی نیشتەجێبوون کردۆتەوە، ژینگەی پیس کردووە، ژهراوی کردووە، ڕووبەڕووی رادیۆئاکتیفی کردۆتەوەو هاوسەنگی سروشتی تێکداوە، لە جینۆساید بەولاتر سەرچاوەیەکی هەڕەشەیە. وێرانکردن و تالانکردنی پاشماوە مێژووییەکانی کوردستان، گوزارشت نەکردنی ئازادانەی کوردان بۆ کلتوورەکەیان، قەدەغەکاریەکانی سەر بەها کلتووریەکان و نەبوونی ئازادی خۆ پەروەردەکردن ئاماژە بەو لایەنانەی فڕکردنی کلتووری دەکەن کە بەلای کەمەوە ئەوندەی فڕکردنی جەستەیی مەترسیدارە.

ئەو شێوازە دڕندایەتییە کۆمەڵایەتییەی چارەسەری سەربازی یانیش بە چارەسەری هێز ناودەبرێت، گرێدراوی داروینیزمی پۆزیتیڤیستە. داروینیزمی پۆزیتیڤیستیش مافی ژیانی خاوەن هێزەکان بەبنەما دەگرێت. کورد لە سەرووی ئەو کۆمەڵگایانەوە دێت کە تا مۆخی ئێسقانیان لەناو چارەسەری قڕکردن و سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتدارانی هێزی سەربازیدا ژیاوە کە پشت بە فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەبەستن. ئەرمەنی، ڕۆم، سوریانی، بەدەوی و تورکمانەکانیش ببوونە قوربانی ڕێگەچارەی هاوشێوە. ئافراندنی نەتەوەیەکی دەسەڵاتداری هۆمۆژەن بەتەواوی ماڵوێرانییە. هەر نەتەوەیەکی هۆمۆژەن (لێکچوو) مانای لەناوبردنی هەزاران بەهای کلتووری دێت. ئەو بەرخودان و سەرهەڵدانانەی لەپێناو بەرگریکردن لە هەبوون و کەرامەت لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، بەتایبەتیش لەبەرامبەر دەوڵەت ـ نەتەوە ئەنجامدراون، بەهۆی لاسەنگی هێزەوە بەگشتی بەکۆمەڵکوژی ئەنجامگیربووە. هەر کۆمەڵکوژیەك بە هەنگاوێکی ڕێگەچارەی سەربازی دانراوە. دوای دابەشکردنی کوردستان لە ڕێگای ڕێکەوتنی قەسری شیرین "١٦٣٩"، سەرەڕای میساقی میللیش ئەو پارچەبوونەی هاتە ئاراوە کارەساتەکەی گەورەتر کردووە، ڕێگای لەپێش پەیرەوکردنی زیاتری ڕێگەچارەی سەربازی کردۆتەوە. نزیکەی"٩٠" ساڵ هەر پارچەیەکی کوردستان کراوەتە تەختەیەکی تاقیکردنەوەی ڕێگەچارەی سەربازی. تێڕوانینی"کوردی دڕندەو کۆنەپەرست" بەئەنقەست هەڵبەستراوە، کردوویانەتە بیانووی سەرکوتکردن و هێرشەکانی لەناوبردن.

بۆرژوازی چینی ناوین و بیروکراسی کە لەلایەن فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەوە ئاواکراون ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە سەرەکیەن کە لەپشت ڕێگەچارەی هێزی سەربازیەوەن. ئەو چینە چاوەکانی خۆی لەسەر بنەمای نکوڵیکردن لەکوردان کردۆتەوە. ڕێگای گەورەبوونیشیان، بە چەوساندنەوەی داگیرکردنی کوردان و ڕژاندنی خوێنیاندا تێپەڕ دەبێت. کوردو کوردستان بە سەرچاوەی کەرەستەی خاوی سروشتی

ئەو چینە دادەنرێت. هیچ کاتێك بەهای سۆبژەیان پێنادرێت؛ بەردەوام لە پێگەی ئۆبژە، لە دۆخی کۆیلایەتیدا دەهێڵرێتەوە کە لە ڕەوشی ژن خراپترە. دەرکەوتنیان لەبەرامبەر هێزە هەژموونگەراکانی ڕۆژئاوا کە سیاسەتێکی داگیرکەری خاوتر بەڕێوەدەبن، بەهۆی ئەشقیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بتوانن کەرەستە خاوەکە لەدەستیان دەربێنن و لەهەلومەرجی گونجاوتردا بەڕێوەی ببەن، واتە بەهۆی ئەو ترسەیانە نەوەك لە بەرامبەریان بەکاربهێنرێت.

لە ساڵی"١٩٢٠" بەدواوە، لە ژێر سێبەری هەژموونگەرایی ڕۆژئاواو لە بەرامبەر ئەو قەرەبوانەی بەو هێزانە دراوە، بەشێوەیەکی نادیارو داخراو ڕێکەوتنێکی چوار قۆڵی لەسەر کوردو کوردستان جێگای باسە. هەژموونگەرایی ڕۆژئاوا بەو ئامانجەی هەر چوار دەوڵەت ـ نەتەوەی ناوچەکە "ئێران، تورکیا، سوریا، ئێراق" وەك چۆن دەیانەوێت ئاراستەیان بکەن، لەژێر پەردەوە یاریکردنیان بە کوردو کوردستان، بۆ خۆیان کردووە بە مەعریفەتێك. لە ڕووخساردا خۆیان بە پشتیوان پیشاندەدەن، بەڵام دوای گەیشتن بە ئامانجەکانیان، پشت تێکردنیان بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەبینن. ئەوەندە هێزی سەربازی و پیلان و گەلەکۆمە لەسەر هیچ گەلێکی جیهان و وڵاتێك ئەنجامنەدراوە. ئەرمەنی، ڕۆم و سوریانیەکانیش ببوونە قوربانی ئەوجۆرە کردارو ڕەفتارانەی مۆدێرنیتە. دوای ڕووخاندنی دەوڵەت نەتەوەی ئێراق لە ساڵی"٢٠٠٣"دا حوکمڕانانی سوریا، ئێران و تورکیای خستە ناو ترسەوە؛ بۆیەش سەرجەم ناکۆکی و گیروگرفتەکانی نێوان خۆیان بەلاوەنا، تەنانەت برایەتی ئاینیشیان لەبیر کرد کە زۆر باسیان دەکرد، ڕێکەوتنە پیرۆزەکانی خۆیان بەرامبەر کوردان نوێکردەوە. ئەو هێزانە بەخێرایی و بێ دوودڵی ئەو ڕێکەوتنانەیان لە بەرامبەر کوردو کوردستان پێشخست کە نەیانتوانیوە لەبەرامبەر هیچ دوژمنێکیان پێشیبخەن.

لەگەڵ ئەوەی کوردان بەبێ پارێزەرو هاوپەیمان لەبەرامبەر هەژموونگەرایی کەڵەکەبوو ڕاپەڕیون، وەك گەلە هاوسەردەمەکانیان نەیانتوانیوە ڕێگەچارەی دەوڵەت ـ

نەتەوەو ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات پێشبخەن. هەرچەندە ڕووخاندنی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێراق ڕێگای بۆ هەندێك لە هێزە کوردەکان کردۆتەوە کە بە ئاراستەی ڕێگەچارەی دەوڵەت ـ نەتەوە هەنگاو بۆ قەوارەی دەوڵەتێکی فیدراڵی بهاوێژن، بەڵام لە دۆخێکی پارێزراوو ئاسایشیدا نییە. ئەو قەوارەیە مانای ڕزگاربوونی کوردان نییە، بەڵکو هێزە داگیرکەرو هەژموونگەراکان خوازیارن وەك ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن بەکاریبێنن. لەگەڵ ئەوەی ڕێگەچارەی سەربازی و سیاسەتی هێز لەسەر هەر پارچەیەکی کوردستان و خەڵکەکەی، دەستبەرداری بانگەشەی گەیشتنە بە ئامانجە نەریتیەکانیان نەبووبن، بەڵام ئیتر خاوەن هێزی رابردووش نیین. لەبەر ئەوەی زۆر ئاشکرابووە، ئیتر بەخێرایی بنەماکانی نۆکەرایەتیش لەدەستدەدات. لەگەڵ ئەوەی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیەیە کە ڕێگەچارەی هێزی سەربازی دەوڵەت نەتەوە پشتی پێدەبەستێت، لە ئاکامی بەرخودانی ئەو سی ساڵەی دوایی دەمامکی کوردە بەکرێگیراوە نەریتیەکان باشتر لادراوە، ئەوانیش ئاشکراو ریسوابوونە. ئەو داماڵین و سووانەی لە بناخەی کۆمەڵایەتی بەکرێگیراوێتیدا ڕوویداوە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە لاوازبوونی ڕێگەچارەی سەربازیدا.

لەگەڵ جێگیربوونی هەژموونگەرایی ئەمریکا لە ئێراق، زەمینەی بەردەوامکردنی شێوازە نەریتیەکانی گلادیۆی ناتۆ لەسەر کوردو کوردستان، واتە زەمینەی شێوە کۆنەکانی کۆنتر گەریلا تێکچوو. ئەو ئاڵۆزیەی لەبەر هەڵوێست لەبەرامبەر PKK و دەوڵەتی فیدراڵی کورد لە نێوان کۆماری تورکیا و ئەمریکا لە ئارادابوو لەمیانەی ڕێکەوتنی واشنتۆنی ساڵی"٢٠٠٧" بە قۆناخێکی نوێ گەیشت. وەك دەبینرێت لەبەرامبەر دەستبەردانی PKK لە خەباتی چەکداریەوە، بە ڕێکەوتنێکی گشتی گەیشتوون کە ڕۆڵێکی سەرەکی ناداتە ڕێگەچارەی سەربازی، بەڵکو لەژێر بونیادی دەوڵەت نەتەوەدا ڕێگەچارەی ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووریش پێشنیاردەکات. دادگاییکردنەکانی ئەرگەنەکۆن پەیوەندی بەو ڕێکەوتنەوە هەیە. پێویستە پشکی ئەو ڕێککەوتنە لە ئاساییبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی

فیدراڵی کورددا ببینرێت. بەمشێوەیە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت ـ نەتەوەی تورک ناچاربوو گۆڕانکاری بەسەر کردەوەکانی دەرهەق بە کوردو کوردستاندا بهێنێت. هەردوو کۆڵەکەکەی تری مۆدێرنیتە، ڕێژە سنوردارەکانی قازانجی سەرمایەو بەرژەوەندیەکانی پیشەسازیگەرایی لەسەر ئابووری ئێراقیش، لێرەدا زۆر بەکاریگەر بوو. سیاسەتی نوێی کۆماری تورکیا سەبارەت بە کوردو کوردستان ، چیتر ئەولەویەت بە ڕێگەچارەی سەربازی نادات، بەرەو سیاسەتێك هەنگاوی ناوە کە لە گۆڕەپانەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتوورییەوە بۆ ڕێکەوتن کراوەیە. هەڵبەتە ئەمەش پەرەسەندنێکی گرنگە؛ پێشکەوتنێکە کە کاریگەری لەسەر هەموو کوردو کوردستانە، لەو سۆنگەیەوە کاریگەری لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە، ئەمەش دەرەنجامی گرنگ لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

٢. ڕێگەچارەی فیدراڵیانەی دەوڵەت ـ نەتەوەی کورد

ئەو ڕێگەچارەیەی پشتدەبەستێت بە باشووری کوردستان و کوردەکانی ئەوێ، لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی شێوازی ڕێگەچارەی هێزە هەژموونگەراکانی ڕۆژئاوایە. لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە لە سەرکەوتنی درێژخایەنی ڕێگەچارەی دەوڵەت ـ نەتەوە خۆجێییە فاشیستەکان دڵنیانین، هەروەها بۆ جێگیربوونیان لەناوچەکەدا گونجاو نییە، ڕێگەچارەی دەوڵەت نەتەوەی فیدراڵ ناچارییە. بەو شێوەیە هەم لە جێگیربوون لە وڵاتە پەیوەندیدارەکان و هەم بۆ بەخۆوە گرێدانی لە دەوڵەت ـ نەتەوە خۆجێییەکان و فاکتەرەکانی تری مۆدێرنیتەو پەرەپێدانیان؛ ئەو ڕێگەچارەیەی پشتدەبەستێت بەکوردەکانی باشوور، ڕۆڵی دڵنیاکەرترین نوێل دەبینێت. هەربۆیەش دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی تەواو سەربەخۆ گونجاو نابینن، چونکە ناتوانێت ڕۆڵی هەمان نوێل ببینێت، وەك بزارێك نابینرێت. مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش بەهۆی ڕیسوابوونی سیاسەتەکانی بەکرێگیراوێتی نەریتییان بێت، یاخود چیتر

بەرژەوەندیەکانیان دابین ناکات، ئەوانیش وەرچەرخانێکیان بەرەو چارەسەری فیدراڵیانە پێویست بینی. پێویستە دەوڵەتە فیدراڵییە کوردیەکەی باکوری ئێراق "باشووری کوردستان" تەنیا وەك وەرچەرخانی بۆرژوازیانەی ئەو هەرێمە نەبینرێت، بەڵکو پێویستە وەك وەرچەرخانێکی بۆرژوازیانەی چینی بەکرێگیراوی تەواوی کوردستان هەڵسەنگێندرێت. ڕەگو ریشەیەکی کۆنی هەیە. لە هەموو ڕاپەڕینەکان و ڕێکخستنە میللیگەراکاندا، ئەو ڕێگەچارەیە وەك ئامانجێك دەستنیشانکراوە. سەرەڕای دۆخی پارچەبوون و پەرتەوازەیی نێوانیشیان، دەشێت پێگەی نوێی ئەو هێزانە وەك مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کورد هەڵسەنگێنرێت.

بەتایبەتی بەرخودانی"٣٠" ساڵی دوایی PKK، ئەوانیشی ناچار کردووە هاوکاری یەکتر بکەن و بە دوای لێگەڕینی ڕێگەچارەی فیدڕالیانەوە بن. هەرچەندە پەرتەوازەو چەند سەرەش بن و لەئاستی سیاسی ـ ئایدیۆلۆژیدا لاوازیش بن، بەڵام لە چوارچێوەی نیمچە دەوڵەت ـ نەتەوەی فیدراڵی پێداگری لەسەر شێوازی چارەسەری خۆیان دەکەن. هەرچەند دەوڵەت ـ نەتەوەکانی ناوچە "تورکیا، ئێران، سوریا، دەوڵەتی ناوەندی ئێراقیش" لەدژی بوەستن، بەڵام ئەگەرێکی بەهێزە بەپشتگیری هەژموونگەرایی سەرمایەداری جیهانگیری هەبوونەکەیان هەمیشەیی بکەن. هەژموونگەرایی جیهانگیری پەیڕەوکردنی ئەو مۆدێلەی چارەسەری وەك مۆدێلێك بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی گونجاوتر دەبینێت. چارەنووسی ڕێگەچارەی فیدراڵیانە، گرێدراوی ڕاستِ تێگەیشتنی بیروکراسی و بۆرژوازی دەوڵەت ـ نەتەوەی دەسەڵاتە سەبارەت بە ناسنامەی کورد و ڕێزلێنانی ئەم ناسنامەیە. وەك دەبینین ئەزموونی ئێراق هێشتا بەو قۆناخە نەگەیشتووە. هەڵوێستی دەوڵەت ـ نەتەوەی عەرەبی سوریاش کوردان لەدەرەوەی کۆمەڵگای دەوڵەت دادەنێت. تەنانەت کوردان وەك هاوڵاتیش پەسەند ناکات. میللیگەرایی وشکی شیعەی ئێرانیش، لەبەرامبەر دیاردەی کورد نامۆیەو بۆ توانەوەی کوردانیش لەبارە. پشت ئەستورکردنی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی ئەریتیش بەفاکتەرەکانی ئەو شێوە مۆدێلەش

کاتی دەوێت. ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی ئێستاکە دووری فیدرالیزمە. لەوانەیە ڕزگاربوونی بۆرژوازی چینی ناوین و بیرۆکراسیەتی تورك لە هزری نکۆڵیکارو ئاسیمیلاسیۆنیست زووتر ئەنجامگیربێت. لەبەر ئەوەی زۆربەی جەماوەری کورد لە کۆمارداو لە پێکهاتەکانی پێشووتری دەوڵەتیشدا هاوکاریەکی زۆری چینی سەرووی تورکی کردووە، لەوانەیە ڕێگا لەبەردەم شۆڕشێکی هزری بکاتەوە.

لەراستیدا بە بیرهاتنەوەی هاوبەشێتییە ستراتیژیەکانی قۆناخی دامەزراندنی کۆمار زەحمەت نییە. کاتێك تێگەیشتنێکی ڕاست سەبارەت مێژووی هاوبەش جێگای باس بێت، ئەوا پەرەسەندنی کوردانیش لە بونیادی دەوڵەتدا دەست لێبەرنەدراوە. تورکەکان وەك میللەت زۆرجار لە قۆناخە هەستیارەکاندا تاقیانکردۆتەوە کە بێ کورد دووچاری ماڵوێرانیەکی ستراتیژیك دەبنەوە. لە قۆناخی ئاساییدا ئەگەر فیدراڵیش نەبێت، تەنانەت لەو دۆخەی پەسەندکردنیشدا ئەزموونی ژیانی هاوبەش زەحمەت نییە. دەشێت ئەو تێکەڵبوونەی نێوان کۆمەڵگا وەك لایەنێکی ئەرێنی خزمەتکردن بە ژیانی هاوبەش هەڵسەنگێندرێت. ئەگەر ڕیسوابوونی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرست و میللیگەراو ڕەگ و ڕیشە مێژوویی و قووڵەکانی چەمکی نومەت ـ میللەت بەلایەنی دیموکراسی موحافەزەکاردا بەکاربهێندرێت، ئەوا بەکرێگیراوە کوردە کلاسیکەکانیش ئەو ڕیزانە هەڵدەبژێرن. ئەو واقیعەی بەڕێوەش دەچێت بەو لایەنەوەیە. هەرچەندە بەردەوام ڕێگەچارەی سەربازی لە ئامادەباشیدا بێت، بەلایەنی کەمەوە دەشێت لە چوارچێوەی ئازادی فیکردا گفتوگۆ لەبارەی فیدرالیزمەوە بکرێت.

هەم ڕێگەچارەی هێزی سەربازی، هەم ڕێگەچارەی بەکرێگیراوێتی فیدراڵی هەردووکیان چوارچێوەی کۆمەڵایەتییان بەرتەسکە. چارەسەریەك نییە لە بەرژەوەندی کوردان و کۆمەڵگای دراوسێکاندا بێت. ئەو مۆدێلانە ڕەنگدانەوەی ڕێگەچارەی ڕێککەوتنی چینی سەروو و فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری نیشاندەدەن. ئەوەندەی لە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگا بترسێن، زیاتر نزیکی پێویستی چارەسەری دەبنەوە. ئەو چارەسەریەی کە لەهەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازە

نیشتمانیەکان و سەندیکاگەراییەکانی چینی کرێکار بەڕێوەدەچێت، ڕێگەچارەی چینی ناوینە. چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەی لەئارادان، گرێدراوی ئەو بونیادە چینایەتیەیە. چونکە هەر چینێك توانستێکی چارەسەری هەیە. لە چارەسەری ریشەیی کێشەکانی کۆمەڵگادا، پێویستە فاکتەرەکانی کۆمەڵگای دیموکراتی دەرەوەی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بکەونەگەڕو ڕۆڵی مێژوویی خۆیان ببینن. مێژوو پۆتانسێلی پێویست پێشکەش بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کوردی ناکات. لێگەڕینەکانی ڕێگەچارەی دەوڵەت ـ نەتەوە هێزی دەربازکردنی فیدرالیزمی نییە. فیدرالیزمیش بەتەنیا بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای کورد بەش ناکات کە بەردەوام لەناو قەیراندایە؛ دەتوانێت لە ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیدا ڕۆڵێکی باش ببینێت و ئەو مەترسیانە بەلاوە بنێت کە لە کەموکوڕیەکانیەوە سەریهەڵداوە.

٣ ـ ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات

تایبەتمەندی دیاری ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات، لە دەرەوەی دەوڵەت بە دوای چارەسەریدا دەگەڕێت. گەڕان لە دەرەوەی دەوڵەت نە مانای ڕووخاندنی دەوڵەت و ئاواکردنی دەوڵەتێکی تر لە شوێنیدا دێت، نە وەك پاشکۆیەکی دەوڵەت مانای توانەوە لەناویدا دێت. کۆمەڵگا لە ناوخۆیدا، واتە لەناو ئیرادەی دیموکراتیانەی خۆیدا لە چارەسەری دەگەڕێت. بەباش و بە خراپ دەوڵەت ناکاتە ئامانجی خۆی. چونکە لە راستیدا لە مێژووی تەواوی شارستانیەت و قۆناخی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا، چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگاو بەرژەوەندیەکانی چینی سەرووی بە دەوڵەتبوونەوە گرێدراوە. دیمۆس ئەگەری ڕێگەچارەیەکی بەمجۆرەی نابێت. ڕێگەچارەی دەوڵەتی پرۆلیتاریا یان دەوڵەتی گەل کە سۆسیالیزمی بونیادنراو بەناوی رەنجدەران و گەلان پێشنیاری دەکات، لەخشتە بردن و فریودانە. ژیانیش ئەو راستییەی سەلماندووە. ئەو شەڕانەی لەپێناو دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتبوون

بەرپێوەچوون، بەردەوام بۆ بەرژەوەندی نوخبەو سەرمایە بووە. بەهۆی بەرژەوەندی نوخبەی دەسەڵات و پاوانەکانی دەسەڵات بە درێژایی مێژوو ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتی پێشنەخراوە. هەمان ڕاستی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژی ئەمڕۆشماندا جێگای باسە.

ئەو PKK یەی لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بونیادنراو دابوو ماوەیەکی درێژ نەیتوانی پارادیگمای دەوڵەت نەتەوە دەربازبکات، هۆکاری بنەڕەتی چەقبەستبوونەکەی بوو. ئەو ڕەوشەش لەچەقبەستبوونی کۆماری تورکیا دەچێت لەلایەن فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە. ئامانج وەرچەرخانی تورکیا بوو بۆ دەوڵەتێکی سۆسیالیست، ئاواکردنی کۆمارێکی سۆسیالیستی لە کوردستان و دواتریش ئاواکردنی یەکێتیەکی ئەنتەرناسیۆنالیستی لەنێوان هەردووکیاندا بوو. لەو پارادیگمایەدا جێگایەکی ئەوتۆ بۆ دیموکراسیەت و کۆمەڵگای دیموکراتی نەبوو. ناکۆکییە چینایەتیەکانی ناو سروشتی دەسەڵات و دەوڵەت نەدەبینران. وەك چۆن مارکس بڕوای بە ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی ساف سەرمایەداری هەبوو، بڕوا بە ئاواکردنی دەوڵەتێکی چینایەتی ساف کرابوو. کەچی لەڕاستیدا لە بواری دیاردەییدا نە دەوڵەتێکی ساف چینایەتی و نە کۆمەڵگایەکی ساف سەرمایەداری هەردووکیشیان ناکرێت و نابێت. لەو لایەنەوە هەندێك ڕەخنەی ئەنارشیستەکان مافدارو ڕاستیش بێت، بەڵام ئەوانیش سەبارەت بە ئامانجی کۆمەڵگای نەتەوەیی دیموکراتی هەمان ئاراستەی ڕاستیان درێژە پێنەدەدا.

پرۆسەی تێگەیشتنی PKK لە کۆمەڵگای نەتەوەیی دیموکراتی بەئێش و ئازاربوو. لەهەمانکاتیشدا سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەیە. ڕەتکردنەوەی پارتیەکی سۆسیالیستی بونیادنراوی کلاسیکە. وازهێنانە لە ئامانجی دەوڵەتبوون. لەسەرووی ئەو پارتیانەوە دێت کە لەولایەنەوە وەرچەرخانیان ئەنجامداوە.

ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات، تەنیا وەك ئەگەرێکی ڕێگەچارەی تایبەت بە گەلی کوردو کوردستانەوە پێشنیار ناکرێت. وەك ڕێگەچارەیەکی گەردوونی بۆ

سەرجەم کۆمەڵگاکان، لە سەرووشیانەوە بۆ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین پێشنیار دەکرێت. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کۆمەڵگای مەدەنی چەتری سیاسی ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتییە، کە دەوڵەت نییە. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمی دەوڵەتیەوە نییە. ئەوانە دیاردەی جیاوازن.

مۆدیلی ئابووری کۆمەڵایەتی ڕێگەچارەی نەتەوەیی دیموکراتی، یەکینە کۆمیناڵەکانن. یەکینەکانی کۆمەڵگای ژینگەپارێزی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئامانجیان بەدەستهێنانی قازانج نییە. بەڵکو ڕیزبەندی پێداویستییە بنەڕەتیەکان مەرجە. ئەگەر بازاڕیش هەبێ، بەڵام پاوانگەرایی سەری سنووردارکراوەو لەژێر کۆنترۆڵی ئەخلاقی کۆمەڵگادایە. بەها ئەخلاقی و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا، لەپێش یاساوە دێت. لە کۆمەڵگای حقوقی زیاتر، بنەماکانی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی لەپێشترە. لە تاوتوێکردنی کارو کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا پێوەرەکانی دیموکراسی ڕاستەوخۆ پەیڕەو دەکرێت. دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ گرێدراوی ڕادەی تێگەیشتنی زانستیانەی سەردەمە. ئازادی کۆمەڵگا و تاك لەمیانەی بەرجەستەکردنی هاوبەشی تێگەیشتنی زانستی، هونەر، ئەخلاقی و سیاسیەوە بەدیدێت. پێوەری تاکی ئازاد، گرێدراوی ئاستی ئازادی ئەو یەکینە کۆمیناڵانەیە کەجێگای خۆی تێدا دەگرێت. دابڕان لە کۆمەڵگا مانای ئازادی نابەخشێت.

لەپاڵ ئەو تایبەتمەندییە گشتیانە، دەتوانین سەرلەنوێ هەندێك پرەنسیپی سەرەکی ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات ڕیزبکەین.

ا . **نەتەوەی دیموکرات:** گوزارشت لە دۆخی نەتەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی دەکات کەپشت نابەستێت بە زمان، ئەتنیك، چین و دەوڵەت، جێگا بە جیاوازی چینایەتی و جیاکاری دەوڵەت نادات، بەڵکو پشت بە تاکی ئازادو یەکسان دەبەستێت. نەتەوەی دیموکرات لە هاوڵاتیان و جڤاتی دیموکرات پێکدێت. پارادیگمای نەتەوەی میانڕەو بە بنەما دەگرێت کەلە ناسنامە کلتوورییە کراوەکان پێکدێت.

ب . نیشتیمانی هاوبەش" وڵاتی دیموکراتی": گوزارشت لە کۆی وڵاتی دایك دەکات کە هیچ کەس ئەوەی بەرامبەری، هیچ کۆمەڵگایەکیش کۆمەڵگاکەی بەرامبەر ناکات بە ئەویتر، بەڵکو بەشێوەیەکی ئازاد و یەکسان هاوبەشێتی تێدا دەکرێت.

ج . کۆماری دیموکراتی: گوزارشت لە کراوەبوونی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگا و تاکە دیموکراتەکان دەکات. ڕێکخستنبوونی دەوڵەت و ڕێکخستنبوونی دیموکراتیانەی تاك دیاردەی جیاوازن، ڕێزگرتن لە ڕەوابوونی یەکتری بەبنەما دەگرن.

چ . دەستووری دیموکراتی: ئەو دەستوورەیە کە بەهاودەنگیەکی کۆمەڵایەتیەوە پێکدێت، پاراستنی هاوڵاتی و جڤاتە دیموکراتیەکان لە بەرامبەر دەوڵەت ـ نەتەوە بە بنەما دەگرێت.

د . لەیەك جیا نەبوونەوەی مافی تاك و هاوبەش"کۆلەکتیف": وەك چۆن ئەو کۆمەڵگایەی لە تاکەکان پێکهاتووە دیسانیش لە کۆی تاکەکان جیاوازتربێت، هەرچەندە جیاوازیەکیش لەنێوانیاندا هەبێت، مافەکانی تاك و کۆلەکتیفیش گوزارشتی دووڕووی هەمان کۆمەڵگایە. وەك چۆن مەدالیایەکی یەك ڕوو جێگای باس نابێت، ئەوا کۆمەڵگا یاخود تاکێکیش جێگای باس نابێت بەتەنیا خاوەنی مافی تاك یان کۆلەکتیف بێت.

ف . سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و ئازادی: تا هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژی پۆزیتیفیستی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و کۆیلایەتی لیبراڵی دەرباز نەکات کە بەشێوەی تاکڕەوێتی سەرلەنوێ ئاواکراوەتەوە، ئەوا ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتی جێبەجێ ناکرێت. هۆشیاری خۆیی سەبارەت بەسروشتی کۆمەڵگاکەی خۆی، مەرجی هۆشیاری و تێگەیشتنی ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتییە.

گ مێژوویبوون و هەنووکەییبوون: ڕاستییە کۆمەڵایەتیەکان، ڕاستی مێژوویین. ئەو ڕاستیانەی کە لەمێژوودا ڕوویانداوە بەجیاوازیەکی زۆرکەمەوە، ئێستا لە دۆخی هەنووکەدا ڕوودەدەن. تا پەیوەندی نێوان مێژوو و ئێستا بەشێوەیەکی ڕاست دەستنیشان نەکرێت، ئەوا زهنیەتی ساتەوەختی، هۆمۆژەن و هەنووکوگەرای کۆمەڵگاو تاکرەوێتییە بێ مێژووکارەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەرباز ناکرێت. ڕاست تێگەیشتن لە مێژوو و ئێستا، مەرجێکی پێویستی ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتییە.

هـ. ئەخلاق و ویژدان: تا پەنا نەبرێتە بەر ئەخلاق و ویژدان هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەچارەسەریەکی تەندروستانە ناگات. تەنیا ڕێگەچارەی هێزو یاسای تایبەت بە مۆدێرنیتە جگە لە سەرکوتکردن و چەواشەکردنی کێشەکان بەولاتر هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێت. لە ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیدا، هاوسۆزی ئەخلاقی و ویژدانی مەرجە.

و. بەرگری خۆیی دیموکراسیەکان؛ وەك چۆن هیچ زیندەوەرێك بێ بەرگری خۆیی نابێت، کۆمەڵگا دیموکراتیەکانیش کە پێگەیشتوترین هەبوونەکانی سروشتن بەبێ بەرگری خۆیی ناتوانن درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن. لە ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیدا پێویستە پێداویستیەکانی پرەنسیپی بەرگری خۆیی جێبەجێ بکرێت.

ئەو هەڵوێستە بەپرەنسیپانەی کە پێویستە زیاتر پێشبخرێن، لە نزیکەوە ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیمان پێدەناسێنێت. ئەو پرەنسیپانە کە"یەکێتی ئەوروپا"ش وەك پەرەسەندنێکی تەدریجی بەردەوام دەیخاتە ڕۆژەڤی خۆیەوە، بەگشتی بۆ کێشەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین، زیاتریش بۆ کێشەکانی کۆمەڵگای کورد، بەڕاستی وەك دەرمان وایە. ئەو ڕێگەچارە دیموکراتییەی لەسەر بنەمای ئەو

پرنسیپانەو لەچوارچێوەی پێناسەکردنی ژیانی نەتەوەی دیموکراتی لە کوردستان پێشدەخرێت، گرنگیەکی مێژوویی هەیە.

دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی تورکیا و ڕێگەچارەی دیموکراتیانەی کێشەی کورد، وەك دوو ڕووی مەدالیایەکن. ڕووێك بەبێ ڕووەکەی تر نابێت. ئەگەر ڕەهەندەکانی چارەسەری لە تورکیا تۆزێکی تر بەرجەستە بکەین، ئەوا ڕۆشنکەرەوەتر دەبێت. پێش هەموو شتێك ئەو هەڵوێستە پرەنسیپییە پشتگوێ ناخرێت کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردو دووبارەکراوەتەوە. ئەو ڕێگەچارانەی کە پرەنسیپ و سیستەمی خۆیان نییە، هەم دەرکیان پێناکرێت، هەمانکاتیش وەك تیمارکردنی ڕۆژانەی برینێك بەولاتر هیچ ئەنجامێکیتر نادات. ئەو ڕێگەچارەیەی کە بیری لێدەکرێتەوە، ئەگەر سیستەمی هەژموونگەرایی سەرمایەداری هەڵوەشێتەوە، یاخود بەردەوام بێت، ئەگەری چارەسەریەکە.بە درێژایی ئەو هەموو قۆناخە بونیادیەدا داکۆکی لەجێبەجێکردن و بەڕێوەچوونی دەکرێت.

تایبەتمەندی یەکەم، واتە بە درێژایی قۆناخی شارستانیەتی ڕۆژئاوا ڕێگاچارەیەك پێشنیار دەکرێت کە بۆ دەربازکردنی ئەویش کراومیە.

تایبەتمەندی دووەم، بونیاد، دەزگابوون و پاوانە ئایدیۆلۆژیەکاتی پشت فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ناو کۆماری تورکیا هەرچیەك بن، هەبوونی کۆمەڵگای نەتەوەی دیموکراتی، لەو سۆنگەیەوە هەبوونی چانسی چارەسەری و ڕەوابوونەکەی پەسەند دەکات. لێرەدا فاکتەرەکانی ڕێگەچارەی دیموکراتی کە بیری لێدەکرێتەوە، نە لەناوبردنی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری" دەوڵەت - نەتەوە، سەرمایەداری و پیشەسازیگەرایی" لە ڕێگای شۆڕشەوە پێشنیار دەکات، نە ئاسیمیلەکردن و لەناوبردنی ئەو فاکتەرانە لەلایەن سیاسەتەکانی هێزی سەربازیەوە پەسەند دەکات، بەڵکو بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەو دوو هەبوونە بە بنەما دەگرێت کە دان بە ڕەوابوونی یەکتردا دەنێن و پێشبڕکێیەکی ئاشتیانە دەکەن.

تایبەتمەندی سێیەم، پەیوەست بەهەر دوو خاڵی سەرەتاوە، پێشنیاری دەستلێبەرنەدراوی دامودەزگای سیاسەتی دیموکراتی دەکات. زەمینەی چارەسەری بۆ هەموو ئەو کێشانەی دەردەکەون و ئەوانەش کە هەنە، سیاسەتی دیموکراتییە. دانوستاندنی دیموکراتی و دیبلۆماسیەتیش لەناو سیاسەتی دیموکراتیدان. بۆ ئەوەی سیاسەتی دیموکراتی بەڕێوەبچێت، پێویستە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك نەهێڵدرێت. هەبوونی ئازادی بیروڕای بەرفراوان، پارتی، کۆپەراتیف"هەرەوەزیەکان" و سەندیکای خاوەن بونیادی دیموکراتییانە و هەموو جۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تەنیا بە نەهێشتنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە فەراهەم دەبێت. لە هەڵبژاردنەکاندا یان تەواو هێنانە خوارەوەی یاخود بەتەواوی نەهێشتنی سیستەمی ڕێژەیی، پێویستیەکی دەستلێبەنەدراوی سیاسەتی دیموکراتییە.

خاڵی چوارەم، پێویستە سیستەمگەلێك ئاوابکرێت کە پێویستی ماف بەرگری خۆیی هەردوو ئەنتیتە و هەبوونە سەرەکیەکە دابین بکات. لە ڕاستیدا ئەو هەموو ڕەگەزانەمان لە بەشی" هەندێك زاراوە، تیۆری و پرەنسیپەکان" ی ڕاپۆرتی نەخشەی ڕێگادا، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر هەوڵی پێناسەکردنی ئەو خاڵانەمان داوە. لێرە تەنیا بەشێوەی مۆدێل پێشکەش دەکرێت کە چۆن دەتوانین پراکتیزەی بکەین.

٤ . بەرجەستەکردنی ڕێگەچارەی دیموکراتیانە لەئاستی ناودا، (KCK)

دەشێت ڕێگەچارەی دیموکراتییانە لەئاستی ناویشدا یەکلایی بکرێتەوە. دامودەزگا و سنوورەکانی ئێستای کۆماری تورکیا بەڕەوا دادەنرێت. کێشەکانی لە جۆری شێوەکانی ناوەندی"یونیتەر"، فیدراڵی و کۆنفیدراڵی گفتوگۆی لەبارەوە ناکرێت، تەنانەت پێشنیاری بە ڕۆژەڤکردنیشی ناکرێت. ناوەڕۆکی دیموکراتی، ئازادی و یەکسانی هاوڵاتیانی کۆماری تورکیا، تەنیا لە دەستوور و یاساکاندا پێشنیار ناکرێت، بەڵکو پێشنیاری پراکتیزەکردنی دەکرێت وەك دامەزراوێك. لەو پێناوەشدا لەیەکتری

جیانەکردنەوەی ماف و ئازادیەکانی تاك و ماف و ئازادی جڤات و ناسنامە کلتووریيە کراوەکان دەستنیشان دەکات. پێشنیار دەکرێت فاکتەرەکانی سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد، وەك بەشێکی دەستلێبەرنەدراوی دیموکراتیزەبوون، بەو دۆخەی ئێستای وەك بناخەکەی هەڵسەنگێندرێت. چارەسەریەکە لە تەوەرەی دەوڵەتدا نییە، سیستەمی دیموکراتی بە بنەما دەگرێت کە تەواوی کۆمەڵگا لەخۆوە دەگرێت. لەبەر ئەوەی فاکتەرە سەرەکیەکانی پێویستە لە سیستەمی دیموکراتی دەرکی پێبکرێت، لەبەشی"زاراوە، تیۆرو پرەنسیپەکان" و بەشەکانی دواتریش بەبەرفراوانی شیکارکراوە، پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات. بەڵام وەك زیاد کردنێك، دەشێت لە ئاستی ناودا KCK کۆما جڤاکێن کوردستان بۆ بەرجەستەکردن دەستنیشان بکرێت. بەردەوام جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکرێتەوە کە KCK وەك شێوازێکی"کۆماری تورکیا" یاخود ئەلتەرناتیفەکەی بیری لێنەکرێتەوە. لەلایەنی ناوەڕۆك و شێوەشدا، هەردووکیان پێکهاتەی لێکجیاوازن. کۆماری تورکیا بە پرەنسیپ و دامودەزگاکانی، بە مێژوو و ئێستایەوە هەوڵی شیکارکردنی دراوە. پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات. KCK ش هەم لەئاستی پێناسکردن و هەم لە ئاستی پەرەسەندندا پێویستی بە تاوتوێکردن هەیە. دەشێت بەوجۆرە پێناسە بکرێت کە ڕێکخستنی چەترە یان لە فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی کوردان پێکدێت.

دەستەواژەی هەستیار لێرەدا "هاوڵاتی دیموکرات" و "نەتەوە"ن. لەو بڕوایەدام کە گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر هاوڵاتی دیموکرات پێویست ناکات. پێناسەکردنی بەشێوەی ئەو تاکەی خاوەن ماف و ئازادی تاك و کۆلەکتیفە، باوەڕدەکەم ناڕازیبوونێکی ئەوتۆی لە بەرامبەر نابێت. لەوانەیە نەتەوەی دیموکراتی تۆزێك ئاڵۆزتر دیاربێت. بەڵام پێویستە لەبیرنەکرێت کە ئەو پێناسەیەی یەکێتی ئەورووپا لە شەڕی خوێناوی نەتەوەیی پێنج سەد ساڵی دوایی سەبارەت بە نەتەوە دەریخستووە نزیك ئەمەیە. تەنانەت نەتەوەپەرستیەتی دەوڵەتی بەهۆی ئەو چەقبەستبوون و کێشانەی لەگەڵ خۆی هێناویەتی لەڕۆژی ئەمڕۆماندا بەخێرایی نەرم دەبن و دەرباز

دەکرێن. لە دەستەواژە پێشخراوەکانی نەتەوە نوێکاندا بەردەوام جەخت لەسەر تایبەتمەندی دیموکراتی دەکرێتەوە. پێویستە پێناسەکەی مستەفا کەمال سەبارەت بە کۆماری تورکیا کە دەڵێت" بە گەلی تورکیا دەگووترێت میللەتی تورک" نەك لەلایەنێکەوە بەڵکو لەدوو لایەنەوە هەڵسەنگێنرێت، ئەوکاتە چارەسەرئامێزتر دەبێت. بەتایبەتیش ئەو داوەرییە شۆفینییە زێدەڕۆو دەسەڵاتگەرێتییە پیاوسالاریانەی لە دەستەواژەی نەتەوەی تورك بارکراوە بەکارهێنانەکەی ئاستەم دەکات. بۆ دەستەواژەیەك گۆڕاوە کە تا دەچێت بەشدارکردنی ناسنامەکانی تر بەربەست دەکات. لەبەرئەوەش دەستەواژەی "گەلی تورکیا" زۆر نزیکی پێناسەی ئەو نەتەوەیە کە لە ناسنامەی کراوەو هاوڵاتیانی ئازاد و یەکسان و دیموکرات پێکدێت و من پێشنیارم کردووە، بگرە گوزارشت لەو دەکات. چونکە لەو کاتەشدا ئەو دەستەواژەیە گوزارشتی لە فرە ئەتنیکی دەکرد. بەرگریکردنێکی دەمارگیرانە لە دەستەواژەیەك کە بووە بە کۆسپ، خزمەت بە چارەسەری ناکات.

لە ڕاستیدا دەشێت KCK بۆ کوردان وەك دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای مەدەنیش پێناسە بکرێت. KCK وەك ڕێکخستنێکی چەترئاسای کۆمەڵگای مەدەنی، لە ڕاستیدا دەشێت بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەی لەناو هەمەگیری "گەلی تورکیا" یاخود "نەتەوەی تورکیا" جێگیر بکرێت. بەڕاستی ئەگەر لەناخەوە باوەڕی بە پێویستی جێگرتنی کوردان لەناو گەلی تورکیا یاخود نەتەوەی تورکیا بکرێت یانیش پەسەند بکرێت، ئاشکرایە کە پێناسەی هەرە گونجاوو نەرم پێویستە لەو لایەنەوە بێت. تەنیا لەمیانەی ئەو پێناسە نەرمەی نەتەوەوە، دەکرێ ڕێگا لەپێش توانستی کێشە خستنەوەی ڕێگەچارەی فیدراڵی و هەڵوێستی قڕکردن و نکوڵیکردن بگیردرێت. دیسان ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ ڕێگا لە جوداخوازی و توندوتیژی دەگرێت، ئەو نەتەوە نەرم و ڕێکخستنە چەتر ئاسایەکەیەتی. لە مێژوو ژیانی ڕۆژانەوە زۆرباش ئاگادارین کە ڕێگەچارەی هێزی سەربازی و فیدراڵی، نەك تەنیا توانستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان نییە، بەڵکو بەردەوام خۆیان دەرگا بە ڕووی دۆخی شەڕو جوداخوازی

بەکراوەیی دەهێڵنەوە. کورد لەو ڕەوشەی ئێستا تێیدان جڤاتبوونی خۆیانیان بەرەو پێشەوە بردووە، وەك تاکیش لە ئازادبووندا لە پێگەیەکی پێشکەوتوودان. داسەپاندنی شتێکی لەمە کەمتر بە سەریاندا، ئەوا ڕێگا لەبەردەم توندوتیژیەکی فراوانترو جوداخوازی دەکاتەوە، لە ڕاستیدا لەو ڕێگایە کراوەیەدا هەنگاو بۆ ڕێپێوانێکی خێراو بەهێزتر دەهاوێژن، هەڵبەتە قسەکردن لەو بارەیەوە پێویستی بە کەهانەت نییە. بەڕێوەبەرایەتی فیدرالیزمی کوردستان لە باکوری ئێراق تارادەیەك گوزارشت لەو ڕاستییە دەکات. هەروەها ئەنجامی سیاسەتەکانی نکوڵیکردن و لەناوبردنی مێژووی کۆماریش لەبەر چاوانن. ئەگەر ئەو قۆناخە لەبەرچاوان بگیردرێت کە زانستی کۆمەڵناسی پێیگەیشتووەو لەو چوارچێوەیەدا ڕێگەچارەی KCK تاوتوێ بکرێت، ئەوا ڕوون دەبێتەوە کە ڕێگەچارەیەکی هەرە گونجاوە بۆ ڕاستی تورکیای دیموکراتی، کۆماری دیموکراتی و نەتەوەی دیموکراتیی، لەهەمانکاتدا بەهێزترین ئەگەریشە.

لە حاڵەتی بەکرداریکردنی ڕێگەچارەی KCK پێشبینیکردنی پێشهاتەکان فێرکەرو ئەزمونبەخش دەبن. لەو دۆخەدا دامودەزگاکانی کۆمار بوونی خۆیان دەپارێزن و بەردەوام دەبن. بەڵام ئیتر ڕەوشێکی جیاوازتر هاتۆتە ئاراوە. بەدامەزراوەبوونی KCK ش بەرەو پێشەوە دەچێت. لەکاتێکدا دەوڵەت بەشێوەی یەکینەی ئیداری خۆی پراکتیزە دەکات، KCK ش خۆی بەشێوەی دامودەزگای دیموکراتی کارادەکات. لەوانەیە بابەت و پێگەکەیان جیاواز یان لێکبچێت. کاتێك جیاوازی جێی باس بێت، لایەنە یەکتری تەواوکەرەکان گرانتر دەبێت. کاتێك لێکچوونیش لە ئارادابێت ئەوا پێشبڕکێی ئەرێنی دەستپێدەکات. کامەیان وەڵامێکی باشتر بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان بدۆزنەوە، پشتیوانیکردنی دەردەکەوێتە پێش.

گرنگترین لایەنی ئەو مۆدێلەی چارەسەری لەوەدایە کە پێویست بە ڕەدکردنەوە یان بە ئەویترکردنی یەکتری ناکات. سەرجەم ڕێگەچارە باوەکان، واتە ئەوانەی دەوڵەتین و لە تەوەرەی مافی تاکن، لەسەر بنەمای ڕەدکردن یاخود ئەویترکردن

ئاواکراون. تا یەکێکیان نەرووخێت یان نەکرێت بە ئەویتر، ئەوەی بەرامبەر یان ئەوەی بە باشتر دادەنرێت لە شوێنی جێگیر ناکرێت.

لێرەدا ڕۆڵی دۆگماتیزمی ئایینی و پۆزیتیڤیست دیاریکەرە، لە مێژوو و ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا جگە لەوەی کۆمەڵگایان کردۆتە تۆپەڵێکی کێشە بەولاوە هیچ ئەنجامێکی تریان نەبووە. پێدراوە نوێیەکانی زانستی کۆمەڵناسی جەخت لەسەر نەرمایی سروشتی کۆمەڵگاو ئاستی بەرزی زهنیەتەکەی دەکاتەوە. ئاماژە بە بەربلاوی پەیوەندی سیمبیۆتیك دەکات. هەروەها ناچاری نەبوونی ناکۆکی ئانتاگۆنیست"پێکهەڵپژان" کان دەخاتە روو. لەجیاتی ئەوەی پەیوەندی دەزگاکانی سیاسەتی دیموکراتی "پێویستە KCK وەك ڕێکخستنی چەتری ئەو دەزگایانە دەرکی پێبکرێت" لەگەڵ دەوڵەت رووخێنەر بێت، ئەوا پێویستە باس لە دۆخێك بکرێت کە دەوڵەت بەرەو پێگەی لەبارو کارا ببات. هەرچەندە قۆناخی گرژیش جێگای باس بێت، بەڵام ئەو دیالۆگە بەهێزەی نێوانیان دەتوانێت چارەسەری دیموکراتییانە بئافرێنێت. دەشێت بڵێین ئەگەر قۆناخەکە بەرەو پێشەوە بچێت، ئەو شێوە دەزگایانەی کە لەسەر پێیان بمێنن، ئەوانەی کە پێویستن و سوودبەخشن، پێگەی خۆیان دەپارێزن، پەرەدەسەنن و بەردەوام دەبن، هەرچی ئەوانەن کە پێویست نین و هیچ سوودێکیان نییە، ئەوا دەرباز دەکرێن. هەڵبەتە ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە لە میکانیزمە دیموکراتییەکان چاوەڕێ دەکرێت.

٥ . ڕەهەندەکانی ئەگەری پراکتیزەکردنی ڕێگەچارەی KCK

کاتێك ڕەهەندەکانی ئەگەری پراکتیزەکردنی ڕێگەچارەی KCK بخەینە روو، ئەوا بابەتەکان روونتر دەبنەوە:

ا . ڕەهەندی ئابووری: خەباتێکی بەرفراوانی KCK لەسەر گۆڕەپانی ئابووری دەبێت. لە بەرامبەر کاریگەرییە وێرانکارەکانی قازانجپەرستی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەسەر ژینگە، ئەوا کۆمەڵگا و ژینگە دەپارێزێت. ئەوەش لەمیانەی ئەو یەکێنانەوە بەڕێوە دەبات کە قازانج بەبنەما ناگرێت، وەڵامی پێداویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دەدەنەوە و ژینگە پارێزن، لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆمینە ئابووری و ئیکۆلۆژیەکان. ڕێگا لە تالانی قۆرخکاری سەر بازاڕی کۆمەڵگا دەگرێت. فاکتەرەکانی سەرمایەداری لەناو نابرێن، بەڵام زۆر سنووردارەدەکرێن. کارکردن لە دۆخی سوغرەو کۆیلایەتی رزگار دەکرێت، دەکرێت بە دۆخێکی عیبادەتی ژیان. دیوارە هەڵبەستراوەکانی نامۆبوون لە نێوان کارو ژیاندا دەڕووخێنرێن. لەجیاتی ئەو سیستەمەی هەرشتێکی کۆمەڵگای کردۆتە کاڵاو لەناو کاڵادا دەیخنکێنێت، لەپێشینەیی بەو سیستەمە ئابوورییە دەدات کە پشت بە بەهاکانی بەکارهێنان و ئالوگۆڕی ناچاری دەبەستێت. ئەو زەمینە ژینگەپارێزی و کۆمەڵایەتییەی کە KCK پشتی پێدەبەستێت، وەك ڕۆبێکە بۆ ئەو سیستەمە بڕابێت. ئەوەندەی نەهێشتنی بێکاری بەربڵاو، چەمکێکی ئەخلاقی کە کارکردن وەك ئازادی هەڵدەسەنگێنێت، سەرجەم حەسرەتە راستەقینەو پێداویستیەکانی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکات کە پێویستی دەبینێت.

ب . ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: سیستەمیKCK لە وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا لە بوارەکانی وەك پەروەردە، تەندروستی، وەرزش، هونەر و حقوقیدا، شێوازێکی گونجاوی بەرهەمهێنانە. لەو بوارانەدا کە پێشبڕکێ و پەیوەندی بەرامبەر"پەیوەندی سیمبیۆتیك" لەگەڵ دەوڵەت لەئارادا دەبێت، کاتێك ئەو خاڵەش لەبەرچاوان بگیرێت کە دەزگاکانی کۆمار تائێستا وەڵامی چاوەڕوانیەکانیان نەداوەتەوە، ئەوا باشتر دەرك بە پێگەی کاریگەریKCK دەکرێت. بەپێچەوانەی مەزنەدەکانەوە، لەو گۆڕەپانانەدا زمان و ئەتنیك هێندە نابن بە کێشە. فرە زمانی

پەروەردە وەك پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی، ڕەوشێکە پێویستە هانبدرێت و پشتگیری لێ بکرێت. هێندەی زمانی تورکی بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی یاخود زمانەکانی ترو بەکارهێنانیان لە پەروەردەدا، بەراستیش مانای دەوڵەمەندی واتایە. لەم گۆڕەپانەدا پێویستی و شوێنی شۆڤینزم و خۆداسەپاندن نییە. بەرەوپێشبردنی دەزگاکانی پەروەردە، تەندروستی، وەرزش و هونەری کوردی لە چوارچێوەی نەتەوەی دیموکراتیدا دەبێت، لە ناوەڕۆکدا یەکێتی نەتەوەیی پێکدێنێت و دەوڵەمەندی دەکات. دەشێت هەمان خاڵ سەبارەت بە کلتوورەکانی تریش ئاماژەی پێبکرێت. ئەگەر گەلی تورکیا یاخود نەتەوەکەی وەك یەکێتی دەوڵەمەندییە کلتوورییەکان شرۆڤە بکەین، ئەوکاتە دەبینرێت کە زۆرێك لەو خاڵانەی بەمەترسی دادەنرێن و وەك"هێڵی سوور" دەبینرێن، لە پێشینە داوەرییەکی دۆگماتیك و موحافەزەکار زیاتر خزمەت بە پێشکەوتن ناکەن. هەڵوێستێکی تر نییە کە هێندەی یەکێتی نەتەوەیی ئارەزومەندانە هێزبەخش بێت.

ج . **ڕەهەندی ئاسایشی:** یەکێك لەو ڕەهەندانەی گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێت و پێویستی بە بڕیارو یاسا هەبێت، دەربارەی بواری ئاسایشی دەبێت. لەبەرئەوەی کوردان لە بێبەشبوون لە ئازادی بەولاتر، وەك بوون بەردەوام لە کەنارو لەناو مەترسیدا ژیاون، ئەوا داوای گەرەنتیەکی بەهێز دەکەن و پێداگری لەسەر ڕێگەچارەی دامەزراوەیی دەکەن. سوپای کۆمار لەبەرامبەر مەترسیەکانی دەرەوە بەرگری لێدەکرێت، بەڵام پێویستە سەبارەت بە هەبوون و ئازادی کوردان وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵ لە هەڵوێستی خۆیدا بکات. هەمان خاڵ بۆ دەزگاکانی دیکەی ئاسایشیش لەجێگای خۆیدایە. تا ئەو گۆڕانکاریانە نەنجامدەدرێن KCK ناچارە پارێزگاری لە هێزەکانی بەرگری خۆیی بکات. بەتایبەتی تا جاشایەتی، ژیتەم بەو دۆخەی ئێستای و گروپە پارەملیتارەکانی دیکە "هەندێك لەوانەی ئەرگەنەکۆنیش لەناودا" هەبن، ئەوا یەکینەکانی بەرگری خۆیی KCK فاکتەرێکی

دەستلێبەرنەدراوی ژیانی دیموکراتین. پێویستە جێگیربوونی سوپا لەکوردستان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی دەرەوەبێت، هەروەها کوردان وەك فاکتەرێکی ڕەسەنی یەکێتی نەتەوەیی و دەوڵەت پەسەند بکرێت، چیتر وەك سەرچاوەی هەڕەشە نەبینرێن. بۆ دەربازکردنی ئەو بیرەوەرییە تاڵانەی لەو لایەنەوە لەمێژووی کۆماردا ڕوویانداوە، پێویستە هەوڵ و کۆششێکی هاوبەشی بۆ بکەین. دەشێت ڕێگەچارەی جۆراوجۆر بۆ یەکینەکانی بەرگری خۆیی KCK بدۆزرێتەوە. دەشێت بیر لە پێگەی کاتی و بەردەوامیش بکرێتەوە. ئەگەر هاوشێوەی دۆخی کوردەکانی ئێراقیش نەبێت دەشێت لە چوارچێوەی سوپا و هێزە ئاسایشیەکانی تردا، ببێتە پارچەیەك لە ئاسایشی هەرێمەکە.

د . ڕەهەندی دیبلۆماسی: کێشەی هەرە گرنگ لەو ڕەهەندەدا، لەسەر بنەمای دژایەتی میساقی میللییەوە چۆن سەیری دابەشکردنی کوردان و کوردستان دەکرێت وچ جۆرە ڕێگەچارەیەك پێشنیار دەکرێت. هەڵبەتە تورکمان، تەنانەت ئەرمەنی و سوریانیەکانیش لەناو ئەو مەسەلەیەدان. دۆخەکەیان کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەش دەکات. ڕووداوەکانی ئێراق و ئەرمەنستان تا دوارادە ڕۆشنکەرەوەن. ناشێت گرنگی ڕووداوەکانی سوریاش بچووك بکرێنەوە. خۆی لە خۆیدا ئێران هەموو جیهان پەیوەندیدار دەکات. پێویستە بە جۆرێك تەماشا نەکرێت کە زۆر دووری پەیمانی قەسری شیرین ماوەتەوە. نەبوونی کات فشارمان بۆ دێنێت. تەواوی ئەو بابەتانە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بیرکردنەوەو دۆزینەوەی ڕێگەچارە دەکات بە ناچاری. KCK نموونەیەکی بەرکەماڵی ئافراندنی ڕێگەچارەیە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی نەتەوەو ئەتنیك، راستتریش لە چوارچێوەی جیاوازی ئاینزایی، ئەتنیکی و نەتەوەییدا سیستەمێك پێشنیار دەکات کە کێشەکان چارەسەر دەکات.

ئەو مۆدێلەی لێرەدا بیری لێدەکرێتەوە، سیستەمێك نییە کە سنووری سیاسی نەهێڵێت، ڕێگا لە پێش چارەسەری سەربازی بکاتەوەو تەنیا بۆخۆی فیدرالیزم بسەپێنێت. باسی پێشخستنی شێوازێك دەکەین کە یەکێتی ئەوروپاشی لەناودا زۆرێك لە شێوازەکانی چارەسەری جیهان لەبەرچاوان دەگرێت، بەڵام خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. KCK ئەم پێویستییە لەبەرچاو دەگرێت. لەچوارچێوەی یەکێتی نەتەوەی تورکیادا، دەشێت وەك ڕێکخستنێکی چەتر بەرفراوان بکرێت کە هەموو کوردانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەرمەنی، سوریانی و تورکمانەکانیش لەخۆوە بگرێت. مەرج نییە دەوڵەتەکان لەخۆوە بگرێت. دەکرێ دەوڵەتەکان لەناو خۆیاندا یەکێتیەکی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا پێشبخەن. بەتایبەتیش کۆنفیدراسیۆنێکی خاو لە نێوان تورکیا، سوریا و ئێراق پێشنیار بکرێت. دەکرێ هەنگاو بە هەنگاو ئەو مۆدێلە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرفراوان بێت و قووڵتر ببێتەوە. مۆدێلی چارەسەری KCK وەك مۆدێلێکی دژی یەکێتی دەوڵەتان نییە، بەڵکو وەك یەکێتیەکی کۆمەڵگای مەدەنی، کۆنفیدرالیزمێکی دیموکراتیانەی ئەو ڕێکخراوانە بیری لێدەکرێتەوە کە لە پێویستی کۆمەڵگاوە دروستبووە، هاوتەریبێتی و تەواوکاریانە. پراکتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوین، پڕ لەو پەندو ئەزموونانەیە کە تەنیا بە چالاکی و کاروباری دیبلۆماسی دەوڵەتان ئەو کێشانە چارەسەرناکرێن. لەخۆڕا نییە کە یەکێتی ئەوروپا بەلانی کەم هێندەی لە یەك ئاستی یەکساندا پێشخستنی یەکێتی کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتان، کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵگای مەدەنیشی پەرەپێداوە. پێویستی کۆمەڵگاکانی یان نەتەوەی ڕۆژی ئەمڕۆمان، ڕێکخراوی هاوکاری بەو شێوەیەی کردووە بە ناچاری. لە دۆخی بەرجەستەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کۆنفیدرالیزمی دەوڵەتان و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەمان ئاستدا گرنگ و پێویستن، هەر بۆیەش پێویستە پێکەوەو بە شێوەیەك یەکتری تەواوبکەن پێشبخرێن، بەو شێوەیەش ئەمجۆرە کێشانە چارەسەر بکات.

سەبارەت بە KCK دەشێت باسی هەندێك ڕەهەندی تریش بکەین. بەڵام لەبارەی ئەو پێشهات و پراکتیکانەی کە بێنە ئاراوە، ئەو ڕەهەندانە، لەئاستێکی پێویستدا ڕۆشنکەرەوەن و پێشنیار پێشدەخات. بێگومان سەبارەت بە هەر ڕەهەندو بوارەکانی تر، کێشەگەلێکی دەستووری و یاسایی و زۆرێك لە کێشەکانی پەیڕەوی ناوخۆ جێگای باسەو پێویستییان بە چارەسەرکردن هەیە. لەو لایەنەوە دیالۆگی بەرفراوان لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتدا پێویستن، ئەوەش کۆمەك بە چارەسەری هاوبەش دەکات. ئەو خەباتانەی لە ئاستی حکومەت و پەرلەمانی تورکیادا بکرێن، ڕۆڵی کلیل لە چارەسەریدا دەبینێت. هەروەها تەنیا دیالۆگ و هەوڵی هاوبەش لە ئاستی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەش ناکات. بەهەمانشێوە بەتەنیا هەوڵەکانی حکومەت و پەرلەمانی تورکیاش بەس نییە. بەڵکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە بەرهەڵستکارەکانیش کە بەشێکین ڕۆڵی گرنگیان دەبێت. بەتایبەتیش کارو خەباتی سەر ڕای گشتی مەرجە. لێرەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان ڕۆڵێکی ژیانی دەبینن. هەروەها ڕۆڵ و کۆمەکی زانکۆکان و دونیای ئەکادیمیش بچووك ناکرێتەوە. هەروەها دەشێت چاوەڕوانی کۆمەکی هێزە نێودەوڵەتیەکان لە سەرووییانەوە ئەمریکا و ئەوروپا بۆ چارەسەری بکرێت، کە تەنانەت هەندێکیان لە پێگەی لایەندان و خاوەن ئەزموونن.

ئەو هەڵسەنگاندنەی کە سەبارەت بە کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا و مۆدێلی چارەسەری بۆ کێشەی کورد پێشکەشکراون، پێویستە وەك گەلاڵەنامەی تێڕوانین و پێشنیار ببینرێت. بەو ئامانجەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بیروڕاو پێشنیارەکانی خۆیان پێشبخەن، وەك پێویستی بەرپرسیارێتی سەر شانی خۆم، ئەو گەلاڵە پێشنیارەم پێشکەش کرد. ئەوەندەی گفتوگۆ و پێشنیارەکان پێشبکەون، هەڵبەتە ئەوا کۆمەکی جیاوازترمان جێگای باس دەبێت.

لەمە بەدواوەش پێویستی بە بەرنامەو پلانێکی چالاکی هەیە بۆ ئەوەی بزانین لەکوێ و چۆن دەستپێبکرێت، ئاخۆ لەپراکتیکدا چۆن و چی بکرێت. لەولایەنەوە پێشنیارپلانەکەم لە بەشی دواتردا پێشکەش دەکەم.

بەشی پێنجەم: پلانی چالاکی

هەر مۆدێلێکی چارەسەری کە سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەلگا پێشنیار دەکرێت، ئەگەر بەهایەکی پراکتیکی نەبێت، جگە لە جوملاستیکی هزری هیچیتر نییە. هەڵبەتە هەنگاوی پراکتیکیش پەیوەندی بە هزراندنەوە هەیە، هزراندنێکی بزۆکە. هەروەها بەهای شیکردنەوە سەرکەوتووەکان تەنیا لە پراکتیکدا دەسەلێنرێت.

لەلای خۆمەوە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لەجیاتی هەنگاونانی کرداری یەکلایەنە، ئەگەر بەشێوەیەکی ناشارەزاییش بێت هەنگاونانی کرداریم لەلا گرنگترە. لەو بڕوایەدام کە پێویستە بەردەوام لەپێشینەیی بە دیالۆگی مانادار بدرێت. بەلام ئەوەش دەزانم کە خۆ خەڵەتاندن بەناوی دیالۆگەوە مالوێرانی لەگەڵ خۆیدا دێنێت. پێویستە دۆخی دانوستاندنی لایەنەکان بچووك نەبینرێت. چونکە بچووکترین زەمینەی دانوستاندن، لەچالاکیەکی زۆر گەورە و سەرکەوتوو بەهادارترە.

لە سالانی"١٩٧٠"دا لە قۆناخی لەدایك بوونی PKK دا، سیاسەتێکی زۆر توندی نکوڵیکردن سەبارەت بە کوردان بەڕێوە دەچوو. تەنانەت بە زارەکیش ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سیاسەتە سزای زۆر گرانی لێدەکەوتەوە. هەر لەو قۆناخەدا لەگەڵ گروپە چەپەکان لەپێشینەیی بە چارەسەری دیموکراتی هاوبەش دەدرا. هەڵبژاردنم بۆ سەرۆکایەتی ADYOD (کۆمەڵەی بالای فێربوونی دیموکراتی لە ئەنقەرا ـ ١٩٧٥) بەو ئامانجە بوو. کاتێك ئەو هەنگاوە بەڕێوەنەچوو، ئیتر هەنگاونان بەرەو دەرکەوتنی PKK دەستلێبەرنەدراوبوو. هەروەها پەنابردنە بەر قەڵەمبازی "١٥ی ئاب"یش دیسان تاکە ئەلتەرناتیف بوو لەبەرامبەر سیاسەتی نکوڵی و قڕکردن.

هەرچەندە وەك دەمویستیش نەبێت، بەهەموو هێزو توانامەوە لەسەری وەستام و دوودڵیم نەکرد.

ئەگەر ئەو کەشەی لەلایەن بەڕێز سەرۆك کۆمار تورگووت ئۆزاڵەوە لە سەرەتای ساڵانی"١٩٩٠"وە بۆ دیالۆگ پێشکەش کرابوو پەرەی پێدرابوایە، لەوانەیە ئەمڕۆ کێشەی کورد لە دۆخێکی زۆر جیاوازتردا بووایە. دەوڵەت دەرفەتی دیالۆگ و دانوستاندنی بە سەرۆکەکەی خۆی نەدا. پراکتیکی نکوڵیکردن و قڕکردنی باو بەهەموو هێزی خۆی دەستبەکاربوو. بەقۆناخی هەرە تاریکی مێژووی کۆماردا تێدەپەڕین. ئەو ئەزموونەی دیالۆگ کە لەساڵانی"١٩٩٧ ـ ١٩٩٨"دا بەرەی سەربازی و سیاسی لێی نزیکبوونەوە، تووشی هەمان چارەنووس هات. بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، بەکورتی گلادیۆی لەسەر هەموو بونیادە سیاسی و سەربازیەکان بە کاریگەربوو، تەنانەت دەرفەتێکی هەرە بچووکیشیان بە دیالۆگ و دانوستاندن نەدا. سەرباری هەموو هەوڵەکانم تا بتوانم قۆناخی لێکۆلینەوەکانی ئیمراڵی بکەم بە زەمینەی دیالۆگ و دانوستاندن، بەلام هەندێك لایەن بەردەوام نەو هەوڵەیان تێکدا. سەرجەم پێشنیارەکانم بێ وەلام مانەوە. ئاشکرایە کە تا لەناوبردنی دوایی بزووتنەوەکەمان پیلانرێژی کرابوو، تەنانەت بونیادگەلێك جێگای باسبوون کە دیالۆگ و دانوستاندنیان وەك کۆتایی خۆیان دەبینی. ئەوانە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش درەوشابوونەوە، لەناو دەوڵەتدا ببوون بە دەوڵەت. ئەوانە مەترسیدارترین و بێرەحمترینی بەشی ئەو توێژانە بوون کە دووچاری نەخۆشی دەسەلاتداریێتی هاتبوون. سەرەڕای تەواوی ئاگادارکردنەوەکانم، بەلام دیسان هەزاران گیان لەدەستدان و زیانی مادی بێ ژمار هاتە ئاراوە. من خۆم لە ساڵانی"١٩٩٠" بەدواوە هەوڵمدەدا شەڕ سنووورداربکەم. بەلام کاتێك ئەمە ئەنجامی نەگرت، سەرەڕای ئەوەی نەخوازراویش بوو، ناچاربووم کە ئەو ئاگادارییە دوایە بکەم کە لە چوارچێوەی کوردو کوردستاندا قۆناخی بەرخودانی هەمەلایەنە بە مەبەستی" پاراستنی هەبوون و

دەستەبەرکردنی ئازادیەکانیان" دەستلێبەرنەدراوەو بەرێوەدەچێت. بەهۆی ئەگەرە بەهێزەکانی ئەو پێشهاتانەوە ئاماژە بە زەمینەی دیالۆگ و دانوستاندن کرا.

ناشێت پلان لەنێوان لایەنەکانی شەڕدا نەبووبێت. پلانی چالاکی، ئەو کارەیە کە زۆرترین راوەستەی لەسەر کراوەو هەوڵی بۆ دراوە. لە ئەزموونەکانی خۆمەوە ئاگادارم کە ئەمجۆرە کارانە هەن. بە شەوقەوە پلانی چالاکی یەکلایەن دادەرێژرێت. ئەوەی زەحمەتە، دارشتنی ئەو پلانانەی چالاکییە کە لایەنەکان دەگەیەنێتە یەکترەوە. هاوسۆزی "ئەمپاتی" بەرامبەر یەکتر نەبێت، پلانی بەو شێوەیە پێشناکەون. شانبەشانی هەڵسەنگاندنێکی کورت سەبارەت بە پلانی چالاکی کە یەکلایەنە بەرەو پێشەوە دەچن و هێشتاش پێك دەهێندرێن، هەوڵی سەبارەت بە پلانی چالاکی دەدەم کە رێگا لەپێش رێکەوتنی هەردوو لایەن بکاتەوە. پێویستە لەسەرەتاوە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە من خۆم وەك لایەنێکی بەرپرسیاری جێبەجێکردنی پلانەکە نابینم. چونکە دۆخی بەندکراویم و هەلومەرجەکانی جێبەجێکردنی دەرفەتم نادات. ئەو تێڕوانینانەی پێشکەشی دەکەم ئامانجی ئەوەیە لایەنەکان بەشێوەیەکی راستتر یەکتری بناسن و ئەگەرە کردەو نەکردەکانی سەبارەت بە پلانی چالاکی هاوبەش روون بکرێتەوە.

بۆ ئەمەش:

١ . پلانی رێگەچارەی نکوڵی و قڕکردنی باو: هەرچەندە وەك رابردوو بە شێوەیەکی خەستیش نەبێت بەڵام هێشتا لە چوارچێوەی ئەو چارەسەریدا پلان پێشدەخرێن و جێبەجێدەکرێن. ئەو توێژانەی بناخە چینایەتیەکەیان پشت بە قازانجپەرستی دەوڵەت دەبەستێت و بریتین لە بۆرژوازی چینی ناوین و بیروکراسیەکەی، سەرەرای ئەوەی لە ناوەوەو دەرەوە زۆر گۆشەگیر و ریسواشکراون، بەڵام لە جێبەجێکردنی پیلانی لەناوبردن بە شێوازی تەڵەکەبازی و قەبە دوودڵی ناکەن. جگە لە توێژی بەکرێگیراوی کلاسیکی کورد، تەواوی کوردان، بە بەرفروانترین

بەرخودانی مێژوویی وەڵامی پەیڕەوکردنی ئەو پیلانە دەدەنەوە. PKK کە لەپێگەی پێشەنگایەتی بەرخودانەکەدایە، تا ئەو پیلانانە بەردەوام بێت، خاوەنی ئەو هێزو توانستەیە کە لەمە بەدواوەش پلانی چالاکیەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەرفراوان جێبەجێ بکات. لە دۆخێکی ئەوتۆدایە کە دەتوانێت لە پلانی بەرگری پاسیفەوە بەرەو بەرگری ئاکتیف و پلانی بەرخودانی سەرتاسەری هەنگاو بهاوێژێت. لە ماوەی داهاتوودا لە بەرامبەر چەقبەستبوونی جدی کە لە چارەسەری دیموکراتیدا روودەدەن، لەوانەیە دەربازی پلانی بەرگری سەرتاسەری ببن.

٢ . **پلانی ڕێگەچارەی فیدراڵی میللیگەرا:** ئەو پلانەش لە ئاست و گۆڕەپانی جیاوازدا جێبەجێدەکرێت. دەوڵەت ـ نەتەوە باوەکانی ناوچەکە و هێزە هەژموونگەرا جیهانیەکان لە پشت ئەو پلانانەوەن کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی کوردستانی ئێراقەوە جێبەجێ دەکرێت. هەرچەندە مەبەستی هەموویان لە یەکتری جیاوازیش بێت، بەڵام ریکەوتنێکی گشتی جێگای باسە. بەمەبەستی چەواشەکردنی پۆتانسێلی شۆڕشگێری دیموکراتییانەی کوردان، پشتیوانی ئەو پیلانە دەکەن. ئەمریکا ئەو هێزە هەژموونگەرایەیە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی لە فیدراڵی کوردان دەکات. لەکۆنترۆڵ کردنی ئێراق، سوریا، ئێران و تورکیادا دەسەڵاتی فیدراڵ رۆڵێکی ستراتیژی دەبینێت. دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئێران و سوریا لە پێناو شکاندنی بەرخودانی کوردەکانی ژێر دەستی خۆیان و بە نەبوو دانانیان، بەشێوازی جیاواز پشتیوانی دەدەنە پلانی "کوردستانی بچووک" کەوا لە شەڕی جیهانی دووەم بەدواوە لە باکوری ئێراقدا تەنگ کراوەتەوە. کاتێك کوردان بیانەوێت ئەو رۆڵە دەرباز بکەن کە بۆیان دانراوە ئەوا ئەو هێزانە هەموویان پێکەوە رووبەڕووی دەبنەوە.

سیاسەت و پیلانگێڕی پەرتکە ـ زاڵبە، زیاتر لەمیانەی پڕۆژەی "کوردستانی بچووك"ەوە بەڕێوەدەبرێت. بەتایبەتیش لەو ڕێگایەوە هەوڵدەدرێت شۆڕشگێڕ، دیموکراتە رادیکاڵ و سۆسیالیستەکان بێکاریگەر بکرێن. یەکێکیش لە ئامانجی

سەرەکی پیلانەکە گۆشەگیرکردنی PKK یە. خەباتێکی زۆر بەرفراوانی گلادیۆ سەبارەت بە گۆشەگیرکردن و لەناوبردنی PKK هەیە. هەروەها ئەو پیلانە لە گۆڕەپانی دیبلۆماسی نێودەوڵەتیشدا پشتگیریەکی بەرفراوانی هەیە. ئەمریکا ـ تورکیا ـ بەڕێوەبەرایەتی ئێراق کە بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵیشیان هێناوەتە ریزی خۆیان، لە چوارچێوەی ئەو پیلانەدا هەوڵدەدەن PKK ناچاری دەستبەردان لە خەباتی چەکداری بکەن. بەڵام لەبەر بەرژەوەندی جیاوازی لایەنەکان ئەو پیلانە لەئاستی پێویستدا بەڕێوەناچێت، جێبەجێکردنەکەی سنووردارە. لەبەر ئەوەی لەلایەن زۆربەی زۆری کۆمەڵگای کوردییەوە پشتگیری لێناکرێت، هیوایەکی ئەوتۆیان پێ نییە. لەبەر ئەوەی خزمەتی بەرژەوەندی توێژێکی هەڵبژاردە دەکات، رۆژ دوای رۆژ زیاتر ئاشکرا دەبێت و رووبەڕووی گۆشەگیری دەبێتەوە.

وەلامی PKK ش بەرامبەر بەو پیلانە بەشێوەی "رادەستنەبوون و بەردەوامکردنی بەرخودان" بووە. خاوەنەکانی ئەو پیلانە سەرەڕای ئەوەی ویستویانە بزووتنەوەیەکی بەکرێگیراو لەو کەسانە پێکبێنن کە ماوەیەکی زۆر لەناو ریزەکانی PKK شوێنیان گرتبوو، بەڵام بێ بڕیاربوون و لەناو لاوازی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیدا دەژیان و رایانکردووەو چوونەتە لایان، بەڵام لە ئاشکرابوون رزگاریان نەبوو. لەبەرئەوەی میللیگەرایی کوردیش بەهۆی لاوازی نەریتیەوە نەیتوانیوە پیلانی دەوڵەت ـ نەتەوە بە شێوەیەکی بە بڕیار بەرەو پێشەوە ببات، رزین و لەناوچوون بۆتە چارەنووسیان. ئەو توێژانە تەواوی هیواکانی خۆیان بە تێکشکانی بەرخودانی PKK بەستۆتەوە. حکومەتەکانی تورکیاش ماوەیەکی درێژ هیواکانی خۆیان لەو لایەنەوە بەکارهێناوە. چاوەڕوانی یارمەتییان لە میللیگەرایی کورد کردووە کە پشت بە"کوردستانی بچووك" دەبەستن. ئەو پیلانەی لەسەر ئەرمەنی و رۆمەکانیان جێبەجێکرد، خوازیارن لەسەر بنەمای "کوردستانی بچووك" هاوشێوەیەکیشی لەسەر کوردان جێبەجێبکەن. بەڵام جیاوازی هەلومەرجەکان و پێگەی PKK بوونەتە هۆکاری پێچەوانە بوونەوەی ئەو پیلانەو ئەوەی بەهێزدەبێت رێبازی PKK یە.

٣ . پلانی ڕێگەچارەی دیموکراتیانە: لەبەر ئەوەی پلانەکانی هەردوو مادەی سەرەتا هیوایەکی ئەوتۆیان نەداوە و لە هەموو لایەکەوە باجەکەیان قورسە، وای کردووە کۆماری تورکیا بەرەو پڕۆژەی دیموکراتیزەبوونەوە بچێت. بەولایەنەوە هەڵکردنی بای پێشکەوتنە هاوچەرخەکان، هاندانەکانی ئەمریکا و ئەوروپا (بۆ تەبایی)، هەروەها مەیلی بەشێکی گەورەی میدیا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رای گشتی و تەواوی کوردان لەو لایەنەوە، جاری یەکەمە چانسی جێبەجێکردنی پلانی ڕێگەچارەی دیموکراتی زیادی کردووە. لەگەڵ ئەو هەموو ڕووبەڕوو بوونەوەو لەمپەرانەی بەرەی نەتەوەپەرست - میلیگەرای فاشیست کە بوونەتە کەمینە، لەبەر ئەوەی دامودەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەت لەدژی پڕۆژەی چارەسەری ناوەستنەوە و بگرە لە ئامادەکردنی ژێرخانەکەیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینن، چانسی جێبەجێکردنی پلانی چارەسەری زیاد دەکات. لەبەرامبەر ئەو ڕەوشە مێژووییە نوێیەدا، ئەو پلانەی چالاکی کە لەنێوان لایەنەکان شایەنی پراکتیزەکردنە، پێویستە بە چەند قۆناخێکدا دەربازبێت. ئەگەر دامودەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەت و حکومەت لەسەر هێڵە ئەستوورەکانی پلانی چارەسەری دیموکراتی پێکبێن و پشتیوانی لایەنی کوردو هێزە دیموکراتیەکانیش وەربگرێت، کردەو قۆناخە شیمانەکراوەکان لەوانەیە بەو ئاراستەیەدا پەرە بسەنێت.

ا . قۆناخی یەکەم: PKK بە شێوەیەکی هەمیشەیی قۆناخی بێ چالاکی ڕابگەیەنێت. پێویستە لەو قۆناخەدا لایەنەکان نەکەونە پیلانگێڕیەوە، کۆنتڕۆڵی سەر هێزەکانیان بەهێزتر بکەن و بەردەوامی بە ئامادەکردنی رای گشتی بدەن.

ب . قۆناخی دووەم: بە دەستپێشخەری حکومەت و لەمیانەی پەسەندکردنی پەرلەمانی تورکیاوە کۆمیسیۆنی حەقیقەت و ڕێککەوتن پێکبهێنرێت تا لە ڕێگای پێشنیارەکانەوە کۆسپە یاساییەکان نەهێڵدرێن و بەمجۆرە یارمەتیدەر بێت. لە

پێکهێنانی کۆمسیۆندا پێویستە زۆرترین کۆدەنگی و ڕێکەوتن لەنێوان لایەنەکاندا بە بنەما بگیرێت. پەیوەست بەو دانپیانان و بەرگریانەی لەو کۆمسیۆنەدا ئەنجامدەدرێن، دامەزراوێکی لێبوردن پێشنیار بکرێت و پێشکەشی پەرلەمانی تورکیا بکرێت. ئەگەر کۆسپە یاساییەکان بەو شێوەیە هەڵ بگیرێن، لە ژێر چاودێری دەستەیەکی پێکهاتوو لە بەرپرسیارانی ئەمریکا، ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی کورد و کۆماری تورکیا PKK دۆخی دەرەوەی قانوونی خۆی دەردەخاتە دەرەوەی سنووری تورکیا. دواتر بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو ئەو هێزانە لە گۆڕەپان و وڵاتی جیاوازدا جێگیر دەکرێن. ئەو خاڵە هەستیارەی لەو قۆناخەدا گرنگە، پلانکردنی ئازادکردنی گیراوانی سیاسی PKK و لە هەمانکاتدا کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی PKK یە بۆ دەرەوەی سنوور. پرەنسیپی" یەك بێ ئەوەی تر نابێت" لەجێگای خۆیدایە.

ج . **قۆناخی سێیەم:** ئەوەندەی هەنگاوی دەستووری و یاسایی دیموکراتیزەبوون بهاوێژرێن، زەمینەو هەلومەرجی دووبارە بەکارهێنانەوەی چەك نامێنێت. بەمجۆرە ئەوانەی لەناو PKKدا ئەرکیان هەبووە، یانساڵانێکی درێژە لە تاراوگە دەژین، هەروەها ئەوانەی ماف هاوڵاتیبوونیان لێسەنراوەتەوەو لە دۆخی پەنابەریدان، پەیتا پەیتا بۆ وڵات بگەڕێنەوە. کاتێك کارو خەباتەکانی KCK یاسایی بوون، ئەوا پێویستی بە کارکردنی PKK لەناو سنوورەکانی تورکیادا نامێنێت. لەهەموو لایەکەوە کارو چالاکی سیاسی، ئابووری و کلتوورییە دیموکراتی - یاسایی بەبنەما دەگیرێت.

بۆ پراکتیزەکردنی ئەو پلانە قۆناخ بە قۆناخانە، دۆخی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان گرنگیەکی ستراتیژی هەیە. چانسی بەڕێوەچوونی ئەو پلانە بەبێ ئۆجالان زۆر سنووردارە. لەو سۆنگەوە پێویستە چارەسەری ماقووڵ سەبارەت بە دۆخەکەی پێشبخرێت.

دەشێت ئەو پێشنیارانە سەبارەت بە رەوشی خۆم پێشکەش بکەم:

١ لەسەر بنەمای ئەو بەرگریەی لە چوارچێوەی کۆمسیۆنی حەقیقەت و رێککەوتندا پێشکەشی دەکەم، ئازادکردنم پێویستیەکی ئەرك و کارکردنە.

٢ ـ لەچوارچێوەی ئازادیدا، بەڵام لەمیانەی رێکەوتن لەگەڵ بەرپرسیارانی ئەو وڵاتانەی لە سەرەوە ناویان هات، ئەمریکا، ئەوروپا، نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی کورد و کۆماری تورکیا، ئەگەر پێویست بێت نوێنەری وڵاتان و هێزەکانی تریش سەبارەت بە ئامادەکردنی هەموو دەوروبەرە پەیوەندیدارەکانی کورد لەسەرووی هەموویان PKK بۆ چارەسەری دیموکراتیك و گونجاندنیان بەگوێرەی پێویستیەکانی پلانەکە دەرفەتی ئەنجامدانی ئەرکەکانم فەراهەم بکرێت.

٣ بۆ جێبەجێکردنی پێویستییە جیاوازەکانم، لەسەرووی هەمووشیاندا بەجێبوون پێویستە پشتیوانی بکرێت.

لەو چوارچێوەیەدا دەتوانم بۆچوون و پێشنیارەکانم سەبارەت بە رێگەچارەی دیموکراتی و پلاننامەکەی پێشکەش بکەم کە لەلایەن رای گشتی تورکیا و زۆربەی زۆری کوردان بەردەوام گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت و لەمن چاوەڕوان دەکرێت. ئاشکرایە کە لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانین و پێشنیارانەی لەلایەنەوەکانەوە پێشکەش دەکرێن، دەتوانم تێڕوانین و پێشنیارەکانم رەچاو بکەمەوە، بیانگۆڕم و پێشیانبخەم.

بێگومان دوای ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە ـ نەخشە رێگایە وەك گەڵاڵەنامەیەك، هەڵبەتە گرانترین بەرپرسیاری سەرەتا دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی AKP، پەرلەمانی تورکیاو کاربەدەستانی دامودەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەتەوە. ئەگەر هاودەنگیەکی گشتی دروست ببێت، پێویستە یەکسەر لە قۆناخی یەکەمەوە دەست بەکار بکرێت. ئەگەر پێچەوانەی ئەمە رووبدات، لەگەڵ ئەوەی من هیچ کاتێك نامەوێت، بەڵام لە سەرووی هەموویاندا PKKوKCK ناچاردەبن هەنگاو بۆ ئەو قۆناخە بهاوێژن کە بە "بەرخودانی سەرتاسەری لەپێناو پاراستنی هەبوونی کوردان و بەدەستهێنانی ئازادی" ناودەبرێت. باجەکەی چی دەبێت بابێت بۆ ئەوەی رێگا لەوە

بگیرێت، پێویستە بەیەکەوە ڕێگا بە حیسابە سیاسییە ڕۆژانەییەکان و بەرژەوەندی دەسەڵاتخوازان نەدەین، مۆدێل و پلانی گرانەوەی دیموکراتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد جێبەجێ بکەین.

بەشی پێنجەم: ئەنجام

ئەگەر کۆماری تورکیای گەنج لەگەڵ کێشەی کورد بەرەو چارەسەری بچووبوایە، ئەوا بێگومان ئاراستەی مێژوو جیاواز دەبوو. پرۆژە نادیدەکەرەکانی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە کە کوردانیش ڕووبەڕووی چارەنووسی ئەرمەنیەکان بکاتەوە. ڕەوشی سیاسی جیهان و لاوازی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی کوردان جەسارەتیان دایە خاوەنی ئەو پرۆژانە. دڵنیابوون کە ئەو سەرکەوتنەی بەسەر ئەرمەنیەکانیاندا تۆمارکرد، دووبارە بەسەر کوردانیشدا بەدەستی دێنن. بۆرژوازیەتی چینی ناوین و بیرۆکراسیەتەکەی کە مێژووی پێش کۆماریان لە مێشکیاندا سڕیبوویەوە، لە مێژبوو کورد لای ئەوان ژێر خاك کرابوو، چیتر وەك بوونێك لە ئارادا نەبوون، بەڵکو جگە لە ئامرازگەلێکی تێکدەرو خراپەکار بەولاوە گوزارشت لەهیچ شتێکی تر ناکەن. ئیتر دەکرێ سیاسەتەکانی ئاسیمیلاسیۆنیان لەسەر پەیڕەو بکرێت. ئەو پاکتاوە جەستەییەی کە لەسەر ئەرمەنیەکان بەڕێوەچووە، دەتوانن لەسەر بنەمای کلتووری لەسەر کوردانی بەڕێوەببەن. نەوەیەك جێگای باسە کە بەهیچ شێوەیێك لە ڕێبەرەکانی تورکیا ناچێت کە لەهەموو قۆناخەکانی مێژوویاندا لەگەڵ ڕێبەرەکانی کورد ڕێکەوتنی ستراتیژییان پێشخستووە. بەردەوام کۆمار ئەو نەوەیەی گەورەکرد. نکوڵیکردن لەکوردان وەك یاسایەکی بێدەنگی پۆلایین بەدەستهێنانی پێگەی پیاوێتی و دەسەڵات بوو. هیچ پلەو پایەیەك نەمابوو لەسەر بنەمای وازهێنان لەکوردایەتی بەدەست نەهێنرێت. بەتەنیا

لەسەر ئەو بنەمایە دەیانتوانی لە ناو هەموو قۆرخکاریەکانی مۆدێرنیتەدا جێگا بگرن.

تا دەرکەوتنی PKK، نارەزایەتیەکی لاوازو دەنگێکی کپ لەبەرامبەر ئەو نکولێکردن و لەناوبردنە کلتوورییە جێگای باسبوو کە وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە PKK ی دەڕوانی. پێویست بوو ڕوونەدات، بەڵام ڕوویدا. ئەو چارەکە سەدەیەی دوایی کە تەنیا بە وشەی"نائاسایی"و "مەترسیدار" پێناسە دەکرێت، لە ئاستێکی پێویستدا سەلماندوویەتی کە ئەو ڕێگایەی گیراوەتە بەر تەنیا تاوانێك نییە لەبەرامبەر مرۆڤایەتی، بەڵکو لەلایەنی مادی و مەعنەویشەوە تا دواڕادە زیانبەخش و ماڵوێرانکەر بوو. ئەو ڕێگایە سەرکەوتنی نابێت. لە ڕاستیدا کۆمار لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی تەندروستانەی فاکتەرە دیموکراتییەکان دامەزراوە. کوردیش یەکێکە لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی ئەو ڕێککەوتنە. پرۆژەی مۆدێرنیتەی قۆرخکار کە بەدەستی دەوڵەت بەڕێوەدەچوو، بەبڕیاربوو کە هاوپەیمانەکانی تری وەك سۆسیالیست و ئومەتپارێزە ئیسلامیەکان لەناو سیستەمدا نەهێڵێت. لێکەڕینەکانی نەتەوەی لێکچوو(هۆمۆژەن) لە ئاستی هاربووندا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراو هەوڵی جێبەجێکردنی درا.

بە پێچەوانەی بانگەشەکانەوە، ئەندازیاری ئەو پرۆژەیە مستەفا کەمال نییە، بەڵکو کادیرە ئیتیحادگەراکانن. وەك چۆن سوڵتان عەبدولحەمیدیان بەکارهێنا، بەهەمان ئەو تاکتیکانە هەوڵیاندا مستەفاکەمالیش بەکاربێنن. لەناو ئەو کادیرە ئیتیحادگەرایانەدا گەڕان بە دوای پیلانی لەناوبردنی کوردان بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستی گرنگە. هاوپەیمانێتی سێوی سوور کە تا ئێستاش بەرەی نەتەوەگەرا ـ میللیگەرا بەڕێوەی دەبات، ناوەڕۆکێکی فاشیستانەی هەیە، وەك دژە تێزی هاوپەیمانێتی دیموکراتییانەی کاتی دامەزراندنی کۆمار پێشخراوە. کۆمیتەگەرایی و کودەتاکردن شێوازە سەرەکیەکانیان بوو لەناو دەوڵەتدا. لەناو ئەمریکاو پێشتریش لەناو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیدا پشتیوانی باشیان دۆزیبوویەوە. لە"٦٠" ساڵی دواییشدا

لەمیانەی پشتبەستن بە گلادیۆی ناتۆ کۆمەڵگایان لەخوێندا گەوزاند. بەشێوەیەکی سیمبۆلیش بێت، دادگایکردنێ ئەرگەنەکۆن گورزێکی گەورەی لەو هەوڵانەیاندا کە دەیانەویست لەناو دەوڵەتدا ببن بە دەوڵەت. ئەو ڕەوشە لە دۆخی لەناوبردنی ئاغایەتی یەنی چەری سەردەمی سوڵتان مەحمود دەچێت. یەنیچەریەکان کە جگە لە ڕووخاندنی پادشاکان و لەسێدارەدانی سەدرولئەعزەمەکان بەولاتر هیچ سوودێکی تریان نەبوو، لەساڵی"١٨٢٦"دا لە ڕێگای هێرشێکی خوێناوییەوە لەناوچوون. تەنیا بەو شێوەیە ڕێگا لەبەردەم تەنزیمات و مەشروتیەتدا ـ دوو پرۆسەی چاکسازین لە کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ـ کرایەوە.

"یەنیچەریە ئیتیحادگەرا مۆدێرنەکان" کە بەلای کەمەوە خاوەن ڕابردوویێکی سەد ساڵەن، تەنیا بە پاڵنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ڕووخان نەوەستاون، بەڵکو لە ماوەیەکی کورتدا کۆماری تورکیای خاون ڕابوونی دیموکراتییان بۆ دەسەڵاتدارێتیەکی دەستپۆتیك وەرچەرخاند. هەمان زهنیەت و بونیادەکانی بە سیفەتی نەتەوەگەراو میللیگەرایی لەجیاتی پارێزگاری ئیمپریالیزمی ئەڵمانیا، پشتیان بەست بە پارێزگاری ئیمپریالیزمی بەریتانیا و ئەمریکا، ئەمجارەش ئەو شەڕەی لەو دە ساڵەی دوایی لەناو دەوڵەتدا بەناوی ئەرگەنەکۆنەوە لەمیانەی گەلەکۆمەو ئاژاوەگێڕی بێ هاوتاوە بەڕێوەیاندەبرد، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. هۆکارەکەشی ئاشکرایە؛ پشتیوانە سەرەکیەکەیان ئەمریکا دەستبەرداری پشتگیریکردنیان ببوو. لە ڕووسیا، چین و ئێران گەڕانیان بەدوای پشتیوانێك، هەروەها گەمەی ئەوراسیاچیەتی جێگای سەرنج نەبوو. یاریکردنیان بە کارتی کەمالیزمیش لە ئاستی کاریکارتێردا مایەوە. هەرچەندە هێزی بەرگریکردنیشیان نەبێت، بەڵام پێویستە وەك زهنیەت و بونیادی بیرۆکراتیك، پاشماوەو نوێنەرە سیاسیەکانیان بچووك نەبینرێت. هەرچەندە نەتوانن لەناو دەوڵەتدا سەرلەنوێ هەژموونگەرایی خۆیان ئاوابکەنەوە، بەڵام دەتوانن گرانەوە دیموکراتیەکانی تورکیا بشێوێنن و بێناوەڕۆکی بکەن، لە ئاراستەی

چارەسەرکردنی دەربخەن و پووچەڵی بکەنەوە. لەوانەیە ئەزموون و هێزەکەیان بەشی ئەوە بکات.

گۆڕانکاریەکانی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و تورکیا ڕوودەدەن، ئەو قەیران و کێشانەی کە ڕێگایان لەبەردەم گراوەیە، تەنیا لەمیانەی گرانەوەی دیموکراتییانەی فراوانەوە چارەسەر دەکرێت. لەم بوارەوە هزرو بونیادی تورکیا چانسی بوون بە مۆدێلی هەیە. هاوشێوەی ئەو مەرجانەی ڕێگایان لەبەردەم لە دایکبوونی کۆمار کردۆتەوە، ئەمجارەش بۆ وەرچەرخانی دیموکراتی کۆمارو کرانەوەی دیموکراتی جێگای باسە. جارێکی دیکە خۆ دووبارەکردنەوەی مێژوو دەسەلمێنرێت، بەڵام بەشێوەیەکی نوژەنەوە. دەشێت هەمان شت سەبارەت بە کوردانیش بگوترێت. جارێکی دیکە ڕووبەڕووی بینینی یەکێك لەو ڕۆڵانەن کە لە تەواوی هاوپەیمانێتییە مێژووییەکانی ئەنادۆڵ ـ میزۆپۆتامیادا بینیویانە. ئەوانیش ئیتر کوردی جاران نین. خۆیان نوێکردۆتەوە، ڕێکخراون و خاوەن چالاکین. هەروەها کۆنەپەرستی ناوخۆ، مەحافازەکارو پیلانگێڕەکانی هەردوو لایەنەکە لەوانەیە بیانەوێت درێژە بە ڕۆڵە مێژووییەکەیان بدەن.

ئەمریکای هێزی هەژموونگەرایی جیهانی، دەزانێت کە لە ڕێگای گلادیۆی ناتۆوە ناتوانێت سەرکەوتووبێت. دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆڤیەت مانای گلادیۆ نەمابوو. لە ئەنجامی هەوڵە زۆرەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا، تاکو تشرینی دووەمی "٢٠٠٧" سەبارەت بە هەبوونی گلادیۆ لە تورکیا رازیکران. لە ڕاستیدا PKK "٢٥" ساڵی دوایی بەشەڕکردن لەگەڵ گلادیۆی تورك بەسەر بردبوو کە لەژێر چەتری ناتۆدابوو. ئاستی مەترسیداری ئەو کارە، لەوەدایە تازە بەتازە دەرکی پێدەکرێت کە بەناو دووەمین کارەساتی هاوشێوەی ئەرمەنیەکان دەرباز بووین. بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل و یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان، لەگەڵ گلادیۆی ڕابردوو لەناو ناکۆکی دابوو. ئەو ڕێکەوتنە نوێیەی لەگەڵ دامودەزگاکانی کۆماری تورکیاو حکومەتەکەیدا ئەنجامیاندا، بەلانی کەم لەسەر بنەمای دژایەتی

کردنی گلادیۆی کۆن و دەربازکردنی بوو. لەبەر ئەوەش دیارترین کۆسپی دەرەکی بەردەم کرانەوە دیموکراتیەکانی تورکیا لاواز دەبوو. چیتر کودەتاچی و پیلانگێڕەکان وەك رابردوو پشتگیریان لێناکرێت. بەڵام ناشێ لەبیریش بکرێت کاتێك پێویست بکات ئەوا لەدەست بەکارهێنەرەکانیان لە ئامادە باشیدان. وەك چۆن کۆماریش سەرەتا لەمیانەی پاشماوەی هاوشێوەوە هەوڵی ئاستەنگکردنی درا، دوای دامەزراندنیش بۆ بەربەستکردنی پێشکەوتنەکەی سوود لەو جۆرە بونیادانە بینرا، ئەگەری هاوشێوە لەبەردەم دیموکراتیزەبوونیشدا هەیە. ئەگەر مێژوو گەنجینەیەکی بێ هاوتای پەندو وانە بەخش بێت بۆ ئێستای بەرامبەری وەك دەرفەتێکی ئازادی، دەتوانرێت هەتا دوایی سوودی لێ وەربگیردرێت.

هەڵمەتی KCK ی کوردان کە خۆیان نوێکردۆتەوەو بۆ کرانەوەکانی شارستانێتی دیموکراتی ئامادەیەو "PKK"ش کە وەرچەرخانی دیموکراتییانەی ئەنجامداوە، گونجاوترین ئامرازی ئاشتی شەرەفمەندانەو سیاسەتی دیموکراتییانەیە نەك شەڕ. ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەی مانای گەرەنتیەکی بەهێزی تورکیای دیموکراتیشە. ڕێککەوتنی مێژوویی نێوان ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا، لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا وەك تورکیای دیموکراتی و کوردستانی ئازاد، ئازاری لەدایکبوون بەخۆیەوە دەبینێت. بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ تێکدەرەکانی ناوخۆو دەرەوە نەڕەخسێت، تۆزێك گوێ لە مێژوو بگرین بەسە. ئەوانەی دەزانن گوێ بگرن، مێژوو قیبلە نومای ڕاستییەو قەت هەڵە ناکات. هەرچی پشتبەستنە بە کۆمەڵگاو خەڵکی وڵاتی دیموکرات و ئازادیش، بەردەوام سەرچاوەی هێزو ئیلهامە بۆ ئەوانەی دەزانن تێکۆشان بکەن.

لە ڕەوشی جێبەجێکردنی "کرانەوەی دیموکراتی و مۆدێلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد" کە دەتوانێت ببێتە وەڵامی ڕاستیەکانی مێژوو و هەلومەرجی ئێستای تورکیا، ئەوا تەنیا بە مانای ئازادتر هەڵقووڵانی مێژوو بۆخۆی سنووردار نابێت، بەڵکو دەبێتە ڕێگای پێشکەوتنی دیموکراتی، ئازادو یەکسانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش. پێشکەوتنی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی لەبەرامبەر

دەستبەسەرداگرتن و داگیرکاری فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەسەر کلتووری ناوچەکە، ئەوا دەرفەت و هێزی وەرچەرخان بۆ سیستەمێکی گونجاو لەگەڵ ڕاستینە مێژووییەکانیدا بەدەست دەخات. لەوانەیە بۆ جاری یەکەم مێژوو لە نووسینەوەی مێژووی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکاری و هەرجۆرە فەتحکردنێك ڕزگاری ببێت، وەك مێژووی کۆمەڵگایەك بنووسرێتەوە کە لە ژیانی تاکە دیموکرات، یەکسان ـ ئازادەکان پێکهاتبێت.

١٥ ئابی ٢٠٠٩

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان

زیندانی تاکە کەسی دورگەی ئیمرالی



دەوڵەت ـ نەتەوە لەناو پەیوەندی و ناکۆکیەکانیدا جیاوازی و هەمە
رەنگیەکانی کۆمەڵگا پەسەند ناکات، بەڵکو یەکرەنگی و لێکچوونی
هەر گروپێک لەگەڵ گروپەکانی تر بەبنەما دەگرێت. ئاشکرایە
کە ئەو تیۆریەی نەتەوە بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای فاشیزمە.
هزر و تیۆری نەتەوەی دیموکرات زۆر جیاوازترە و خاوەن پێناسەی
نەتەوەیەکە کە لە تاک و گروپە فرە زمان، ئایین، نەتەوە و
کلتوورە جیاوازەکان پێکدێت.